# چیرۆكی گیانداران
# لەقورئانی پیرۆزدا

## ( 1 ـ ١٧ )

نووسینی

حامد حسین فلاح

وەرگێڕانی

سۆران محمد غریب

بسم الله الرحمن الرحيم

*نـــاوی کتێـــب : چـــیرۆکی گیانـــداران لـــه قورئانی پیرۆزدا

* نووسینی : حامد حسێن فلاح

* وەرگێڕانی : سۆران محمد غریب

* ساڵی چاپ ( 1421 ك ـ 2000 ز )

* ژمارەی سپاردن (         ) .

# پێشەکی

کاتێ خوای پەروەردگار قورئانی پیرۆزی ناردە خوارەوە بۆ سەر زەوی تا ژیانی مرۆڤەکان بەپێی ئەو قورئانە بەڕێوە بچێت ، لەم قورئانە پیرۆزەدا خوای کار بەجێ باسی هەموو پێویستی بوارەکانی ژیانی مرۆڤی کردوە ، وە یەکێ لەو باسە گرنگانەی قورئان بریتیە لەگێڕانەوەی ڕوودا و چیرۆکی گەلانی تر بۆ ئێمە تا پەندی لێ وەربگرین نەك وەکو چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بۆ بە سەربردنی کات بیان خوێنینەوە .

ئاشکرایشە گەورەترین خزمەت بریتیە لەخزمەت کردنی قورئان ، ئێمەش بەش بەحاڵی خۆمان و وەکو خزمەت کردنێك بەو بوارەی قورئان ئەم چیرۆکانەمان وەرگێڕا بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی و کردمانە ئەم کتێبەی بەردەستت ، شایەنی باسیشە ئەم کتێبەی ( حامد حسين فلاحی ) بریتی بوو لە ( 17 ) چیرۆکی قورئانی لە ( 17 ) نامیلکەی بچووکدا ، ئەوەبوو لەسەرەتادا دوو نامیلکەی بەرگی ( 1 ، 2 ) م بەکوردی بڵاوکردەوە بەڵام لەسەر داوای چەند برایەك بڕیارمدا بکرێت بەکتێبێك هەر ( 17 ) چیرۆکەکە لەدوو تویی

ئـەو کتێبـەدا جێـی خـۆی بکاتـەوە کـە ئەمـە شـتێکی گونجـاوە و زۆریش چاکە .

ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە نووسینەکەمان ڕاستە و خۆ کردوە بـەکوردی لەهەنـدێ جێگـادا نـەبێ کـە دەسـکاری ووشـە و تـەعبیری ڕستەمان کردوە کەشـێوازی نووسـین داخـوازی دەکـات وە بـۆ زیـاتر بەپێز کردنی بابەتەکە هەندێ شـت کـە لەنوسـخە عەرەبیەکـەدا بـاس نـــەکراوە و شـــوێنی ئامـــاژە پێکردنـــە ئاماژەمـــان پێکـــردوە و لەپەراوێزەکاندا دیاریمان کردوە ، هیچ کەسـیش بێهەڵـە نیـیـە بۆیـە ئەگـەر هەڵەشـی تیـابوو داوا لەپـەروەردگار دەکـەم لەهەڵـەکانمان ببورێت و ئەم کارەمان لێ وەربگرێت و بیکاتە توێشووی دوا ڕۆژ .

**سۆران محمد غریب**

2000/9/5

# ( ١ ) مانگاکەی
# بەنی ئیسرائیل

# مانگاکەی بەنی ئیسرائیل

ڕۆژێـــك لـــەڕۆژان پیاوێـــك لەبـــەنی ئیـــسرائیلیەکان کـــوژرا نـــاکۆکی و دووبەرەکیان تێکـەوت هـەموو کۆمـەڵێك هـەوڵی ئـەوەی دەدا تاوانەکـە لەسـەر خـــۆی لابـــدات [1]. پاشـــان هـــاتن بـــۆ لای پێغەمبەرەکـــەیان ( موســـا ) ( علیه السلام ) تا حوکم بکات لەنێوانیاندا وە بکوژەکە دیاری بکات .

موسا ( سەلامی خوای لێبێت ) هەستا نوێـژی کـرد و کڕنوشـی بـرد بـۆ خـوای گەورە داوای لێکرد کە حەقی بۆ دەربخات تا بکـوژ پاداشـتی تاوانەکـەی خـۆی وەرگرێ وە کۆتایی بەونا کۆکیەی ناو بەنی ئیسرائیلیەکان بێت ، خوای گەورە نیگای نارد بۆ موسا ( سەلامی خوای لێ بێت ) کە فـەرمان بـدات بەقەومەکـەی مانگایەك سەربڕن ، پاشان هەندێك لەمانگا سەربڕاوەکە بکێشن بەکوژراوەکـەدا ئەگـەر ئـەوەیان کـرد کوژراوەکـە زینـدوو دەبێتـەوە بەفـەرمانی خـوای گـەورە بکوژەکەیان ( قاتل ) پێدەڵێ .

موسا ( سەلامی خوای لێ بێت ) بەقەومەکەی فەرموو : ﴿ **ان الله یـــأمرکم ان تذبحوا بقرة** ﴾ خوای گەورە فەرمانتان پێدەدات کـە مانگایـەك سـەربڕن ، لەسەر بەنی ئیسرائیلیەکان پێویست بوو فەرمانی خوای گەورە جێبەجێبکەن ، مانگایەك سەربڕن ، هەر مانگایـەك بێـت ، بـەڵام ئـەوان بەسـەر سـوڕمانەوە

---

[1] ئەو پیاوە ی کە کوژرا پیاوێکی دەوڵەمەند بوو لەناو بەنی ئیسرائیلیەکاندا برازاکانی بەتەماعی ماڵەکەی کوڕەکەیان کوشت بەدزیەوە و لەقەراغی ئاوەدانی فڕێیاندا ئینجا خـەڵکیات تۆمـەت بـار دەکرد بەکوشتنی .

لەموسایان پرسـی : ﴿ اتتخذنا هزواً ﴾ ئایـا گالتـەمان پێدەکـەیت ؟! مانگـا پەیوەندی بەم کوژراوەوە چیە ؟! موساش ( سەلامی خوای لێبێت ) پـەنای بـەخوا گـرت لـەبێ عـەقڵی قەومەکـەی چـونکە ئـەوان دەیـانزانی کـە موسـا پێغەمبـەری خوایـە ئـەم فەرمانـەش هـی خـوای پـەروەردگارەوە موسـا تـەنها گەیاندنی لەسەرە .

موسا فـەرمووی : ﴿ قال اعوذ بالله ان اكون من الجاهلين ﴾ پـەنا بـەخوا ئەگەر من لەنەفامان بم ، فەرمانەکـە هـەمووی ڕاسـتە مانگایـەك سـەربڕن هـەر مانگایەك بێت بچووك بێت یـان گـەورە سـپی بێـت یـان ڕەش یـان زەرد ئەگـەر ئێوە ئەوەتان کرد ئەوە وەڵامی فەرمانی خواتان داوەتەوە ، بـەڵام دڵـی بـەنی ئیـسرائیلیەکان ڕەق بـوو خـوای گـەورەش لەبارەیانـەوە فەرموویـەتی : ﴿ ثم قست قلوبكم من بعد ذلك فهي كالحجارة او أشد قسوة ﴾ بقـرة : 74

پاشـان دڵـەکانتان ڕەق بـوو دوای ئـەوە دڵـەکانتان وەکـو بـەرد و لەبـەرد ڕەقـترە ، ﴿ قـالوا ادع لنـا ربـك يـبين لنـا مـاهي ﴾ ووتیـان : داوا لەپەروەردگارەکەت بکە بۆمان ڕوون بکاتەوە چۆنە ئـەو مانگایـە ؟ ، موسـاش ( سـەلامی خـوای لێبێـت ) پێـی وتـن : مانگایەکـە و بـەس ، ئینجـا موسـا ( سەلامی خوای لێبێت ) داوای لـەخوا کـرد خـوای گـەورەش نیگـای بـۆ کـرد فـەرمووی : ﴿ انها بقرة لا فارض و لابكر عوان بـين ذلـك ﴾ مانگایەکـە تەمەنی گەورە نیە و بچووکیش نیە ، مام ناوەنـدە لـەنێوان ئـەو دوانـەدا ، پاشان موسا ( سەلامی خوای لێبێت ) ترسـاندنی بـە ﴿ فافعلوا ماتؤمرون ﴾ ئەوەی فەرمانتان پێکراوە بیکەن ، بەڵام ئەوان بـەردەوام پرسـیار دەکـەن و و

پرسیارن : ﴿ قالوا ادع لنا ربك يبين لنا مــا لونهــا ﴾ داوا بکـه لەخواکـەت بۆمـان ڕوون بکاتــەوە ڕەنگەکـەی چۆنە ؟ خـوای گـەورەش بـەڕوونی وەڵامـی دانـەوە ﴿ قال انه يقول انها بقرة صفراء فاقع لونها تسر الناظرين ﴾ ڕەنگـی مانگا داواکراوەکە زەردێکی سافە وە دوای ئەوەش عەیب و نوقسانی تیا نیـیە سەیرکاران دڵخۆش دەکات بەجوانی و ڕێك و پێکی لاشەی ، پێویست بوو بەنی ئیـسرائیلیەکان پرسـیاری تـر نەکـەن و بگـەڕێن بـەدوای مانگایـەکی تەمــەن ناوەندیـدا ڕەنـگ زەردێکـی گـەش ، سـەری بـبڕن ، بـەڵام بۆجـاری سـێهەم لەموسـایان پرسـی ﴿ قالوا ادع لنا ربك يبين لنا ماهي ان البقرة تشابه علينا وانا ان شاء الله لمهتــدون ﴾ داوا لەخواکـەت بکـە بۆمـان ڕوون بکاتـەوە ئـەو مانگایە لێمان تێکچووە ، وە ئەگەر خوا بیەوێ ئێمە ڕێنمایی کراوین ، مانگاکە تەمەنی مام ناوەندیە ڕەنگی زەردی زۆرە ، ئێمە نازانین کام مانگایە سـەربڕین ، بەم شێوەیە بەنی ئیسرائیلیەکان فـەرمانی خوایان لەسـەر خۆیـان قـورس و گران کرد خوای گەورەش لەسەری قورس کـردن ﴿ قال انه يقول انهــا بقــرة لاذلول تثير الارض ولا تسقي الحرث مسلمة لاشــية فيهــا ﴾ فـەرمووی : مانگایەکە زەلیل نیـیە و نەخراوەتـە ژێـر جووتـەوە زەوی پـێ بکێڵـرێ ، یـان نەخراوەتە ژێر شـتی تـرەوە وەکـو نـاعور بـۆ ئـاودانی کـشتوکاڵ ، وە ڕەنگـی زەردێکی سافە هیچ ڕەنگێکی تری تێکەڵ نەبووە ، ڕەنگی هیچ تێك نەچـووە . لێرەدا بەنی ئیسرائیلیەکان ملکـەچ بـوون بـۆ فـەرمانی خـوای گـەورە ، گـەڕان بەدوای مانگاکەدا تا دۆزیانەوە ، مانگایەك وەکو ئەوەی خوای گـەورە وەسـفی کردبوو ، تەمەنی ناوەندی بێت ، ڕەنگی زەرد بێت ڕەنگی تری تیا نەبێت جگە لەڕەنگی زەرد ، لاواز نەبێت ، هیچ عەیبی تێدا نـەبێت گـەردن کـەچ نـەبێت بـۆ

کێڵانی زەوی و ئاودانی کشتوکاڵ ، پاشان بەنی ئیسرائیلیەکان مانگایەکیان هێنا کە ئەو وەسفانەی تێدابوو سەریان بڕی و هەندێکیان دا لەکوژراوەکەوە و خوا ڕۆحی بۆ گەڕاندەوە و قسەی کردو ووتی :
فلاّن کوشتمی ﴿ کوڕی مامەکەم ﴾ .

## پەند و ئامۆژگاری

( 1 ) خوای گەورە فەرمانیدا بەبەنی ئیسرائیلیەکان مانگایەك سەربڕن جگە ئاژەڵیتر چونکە ئەوان مانگایان دەپەرست ، وەویستی ئەو گەورەیی و مەزنیەتیەی مانگا لەدڵیاندا دەربێنێ ، بەنی ئیسرائیلیەکان گوێرەکەیان دەپەرست دوای ئەوەی موسا ( سەلامی خوای لێبێت ) ڕۆیشت بۆ کێوی **طور** بۆ خزمەت خوای گەورە ، هاروونی برای بەجێ هێشت و کردی بە جێنشینی خۆی لەناویاندا پیاوێك کەناوی ( سامری ) بوو گوێرەکەیەکی لەئاڵتون بۆ دروست کردن کە دەنگی لێوە دەردەچوو پێی وتن : ئەمە خوای ئێوە و خوای موساشە ... !!! ئەوانیش پەرستیان ! ﴿ **واذ واعدنا موسى اربعين ليلة ثم اتخذتم العجل من بعده وانتم ظالمون** ﴾ کاتێ کاتمان دیاری کرد بۆ موسا چل شەو ، پاشان ئێوە گوێرەکەیەکتان لەدوای ئەو دانا ئێوە ستەمکار بوون .

( 2 ) موسا بەبەنی ئیسرائیلیەکانی فەرموو : ﴿ **ان الله يـــــامركم ان تذبحوا بقرة** ﴾ خوا فەرمانتان پێدەدات مانگایەك سەربڕن ، ئەگەر ئەوان گوێ ڕایەڵ و ملکەچ بوونایە بۆ فەرمانی خوا وەك ئەوەی هاتە خوارەوە ئەوا

خێری تیابوو بۆیان بەڵام ئەوان لەسەر خۆیان قورس کرد خواش لەسەری قورس کردن ، پاش ئەوەی خوا فەرمانی سەربڕینی مانگایەکی پێکردبوون ، هەر مانگایەك بوایە ، دوایی کارەکە وای لێهات بو بە مانگایەکی دەست نیشان کراو ، نەدەبوو هەر مانگایەك بوو سەری ببڕن .

( 3 ) لەم چیرۆکەدا توانای خوای گەورە دەردەکەوێت لەزیندوو کردنەوەی مردواندا وەگەڕانەوەی ڕوح بۆ کوژراوەکە ، قسەی کرد و بکوژەکەی دەست نیشان کرد ، هەروەکو چۆن خوا ئەم مردوەی زیندوو کردەوە ئاوا لەڕۆژی دواییدا هەموو خەڵکی زیندوو دەکاتەوە لەگۆڕەکانیاندا دێنە دەرەوە تا حسابیان لەگەڵدا بکرێت لەسەر کردەوەکانیان هەرکەس کاری باشی کردبێ دەچێتە بەهەشتەوە هەرکەسیش کاری خراپی کردبێ دەچێتە دۆزەخەوە ﴿ **كذلك يحي الله الموتى ويريكم اياته لعلكم تعقلون** ﴾ .

خوای گەورە ئاوا بەڵگەکانی خۆیتان نیشان دەدات تا ئێوە عاقڵ بن .

## پرسیار

1- سیفەتەکانی ئەو مانگایە چی بوو کە بەنی ئیسرائیلیەکان سەریان بڕی ؟ .

2- بۆچی سەریان بڕی ؟

3- کێ ڕوحی گەڕانەوە بۆ کوژراوەکە ؟ وە ئەم موعجیزەیە دەلالەت لەسەر چی دەکات ؟

4– ئایا لەقورئاندا سورەتێ هەیە ناوی ( سورەتی بقرة ) بێت ؟ .

# ( ٢ ) قەلەڕەش لەگەڵ
# قابیل و هابیل

# قەلەڕەش
# لەگەڵ قابیل و هابیلدا

ئەم قەلە ڕەشە گیانداریکە خوای گەورە ناردی بۆ قابیلی کوڕی ئادەم تـا فێـری بکـات چـۆن هـابیلی بـرای بـشارێتەوە دوای ئـەوەی کوشـتی ، ئـەم چیرۆکە لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە باوکمان ئادەم و خێزانەکـەی ( حـەوا ) ( سەلامی خوایان لێبێت ) دەرکران و نێران بۆ سەرزەوی دوای ئەو ڕووداوەی کە شەیتان هەڵی خەڵەتاندن و ئەو دارەی لەبەرچاو جـوانکردن ، لـەو دارەیـان خوارد کە خوای گەورە لەسەری حەرام کردبوون .

لەسەرزەویدا خوای گەورە دوو کوڕی بەخشی بە ئـادەم کـە هابیـل و قابیـل بوون . هابیل کوڕێکی لەخواترس و ساڵح و نەفس پاك بـوو ، دڵ و دەرونێکـی پاك و بێگەردی هەبوو ، بەڵام قابیل خـاوەنی دڵ و دەرونێکـی پـیس بـوو دڵـی پڕبوو لەڕق و شەڕ .

ڕۆژێـك لـەڕۆژان ئـادەم ( سـەلامی خـوای لێبـێ ) فـەرمانی دا بەهـەردوو کوڕەکەی کە هەریەکەیان قوربانیەك بکەن ، واتە هەریـەك لـەوەی کـە هەیـەتی پێشکەشی بکات لەبـەر ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە ، قابیـل جووتیـاربوو زەوی دەکێلا لەکشتوکاڵەکەی خـراپترین بـەروبوومی هێنـا کـردی بـەقوربانی ، بـەڵام هابیل شـوان بـوو مـەڕی دەلەوەڕانـد بـەرانێکی قەڵـەوی هەڵبـژارد کـە خۆشـی دەویست و زۆر دڵی پێـوەی بـوو پێـشکەشی کـرد . خـوای گـەورە بەرانەکـەی هابیلی قبوڵ کرد ، لەبەرئـەوەی لەبـەر ڕەزامەنـدی خـوا پێشکەشی کردبـوو و لەوبەشـــەی بەخـــشی بـــوو کـــە خۆشـــی دەویـــست ، بـــەڵام خـــوای گـــەورە

کشتوکاڵەکەی قابیلی وەرنەگرت لەبەرئەوەی لەبەرڕەزامەندی خوا نەبوو [1] .
قابیل تورەبوو شەیتان چووە بن کلێشەیەوە خستیە مێشکیەوە کە خوا هابیلی لا بەڕێزترە ، بۆیە پێویست دەکات براکەی بکوژێت ، قابیل بەهابیلی برای وت : ﴿ لاقتلنك ﴾ دەت کوژم ! هابیل وەڵامی دایەوە و وتی : ﴿ انما يتقبل الله من المتقين ﴾ خوای گەورە لەوکەسانەی وەردەگرێت کەنیەتیان پاکە .

هابیل بەقابیلی وت : ئەگەر تۆ پیاوێکی ساڵح بویتایە خوای گەورە قوربانیەکەی لێقبوڵ دەکردیت بەڵام خوا دەزانی چی لەدڵە پیسەکەیدایە لەشەڕ و خراپە لەخۆت بپرسە بۆچی قوربانیەکەی لێوەرنەگرتیت ؟ لەوانەیە تاوانێکت کردبێت بگەڕێرەوە بۆلای خوا و داوای تەوبەو لێخۆش بوونی لێبکە .

پاشان هابیلی لەخوا ترس بەردەوام بیری براکەی دەخستەوە کەخوا سزای بۆ ئەو کەسانە داناوە کە لەسنوور دەردەچن و ستەم دەکەن ، پێی ڕاگەیاند بۆیە خوا قوربانیەکەی لێوەرنەگرتیت چونکە لەخواترس نیت و بیری خستەوە کە چ تاوانێك دەخاتە ئەستۆی خۆی ئەگەر بیکوژێ و ترساندی لەسزای ئاگر لەڕۆژی دوایی‌دا ، لەپاش هەموو ئەم ئامۆژگاریانەو بیرخستنەوانە نەفسی قابیل کوشتنی براکەی لاپەسەند کردو ﴿ فاصبح من الخاسرين ﴾ چووە ڕیزی خەسارەت مەندانەوە ، براکەی لەکیس چوو ، دنیای لەکیس چوو ، چ مژدەیەك هەیە بۆ بکوژ لەژیاندا ، و دوا ڕۆژیشی لەکیس چوو و تاوانێکی

[1] ئاگرێ هات لەئاسمانەوە و قوربانیەکەی هابیلی برد بەئاسماندا ئەوە نیشانەی قبوڵ بوونی قوربانی بوو، وە ئەوەی قابیل لەسەر زەوی مایەوە .

گەورەی خستە ئەستۆی خۆی کوشتنی نەفسێکی بێتاوان بەبێ حەق ، قابیل وەستابوو سەیری برا کوژراوەکەی دەکرد کە بوبو بەلاشەیەکی بێگیان هیچ جوڵە و ژیانی تیا نەبوو ، چی لێبکات ؟ ئایا وازی لێبێنێ لەوشوێنەی خۆیدا و بگەڕێتەوە بۆماڵەوە ؟ ئایا لەگەڵ خۆی هەڵی بگرێت ؟ ئایا چی بەباوکی ( ئادەم ) بڵێ ؟ لەم کاتەدا قابیل لەگێژاوی بیرکردنەوەدا بوو خوای گەورە قەلە ڕەشێکی نارد هات زەوی هەڵکۆڵی و قابیل سەیری کرد [1] ، لێرەدا قابیل هەستی بە بێدەسەلاتی و لاوازی خۆی کرد کە ئەو وای گومان دەبرد کە زۆر بەتوانایە دوای ئەوەی کە براکەی کوشت .

ئەوەتا ئێستا دەسەلاتی ئەوەی نییە زیرەکی ئەو قەلەڕەشەی هەبێ و چاڵی هەڵبکەنێ و براکەی بشارێتەوە ، ئەوەتا ئەو قەلە ڕەشە ئەو باڵدارە بچووك و لاوازە فێری دەکات ، ئای کە قابیل بێ دەسەلاتە ﴿ **قال يا ويلتا اعجزت ان اكون مثل هذا الغراب فاواري سوءة اخي فاصبح من النادمين** ﴾ قابیل ووتی : هاوار بۆ من ئایا من ناتوانم ببم بە گیان لەبەرێ وەکو ئەم قەلە ڕەشە و چاڵی هەڵبکەنم بۆ براکەم ، وە قابیل بوو بە مرۆڤێکی پەشیمانی پەرێشان ، ئەمە یەکەم تاوانی کوشتن بوو لەسەر زەوی .

---

[1] بیضاوی دەڵێ : خوا دوو قەلی نارد شەڕیان کرد یەکێکیان ئەوی تریانی کوشت و بەدەنوك چاڵی بۆ هەڵکەند و شاردیەوە .

## پەند و ئامۆژگاری

( 1 ) خوای گەورە تەنها کردەوەی لەخواترسان وەردەگرێت ، ئەوانەی کە دڵسۆزن لەپەرستنەکەیاندا هیچ کەس ناپەرستن جگە لەخودا ، ئەوانەی کەلەکردەوەکانیاندا تەنها خوایان مەبەستە هیچ شتێك تێکەڵ ناکەن بەکردەوەکانیان لەهاوبەش بڕیاردان و ڕوپامایی ، لەبەرئەوە خوا قوربانیەکەی هابیلی قبوڵ کرد و ئەوەی قابیلی ڕەت کردەوە .

( 2 ) کوشتنی نەفس لەگوناهە گەورەکانە ، خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ ومن يقتل مؤمناً متعمداً فجزاؤه جهنم خالداً فيها و غضب الله عليه ولعنه وأعد له عذاباً عظيماً ﴾ نساء : 93 . هەرکەس موسڵمانێك بە ئەنقەست بکوژێت پاداشتەکەی دۆزەخە بەهەمیشەیی تیا دەمێنێتەوە و خوای گەورە خەشمی لێی دەبێتەوە و نەفرینی لێدەکات و سزایەکی گەورەی بۆ ئامادە کردوە ، و پێغەمبەری خوا ρ دەفەرموێت : ﴿ اكبر الكبائر الاشراك بالله وقتل النفس وعقوق الوالدين ﴾ رواه البخاري : كتاب الايمان والنذور .

گەورەترین تاوان هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوا وە کوشتنی نەفسە و ئازاردانی دایك و باوکە .

# پـــرســـيار

1- بۆچی خوای گـەورە قوربانیەکـەی هـابیلی وەرگـرت و بـەڵام قوربانیەکـەی قابیلی وەرنەگرت ؟ .

2- کێ قابیلی فێرکرد بچێت براکەی بشارێتەوە ؟

3- کوشــتنی نــەفس لەتاوانــە گەورەکانــە ، ئایــا جۆرەکــانی تــری گوناهــە گەورەکان دەزانی ؟

4- ئەم ئاژەڵانە ناویان هاتووە کامیان سورەتێ لەقورئاندا بـەناوی ئەوەوەیـە ؟

( قەلەڕەش ، مێرووله ، ووشتر ، هەنگ ، مانگا ) .

# ( 3 )

# سەگەکە

# سەگەکە لەگەڵ اصحاب الكهف دا
# ( هاوەڵانی ئەشکەوت )

ئەم سەگە بەخەوتوویی سێسەد و نۆساڵ مایەوە . ئەمە هەواڵێکی غەریبە . ئایا وانییە ؟ بەڵام ئەمە هەواڵێکی ڕاستە بەڕاستی باوەڕی پێدەکەین لەبەرئەوەی لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە ( باس کراوە ) هەرشتێکیش لەقورئاندا هاتبێ ڕاستە و گومانی تێدانییە لەبەرئەوەی ووتەی خوای پاك و بێگەردە .

ئەم سەگە / سەگی ( اصحاب الكهف ) ە ئەو کۆمەڵە گەنجەی باوەڕیان بەپەروەردگاری خۆیان هێنا جیابوونەوە لەقەومەکەیان کە بتیان دەپەرست ڕۆیشتن لەشارەکە پەنا یان بردە بەرئەشکەوتێك لەیەکێ لەچیاکاندا وەداوایان لەخوای پاك و بێگەرد کرد کە جێگیریان بکات لەسەر هیدایەت و ڕێنمایی .

بۆچی ئەم کۆمەڵە گەنجە صالحە لەشار دەرچوون و ڕۆیشتن بۆ ئەشکەوت ؟

باگوێ بگرین بۆ چیرۆکەکە لەسەرەتاکەیەوە :

لەوشارەدا پادشایەك هەبوو لەگەڵ خەڵکەکەدا بتیان دەپەرست بتیان دروست کردبوو لەبەرد وە دایان نابوو لەپەرستگادا ( معبد ) خەڵك سوجدەی بۆ دەبردن ، وەقوربانیان بۆ سەر دەبڕین وەداوایان لێدەکردن کەڕزقیان بدەن و ئازاریان لێدوور بخەنەوە و سەریان بخەن بەسەر دوژمنەکانیاندا .

لەوشارەدا کۆمەڵێك گەنج دەژیان ، ڕۆژێك پادشا حازربوو لەشوێنێکی گەورەدا دەوری درابوو بەسەربازکانی خزمەکانی، پادشا چووە ناو

پەرستگاکەوە لەبەردەم بتەکانەوە وەستا پاشان سوجدەی بۆ بردن لەدوای پاشاوە خەڵکەکەش سوجدەیان بۆ بتەکان برد تەنها گەنجێك نەبێت وەستابوو وەسوجدەی نەبرد هەندێ گەنجی تر بینیان بەڵام پادشا نەیبینی ! .

ئینجا پادشا سواری عەرەبانەکەی بوو وەگەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی ، گەنجەکان ڕوویان کردە ئەو گەنجەی کە سوجدەی نەبرد بۆ بتەکان و لێیان پرسی :

بۆچی سوجدەت بۆ بتەکان نەبرد وەکو هەموو ئەو خەڵکەی سوجدەیان بۆ برد ؟

گەنجە کە ووتی : چۆن سوجدە بەرم بۆ شتێك لەبەرد دروست کراوە نەدەبینێ و نەدەبیستێ و نەقسەدەکات نەسوود دەگەیەنێ بەکەس نەزیان لەکەس دوور دەخاتەوە و نەشت بەکەس دەبەخشێ ونەمەنعی شتیش لەکەس دەکات ونەکەس زیندوودەکاتە ونە کەس دەمرێنێت !

وتیان : کافریت بەخوای پادشا ؟

وتی : بەڵێ بەڕاستی لەکاتێکدا کەمن چوم بۆ ( بیابان ) ( چۆڵەوانی ) و بیرم کردەوە لەگەورەیی دروست کردن و جوانی ئەستێرەکانی لەنەفسی خۆمم پرسی ؟ کێ ئاسمانی دروستکردوە ؟ کێخۆر و مانگی دروستکردوە ؟ وەکێ زەوی ڕاخستوە کشتوکاڵ و داری تیا ڕواندوە ؟ وە کێ من و هەموو خەڵك و پادشای دروست کردوە ؟ ئەوبتانە بەردێکی کەڕن ناتوانن هیچ شتێك دروست بکەن ، بەڕاستی هەیە بۆ ئەم کەونە دروستکەرێکی تاك کە ئەویش خوایە

گەنجەکان بڕوایان بەخوا هێنا و کافربوون بەخواکانی شارەکە و وتیان :

ـ ﴿ ربنا رب السموات والارض لن ندعو من دونه الهاً ﴾

( خوای ئێمە خوای ئاسمانەکان و زەویە جگە لەو خوایەکیتر ناپەرستین )

لەیەکێ لەکۆبوونەوە نهێنیەکانی پادشادا هەواڵی ئەو کۆمەڵە گەنجە کەبڕوایان بەخوا هێنابوو باسکرا و وتیان :

ـ ئەی پادشا ئەوان خواکانی ئێمە ناپەرستن بەڵکو خوایەکی تر دەپەرستن و دەڵێن ئەو خوایە ئێمەش و پادشاشی دروستکردوە پادشا توڕەبوو ، فەرمانیدا بەهەندێ لەسەربازەکانی کەبچن ئەو گەنجانەی بۆ بهێنن بەلام هەواڵەکە بەگەنجەکان گەیشت پێش ئەوەی سەربازەکانی پادشا پێیان بگەن بەخێرایی ڕۆیشتن لەشارەکە و پەنایان بردە بەر ئەشکەوتێك لەیەکێ لەچیاکاندا وەلەگەڵ خۆشیاندا سەگێکیان لەگەڵدابوو .

گەنجەکان چونە ناو ئەشکەوتەکەوە ، سەگەکەش دانیشت لەبەردەم دەرگاکە دا و چاودێری ڕێگاکەی دەکرد پاشان گەنجەکان خەوتن وەسەگەکەش خەوت خوا خەوی هێنا بەسەریاندا ( خەوی لێخستن ) وەخەوتن و سالآن تێپەڕین ڕۆژ هەڵدەهات و ئاوادەبوو گەنجەکان هەر خەوتبوون لەناو ئەشکەوتەکەدا لەتەنیشتێکەوە هەڵدەگەڕانەوە بۆ تەنیشتێکی تر وەسەگەکەیش خەوتبوو لەبەردەم دەرگای ئەشکەوتەکەدا قاچەکانی ڕاکێشابوو ئەگەر خودا حەزی بکردایە خەڵکی ئاگادار بکردایە لەسەریان ( واتە خەڵك بگاتە سەریان ) ئەوانیش لەحاڵەتی خۆیاندابوون کە خەوتبوون ئەو خەڵکە دڵیان پڕدەبوو لەترس و ، پشتیان هەڵدەکرد و ڕایان دەکرد چونکە ئەمان خەتبوون بەلام وەکو ئەوە دیاربوو کەنەخەوتبن ( چاویان کرابویەوە ) ترسیان پێوەدیاربوو .

پاشان لەخەوەکەیان هەستان و هەندێکیان لەهەندێکیان پرسی ؟

چەندێ بەسەرماندا ڕۆیشتوه و ئێمەش لەم ئەشکەوتەدا بوین ؟

یەکەمیان ووتی : ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك .

یەکێکیتریان ووتی :ئێمە برسیمانە ...

سێهەمیان ووتی : با یەکێکتان بچێت بۆ بازاڕی شارەکە و خواردنمان بۆ بکڕێت با ئاگادار بێت تاوەکو سەربازەکانی پادشا نەبینن ، چونکە ئەگەر پاشا پێتان بزانێ و زەفەرتان پێبەرێ ئەمانکوژێت یان دەتانگەڕێنێتەوە بۆ پەرستنی بتەکان .

یەکێ لەگەنجەکان لەچیاکەهاتە خوارێ وەبینی ڕێگاکە گۆڕاوە ( ئەو ڕێگایە نیە کە ئەوان پێ یدا هاتبوون ) بەلای چەند شوێنێکدا ڕۆیشت نەی دەناسیەوە ئینجا چووە شارەکەوە بینی شەقامەکان و خانووەکانی گۆڕاون ، وە ئەو خەڵکەی لەشارەکەن غەریبن ، نزیك نەبوویەکێ لەوانە بناسێت .

ئایا تۆ وادەبینی کە خەو دەبینێ ؟ چی ڕویداوە ؟ ئایا ئەوشارەی چووەتە ناوی شارێکی ترە واتە شارەکەی خۆیان نیە ؟ یان دنیا لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا گۆڕاوە ؟ ئینجا چووە بازاڕ و لەبەردەم ( حانوت ) ە کەدا وەستا بۆ کڕینی خواردن پارەکەی دەرهێنا لەگیرفانی و دای بەخاوەنی حانوتەکە . فرۆشیارەکە پارەکەی لێ وەرگت و پارەکەی لەنێوان دەستیدا ئەم دیوو ئەودیوو پێدەکرد بەسەر سوڕمانەوە سەیری دەکرد ! گەنجەکە پرسی : بۆچی سەیری پارەکە دەکەیت ؟

فرۆشیارەکە وەلامی دایەوە و ووتی :

ـ ئەمە پارەی کۆنە ( قدیمە )

گەنجەکە ووتی : کۆن ؟!

هەر ـ دوێنێ بەم پارەیە خواردنم کڕی ، هەواڵەکە لەشارەکەدا بڵاوبویەوە : گەنجێك پارەیەکی هەڵگرتووە ( پارەیەکی پێیە ) ئەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لەسێسەد ساڵ پێش ئێستا ، بۆ کاتی پاشا ستەمکارە بت پەرستەکە .

لەکاتێکدا پاشا ئەم هەواڵەی بیست ووتی : بیهێنن بۆلام ...

گەنجەکە چوو بۆلای پادشا و سەرسوڕمانیەکەی زیادی کرد ، پادشایەکیتر دەبینێ غەیری پادشا ستەمکارەکەی کە ئەو دەیناسی !

پاك و بێگەردی بۆ خوا ! چی ڕویداوە ؟ تۆ وادەبینی کەڕێی لێ تێك چوبێ ؟ .

پاشاکە ئیشارەتی کرد بۆ لای پارەکەو لێی پرسی : ئەم پارەیەت لەکوێ بوو ؟

گەنجەکە وەڵامی دایەوە :

ئەمە پارەکەمە ئەی پادشا ، وەمن لەئەهلی ئەم شارەم ، دوێنێ من و هاوڕێکانم لێرە ڕۆشتین ، ئێستا منیان ناردووە بۆ ئەوەی خواردنیان بۆ بەرم .

پاشا ووتی:

ـ ئەی هاوڕێکانت لەکوێن ؟

گەنجە وەڵامی دایەوە ووتی :

ـ لەئەشکەوتەکەدان

پاشا ووتی :

بچۆ بیانهێنە بۆم

گەنجەکە ووتی :

ـ بۆچی ؟ دەتەوێت بیان کوژیت ؟

پادشا ووتی :

نەخێر ئەی لاو ، ئایا تۆ دەزانیت چەندێك بەسەرتاندا تێپەڕیوە و ئێوە لەو ئەشکەوتەدا بوون ؟ زیاتر لەسێسەد ساڵ بەسەرتاندا تێپەڕیوە و ئێوە لەو ئەشکەوتەدابوون ، ئێوە کۆمەڵە گەنجێکن کەبڕواتان بەخوا هەبووە لەشار دەرچوون و ڕۆیشتون لەترسی پادشاستەمکارە بت پەرستەکە ئێستا ئەو پادشایە مردووە ، وە ئەهلی شارەکە باوەڕیان بەخوا هێنا وە و شێوازی ژیانی خەڵك گۆڕاوە و ەئێوە خەوتوون لەوئەشکەوتەدا .

پادشا و پیاوەکانی ڕۆیشتن بۆ چیاکە لەکاتێکدا نزیك بونەوە لەئەشکەوتەکە گەنجەکە بەپادشای ووت :

وازم لێبێنە دەڕۆم بۆلای هاوڕێکانم تا پێیان بڵێم کە خوا پادشا ستەمکارەکەی لەناوبردووە و ئەهلی شارەکە بڕوایان بەخوا هێناوە ، وە وازیان هێناوە لە پەرستنی بت .

گەنجەکە ڕۆیشتە ناو ئەشکەوتەکەوە ، پاشا و پیاوەکانی زۆر چاوەڕوانیان کرد هیچ یەکێ لەوانە لەوان نەهاتە دەرەوە پاشان پادشاکە چووە ئەشکەوتەکەوە خەڵکەکەش لەدوایەوە چوونەژوورەوە بینیان گەنجەکان مردوون ، خوا مراندنی دوای ئەوەی کەچەندین ساڵ لەو ئەشکەوتەدا مانەوە .

ئێستا پرسیارێك ماوە : ئایا ژمارەی ( اصحاب الكهف ) چەند بوون ؟

هەندێ خەڵك دەڵێن : سێکەس بوون و سەگەکەیان چوارەمیان بوو .

هەندێکیتر دەڵێن : پێنج کەس بوون و شەشەمیان سەگەکەیان بوو .

هەندێکی تر دەڵێن : حەوت کەس بوون و هەشتەمیان سەگەکەیان بوو ، وەخوای پاك و بێگەرد دەفەرموێت : ﴿ **قل ربي اعلم بعـــدتهم مـــايعلمهم الا قليل** ﴾ .

(( ئەی محمد تۆ بڵێ خوای من زاناترە بەژمارەی ئەصحاب الكهف كەس نازانێ لەژمارەیان ئیلا كەمێك نەبێت ) .

## پەند و ئامۆژگاری

( 1 ) لەکاتێکدا کە گەنجەکان خوای خۆیان ناسی و زانیان کە دروستکەری کەونە و دروست کەری خەڵکە و خواکانی شارەکە چەند بەردێکی کەڕن و نابیستن و نابینن باوەڕیان بەخوا هێنا و کافربوون بەخوای پادشا زانیشیان ئەم شێوەیە مەترسی یە لەسەر ژیانیان بەڵام بیروباوەڕی ڕاستەقینە کاتێك جێگیربوو لەدڵی باوەڕداردا لەکەس ناترسێت جگە لەخوا .

( 2 ) گەنجەکان لەئەشکەوتەکەدا خەوتن زیاتر لەسێ سەد ساڵ لەمەدا زۆر ئیشارە هەیە بۆ لای دەسەڵاتی خوا .

یەکەم / ئەوان نوستبوون ( کەچی زیندوبوون ) زیاتر لەسێ سەد ساڵ .

دووەم / ئەوان لەهەموو ئەو ماوەیەدا نەخواردنیان خوارد و نەئاویان خواردەوە

سێیەم / لاشەکانیان تۆزاوی نەبو نەش نوستبوون بەڵکو وەکو لاشەی گەنجێکی جوانی بەهێز مابویەوە .

چوارەم / لاشەکانیان نە گۆڕابوو وە نەشخورابوون خوا پاراستنی لەئافاتی زەوی ( وەك مارو دوپشك ) و گیانلەبەرانی دڕندە .

هەموو ئەم نیشانانە بەڵگەیە لەسەر دەسەڵات و بەهێزی خواو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەخوا هەموو خەڵکی زیندوو دەکاتەوە لەگۆڕەکانیان لەڕۆژی دواییدا .

# پرسیار

1) ئایا پادشاو خەڵکی شارەکە چیان دەپەرست ؟
2) ئایا ئەو کۆمەڵە گەنجە پەنایان بردە کوێ ؟
3) ئایا کۆمەڵە گەنجەکە چیان لەگەڵدا بوو ؟ وەچەند لەو ئەشکەوتەدا مانەوە ؟
4) ئایا کۆمەڵە گەنجەکە نووستبوون یان مردبوون ؟
5) بۆچی فرۆشیارەکە سەری سوڕما کاتێك گەنجەکە پارەکەی پێدا ؟

# ( 4 )

# مــارەكــە

## مـــــارەكـــە
## لەگەڵ پێغەمبەر موسادا ( علیە السلام )

**( 1 ) لەکێوی طور دا :**

موسا ( سلاّوی خوای لێبێت ) دەساڵی بەسەربرد لەشوانی کردن بۆ مەڕی پیاوێکی پیری صالح لە ( مدین) ...

پاشان خێزانەکەی لەگەڵ خۆی برد و ڕۆیشتن بەشەو بەنیازی گەیشتن بەمیصر ، شەوێکی زستانی ساردبوو ، موسا ڕێگەی لێتێك چوو ، پاشان ئاگرێکی بینی بەخێزانەکەی ووت :

ــــ لێرە بمێننەوە ، من دەڕۆم بۆلای ئەو ئاگرە بەڵکو پارچەیەك ئاگر بەسەری دارێکەوە بهێنم خۆمانی پێگەرم بکەینەوە لەم سەرمایەدا ... وە بەڵکو لای ئەو ئاگرە یەکێکم دەست بکەوێت ڕێگاکەمان پێنیشان بدات .

ئەو ئاگرەی کە موسا بینی نزیك بوو لەشاخێکەوە ناوی ( **طور** ) بوو ، ئالەوێ موسا دەنگێکی بیست بانگی دەکرد :

ــ ﴿ یاموسی ﴾ ئەی موسا ...

موسا سەیری دەور و بەری خۆی کرد هیچ شتێکی نەبینی ترسێکی شاراوە کەوتە دڵیەوە ، هەستی بەترس دەکرد ئەم دەنگە کەبیستی دەنگی بەشەر نەبوو دەنگێکی بەرزبوو دڵی لێی ترسا .

موسا دەنگی دووەمی بیست ﴿ اني انا ربك ﴾

واتە : (( بێگومان من پەروەردگاری تۆم )) .

( فاخلع نعليك ) کەواتە پیلاوەکانت دابکەنە چونکە تۆ وای لەشیوێکی پاك و پیرۆزدا کە ( طوى ) یە و خوا قسەت لەگەڵ دەکات

خوا لەموسای پرسی ﴿ وما تلك بيمينك ياموسى ﴾ ( ئەی موسا ئەوە چیە بەدەستی ڕاستتەوە ؟ ) .﴿ قال هي عصاي اتوكأ عليها واهش بها على غنمي ولي فيها مارب اخرى ﴾

موسا عصا یەکی پێبوو ، موسا وتی : ئەوە داردەستەکەمە ( عصا ) خۆمی دەدەم بەسەردا ، وەبەداردەستە ئەدەم لە گەڵای درەخت و ئەکەوێتە خوارەوە و مەڕەکانم دەیخۆن ، وەچەند نیاز و مەبەستێکی تریشم پێی هەیە .

خوا فەرموی : ﴿ القها ياموسى ﴾ ئەی موسا داردەستەکەت فڕێدە سەر زەوی .

﴿ فالقاها فاذا هي حية تسعى ﴾ موسا دار دەستەکەی فڕێدا بەسەر زەویدا لەگەڵ فڕێیدا دەست بەجێ بوبەمارێك و بەخێرایی بەبەردەمیدا دەرۆیشت ! موسا ترسا و پشتی هەڵکرد و ڕای کرد ، خوا بانگی کرد : ئەی موسا ڕوبکەرەوە روناکی یەکە و مەترسە ( ﴿ خذها ولا تخف ﴾ هەڵگیگرەوەوە و مەترسە ) ، موسا گەڕایەوە و خواش داردەستەکەی بۆ گەڕاندەوە هەواڵی پێ فەرموو کە ئەم داردەستە یەکێکە لەموعجیزەکان لەگەڵ خۆتدا هەڵی گرە بۆلای فیرعەون : کەحاکمێکە خۆی کردووە بەخوا و خۆی بەگەورە دەزانێ

لەزەویدا و ئیشی خراپ دەکات لەزەویدا وەبەخەڵکی دەڵێ ﴿ انـا ربکـم الاعلی ﴾ واتە : ( من پەروەردگاری هەرە گەورەی ئێوەم )
ئەم نیشانانە بەڵگەیەکی ڕونن و موعجیزەن لەسەر ڕاستێتی پێغەمبەرێتی موسا کە ئەو نێرراوە لەلایەن خواوە ، پاشان خوا فەرمانی بەموسا کرد کە دەستی بخاتە باخەڵیەوە و پاشان دەری بهێنێ ، موسا دەستی کردە باخەڵیەوە و دەری هێنا لەگەڵ دەری هێنا سپی بوو دەدرەوشایەوەو پرشنگی دەدا بێ ئەوەی دەستی هیچ نەخۆشیەکی پێوەبێت .

پاك و بێگەردی بۆ خوا ئەمە نیشانەیەکی ترە و موعجیزەیەکیترە .

ئەی موسا بڕۆ بۆلای فیرعەون و ئەم دوو نیشانەیەی پێ نیشان بدە وەپێی بڵێ کە تۆ لەلایەن خواوە نێراوی بۆلای ، فەرمانی پێبکە بەبەندایەتی کردن بۆ خوا و دادپەروەری کردن لەنێوان خەڵکیدا ، ستەم لەکەس نەکات و کەس نەکوژێت فەرمان بەخەڵك نەکات کە بیپەرستن لەبەرئەوەی خوای ڕاستی و دروستکەری گەردوون ئەو خوایەیە کە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لەبەینی ئەو دوانەداهەیە دروستی کردوە .

## ( 2 ) لەکۆشکی فیرعەوندا :

لەکۆشکی ( فیرعەون ) دا موسا پەیامەکەی بەڕوونی پیشاندا ﴿ وقال موسى يـافرعون اني رسول من رب العالمين حقيق على ان لا اقول على الله الا الحق ﴾ الاعراف : 104 ــــ 105 . واتە : موسا فەرمووی : ئەی فیرعەون من لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە ڕەوانە کراوم بۆلای ئێوە و زۆر سورم لەسەر ئەوەی کەدەربارەی خوا و ئەوەی خوا پێی ڕەوانە کردوم ڕاست نەبێ هیچ نەڵێم ))

فیرعــەون پرســیاری کــرد و وتــی : ئایــا نیــشانەیەکت لەگەڵــە ( بەڵگــە و موعجیزەیەکت پێیە ) لەسەر ڕاستێتی پەیامەکەت ، موسا فەرمووی : بەڵێ .

فیرعەون ووتی : چیە ؟

موسا داردەستەکەی فڕێدا بەسەرزەوی دا کتوپڕ بوبە مارێك زۆر بـەخێرایی دەجولایەوە . ئینجا دەستی لەباخەڵی دەرهێنا کتوپڕ دەرکەوت سپی بوو تیشکی دەدا وەکو گڵۆپ .

فیرعەون ووتی : ئەمە سیحرە ( جادووە ) لەلای ئێمە ساحری زۆر هەن ، مەوعدێك دابنێ لەبەینی ئێمە و خۆتدا تابەیەك بگەیت لەگەڵ ساحرەکانی ئێمەدا ئەوسا دەبینین کامتان سەر دەکەون .

( 3 ) **لەڕۆژی ئارایشت کردن و خۆڕازاندنەوە دا** ﴿ في يوم الزينة ﴾ :

کاتەکەیان دیاری کرد ڕۆژی ئارایشت کردن و خۆڕازاندنەوە بوو ڕۆژی جەژنێکی بەناوبانگیان بوو کەلە هەموولایەکەوە خەڵکی بۆ دەهات لەشوێنێکی دیاری کراو دا کۆ دەبوونەوە ، فیرعەون لەوڕۆژەدا هەموو ساحیرەکانی دەوری شارەکەی کۆکردەوە خەڵکیان بانگ کرد بۆبینینی ئەم بەیەك گەیشتنە گەیشتنی موسا بە ساحرەکان .

فیرعەون بەساحیرەکانی ووت : ئەگەر ئێوە سەربکەون بەسەر موسادا ماڵ و سامانێکی زۆرتان دەدەمێ وەئەتانکەم بەنزیکەکانی خۆم ( واتە دەتانکەم بەوەزیر و کاربەدەست )

﴿ قالوا ياموسى اما ان تلقي واما ان نكون اول من القى ﴾

ساحرەکان ووتیان : ئایا تۆ داردەستەکەت فڕێ دەدەی لەپێشا یا ئێمە ؟

موسا وەڵامی دایەوە ووتی : بەڵکو ئێوە فڕێی بدەن لەپێشدا ، ساحیرەکان حەبلەکان و دار دەستەکانیان فڕێ دایە سەرزەوی سحریان کرد لە چاوی خەڵکی وادەردەکەوتن کە ماربوون دەڕۆیشتن بەسەر زەویدا بەخێرایی .

موسا ترسا و هەستی بەترس کردلەدڵی خۆیدا کە ساحیرەکان زاڵ بن بەسەریدا ، بەڵام ئەو ترسەی دەرنەبڕی خوا وەحی بۆ موسا کردو فەرمووی :
﴿ لا تخف انك انت الاعلى ﴾

مەترسە ئەی موسا بەڕاستی تەنها تۆ بەرز و سەرکەوتویت ) .

ئەی موسا تۆ بەرزتر و سەرکەوتوتر و بەهێزتری چونکە خوات لەگەڵە هەرکەس خوای لەگەڵ بێت کێ دەتوانێت سەرکەوێت بەسەریدا ؟

موسا دار دەستەکەی فڕێدا کتوپڕ بوو بە مارێکی گەورە و هەمو حەبل و داردەستەکانی ساحرەکان کە کردبویان بەسحر لەبەرچاوی خەڵکیدا قوتیدا لەبەرچاوی هەموو خەڵکەکەدا وادەرکەوت کە ئەوەی موسا سحر نەبوو بەڵکو موعجیزەیە بوو لەلایەن خواوە پێی دراوە و ، ئەو لەلایەن خواوە نێرراوە ، لەویادا ساحرەکان سوجدەیان برد بۆ خوا وتیان : ﴿ امنا برب العالمين رب موسى وهارون ﴾ ( ئەوا باوەڕمان هێنا بە پەروەدگاری جیهانیان ، کەپەروەردگاری موسا و هارونیشە ) کەوایان ووت خەڵکەکە گوێیان لێبوو .

بۆچی ساحرەکان بڕوایان بەخوا هێنا ؟

لەکاتێکدا ساحرەکان داردەست و حەبلەکانی خۆیان فڕێدا نەبوون بەمارێکی ڕاستیی ، بەڵکو لەبەرچاوی خەڵکدا وابون کەمارن واتە سحریان لەچاوی خەڵك دەکرد لەڕێگای نادیار و فێڵەوە .

خەڵکەکە حەبل و داردەستەکانی ساحرەکانیان دەبینی بوبون بەمار و بەسەر زەویدا دەڕۆیشتن ، بەڵام ساحرەکان خۆیان حەبل و داردەستەکانی خۆیان دەبینی نەبوبون بەمار چونکە سحرەکانی خۆیان کاریگەرییان تیٚناکات بەڵام داردەستەکەی موسا بوبەمارێکی ڕاستی خوا روحی تێکرد و ژیانی پیٚدا ، ساحرەکان داردەستەکەی موسایان دی بوبو بەمارێك و لەبەردەمیاندا دەڕۆیشت بیٚئەوەی بەسحر بوبیٚ بەمار ، ئەمە موعجیزەیەکە و لەسەرووی توانای ئادەمیزادەوەیە ، شایانی کەس نیەیە تەنها پێغەمبەران نەبێت ( نادریٚ بەکەس تەنها بەپێغەمبەران نەبیٚ ) .

ساحرەکان باوەڕیان بەخوا هێنا فیرعەون تورەبوو وە بەڵێنی دابە ساحرەکان بەسزایەکی قورس یان کوشتن بەڵام ئەوان لە وەڵامدا وتیان : ﴿ **لن نؤثرك على ما جاءنا من البينات** ﴾ ( بزانە بەهیچ جۆرێك هەتا هەتایە ئێمە تۆ ئیختیار ناکەین و بەرزت ناکەینەوە بەسەر ئەو موعجیزە ڕوونانەدا کەلەلایەن خواوە هاتوون و پێمان گەیشتوون ).

## پەند و ئامۆژگاری

( 1 ) ئەم چیرۆکە ئاماژە بۆلای دەسەلاٌتی خوادەکات و ، لەم چیرۆکەدا دەسەلاٌتی خوا لەدوو ( مشهد ) دا دەردەکەوێت :

یەکەم / گۆڕانی داردەستەکەی موسا و بوونی بەمارێك کە دەڕۆیشت بەسەرزەویدا و ڕوحی تێدابوو وەژیانی تێدابوو لەکێوی **طور** و کۆشکی فیرعەون و ڕۆژی جوانیدا ( ڕۆژی خۆ ئارایشت کردن و خۆ ڕازاندنەوە ) .

دووەم / موسا دەستی کرد بەباخەڵیدا و دەری هێنا وە بینی بوبە تیشکدەرێك وەکو گڵۆپێك وایە کەڕوناکی بدات .

( 2 ) ساحرەکان بڕوایان بەخوا هێنا لەکاتێکدا کەزانیان موسا لەلایەن خواوە نێرراوە ، وە موسا وەکو ئەوان ساحیر نىیە ، وەفیرعەون توڕەبوو ، وە وەعدی پىێدان کەدەست و قاچیان ببڕێتەوە پاشان بیان کوژێت .

بەڵام ئیمان کە جێگیربوو لەدڵیاندا ، بالاوازبن ناترسن بەڵکو بەفرعەونیان ووت : ﴿ **فاقض ما انت قاض** ﴾ ( چی حوکمێك دەر دەکەی دەری بکە ) .

# پرسیار

پ 1/ کێ لەگەڵ موسادا قسەی کرد لەکێوی **طور** ؟

پ2/ ئەو شیوە ناوی چیبوو کە دەکەوتە شاخی **طو رە وە** ؟

پ 3/ بۆچی موسا داردەستەکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرت ؟

پ 4/ لەوسێ ( مشهد ) دەدا کەداردەستەکەی موسا بوبە مار کامانەبوون ؟

پ 5/ بۆچی ساحیرەکان ئیمانیان هێنا ؟

پ 6/ لەچی سورەتێکیتردا لەم سورەتانەی خوارەوە باسی چیرۆکەکەی موسا دەکات . ( **النمل** ، **النساء** ، **طه** ، **شعراء** ، **غافر** ) ؟

پ 7/ ئایا دەزانی چۆن فیرعەون لەناوچوو ؟

# ( 5 )

# حوتەکە

# حوت لەگەڵ پیغەمبەر یونس ( ρ )

خوای گەورە یونسی نارد بۆلای قەومەکەی تابانگیان بکات بۆ پەرستنی خوا وەوازبهێنن لەپەرستنی خواکەڕەکانیان ( بتەکان ) چونکە خوا دروستی کردوون و ڕزقیان دەدات وەخوا دروست کەری مرۆڤ و جنۆکە و فریشتەکان و ئاسمان و زەویە .

بەڵام قەومی یونس بەدرۆیان خستەوە و ئازاریان دەدا و گوێیان لەئامۆژگاریەکانی نەدەگرت ، یونس ( سەلامیخوای لێبێ ) نەیتوانی تەحەمولی ئەو بەدرۆخستنەوەیە و ئەزیەتدانە بکات دڵی تەنگ بو بۆیە دێکەی بەجێهێشت و ڕۆیشت و توڕەبوو لەقەومەکەی .

پێویست بوو لەسەر یونس کە ئارام بگرێت وەتەحەمولی ئازار و ئەزیەت بکات لەڕێگای بانگەوازەکەیدا ، هەتا خوا حوکمێ دەکات لەنێوان یونس و قەومەکەیدا . یان سزایان دەدات و لەناویان دەبات یان هیدایەتیان دەدات بۆ ڕێگەی ڕاست و بڕوا بەخوا دەهێنن و وەبڕوا بەبانگەوازەکەی یونس دێنن .

بەڵام یونس توڕەبوو و ڕۆیشت لەدێیەکە خواویستی موحاسەبەی بکات ، یونس ڕۆیشت تاگەیشتە کەناری دەریایەك . سواری کەشتیبوو هەتاگەیشتنە ناوەڕاستی دەریاکە لافاو و تەوژمی ئاوو پێداکێشانی ئاو پەیدابوو شەپۆلی لەسەریەکی بەهێز دروستدەبوو هەتا نزیکبو نقوم بن .

کەشتیەوانەکە خەڵکەکانی ناو کەشتیەکەی کۆکردەوە پێی وتن لەنێوان ئێمەدا پیاوێك هەیە گوناهێکی کردبێ ئەگەر لەکەشتیەکە دانەبەزێت خوا هەمومان لەناو دەبات .

پرسیان : چۆن بزانین کێیە ئەو کەسەی لەگەڵماندایە و گوناهی کردوە ؟ وەڵامی دانەوە ووتی : باقورعەیەك بکەین لەنێوان خۆماندا سەهمەکە کەوتە سەرناوی هەرکەسێك دەیخەینە دەریاکەوە ، هەموو خەڵکەکەی ناو کەشتیەکە بەشداریان کرد لەقورعەکەدا وە یونسیش بەشداری کرد تیایدا سەهمەکە کەوتە سەرناوی یونس فڕێیان دایە ناو دەریاکەوە یەکسەر حوتێك قوتیدا .

یونس خۆی بینیەوە لەناوەڕاستی تاریکیەکاندا ، تاریکی ناوسکی حوت ، تاریکی دەریاکە ، تاریکی شەو ، یەکسەر زانی هەڵەی کردووە لەکاتێکدا کە قەومەکەی جێهێشتووە و ئارامی نەگرت لەسەر ئەزیەتەکانیان ، وەزانی ئەو ناڕەحەتیەی بەسەریدا هاتووە تۆڵەسەندنەوەیە لەلایەن خواوە ، ئالەوێدا لەناوەڕاستی تاریکی یەکاندا یونس پاڕایەوە لەپەروەردگاری بەوپەڕی ملکەچی و بەوپەڕی پێویست بوون و داوای لێخۆش بوون لێ کردن : ﴿ **لا اله الا انت سبحانك اني كنت من الظالمين** ﴾ الانبياء : 87

واتە : (( خوایە هیچ خوایەك نیە جگە لەتۆ پاك و بێگەردی بۆ تۆ بەڕاستی من لەستەمکاران بووم )) .

خوا دوعاکەی گیرا کرد حوتەکە بردی و فڕێیدایە کەناری دەریاکە لەزەوی‌یەکی صەحرادا ( زەوی یەکی چۆڵ ) نەکشتوکاڵی تێدابوو نە ئاو ، یونسیش نەخۆشبوو نەی دەتوانی بڕوات ، خوا درەختێکی کولەکەی لەتەنیشتیەوە بۆ ڕواند لەبەرەکەی خوارد هەتا چاك بویەوە و شیفای بۆ نێرا

لەلایەن خواوە ، ئینجا گەڕایەوە بۆ دێیەکەی، وەخەڵکەکەی بانگ کرد بۆ پەرستنی خوا هەتا باوەڕیان بەخوا هێنا هەموویان . دێیەکەی یونس ( علیه السلام ) دێیەکی تاك بوو کە نەوەکانی دێیەکەی باوەڕیان بەخوا هێنا بێئەوەی یەك کافری تیابمێنێ .

خوای پاك و بێگەرد فەرموویەتی : ﴿ فلولا كانت قرية امنت فنفعها ايمانها الا قوم يونس لما امنوا كشفنا عنهم عذاب الخزي في الحياة الدنيا ومتعناهم الى حين ﴾ يونس : 98

واتە : (( ئەوە بۆچی هیچ ئەهلی دینێك نەبوو کەئیمان بێنێ و ئیمانەکەی سودی پێبدات تەنها قەومەکەی یونس نەبێ کاتێ کە ئیمانیان هێنا ئەو عەزابەمان لابرد لەسەریان کەهۆی ڕیسوایی دنیابوو وەخۆشی و ڕابواردن و سەربەرزیمان پێدان تا ماوەی ژیان ( تاکاتێکیدیاریکراو ) .

## پەند و ئامۆژگاری

( 1 ) ئەوکەسانەی کەبانگەواز دەکەن بۆلای خوا دەبێت تەحەمولی تەکالیفەکانی بکەن . و ئارام بگرن لەسەر ئەزیەتی ئەوانەی بەدرۆیان دەخەنەوە وە ئەزیەتی ئەوانەی ( کەهیچ و پووچن ) ( السفهاء ) لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەزیەتدان و بەدرۆخستنەوە ناڕەحەتە لەسەر نەفس ، چونکە ئارام گرتن لەسەر ئەمانە فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك .

( 2 ) پێویستە لەسەر ئەوانەی کەبانگەوازدەکەن بێهیوا و نائومێد نەبن لەهیدایەتدانی کافران و تەوبەکردنی گوناهکاران لەگەڵ ئەوەشدا کەمەترسی و

ناڕەحەتیان تـووش دەبـێ وە لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەزیـەتیان دەدەن و بـەدرۆیان دەخەنەوە ، هەتا بانگەوازەکە دەگاتە دڵی هەموو غافڵ و بێئاگایەك .

( 3 ) وەپێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کـە بانگـەواز دەکـەن هـەموو ڕێگایـەك تاقی بکەنەوە ، بەحیکمەت و ئامۆژگاری چـاك ، وە هانیـان بـدەن بەپاداشـتی خوا وەهانیان بدەن کە بەهەشت ئامادەکراوە بۆ بەنـدە پارێزکارەکـان وەبیـان ترسێنن لەسزای خوا وەئامادەکردنی دۆزەخ بۆ کافران .

( 4 ) خوای گەورە دەربارەی یونس ( علیه السلام ) دەفەرموێت :

﴿ **فلولا انه كان من المسبحين للبث في بطنه الى يوم يبعثون** ﴾

(( جا ئەگەر یونس لەوانە نەبوایە کەلەکاتی هێمنیدا زیکری خوای ئـەکرد یـان ئەگەر لەناو سکی حوتەکەدا نەی وتایـە ( **لا اله الا انت سبحانك اني كنـــت من الظالمين** ) ( خوایە هیچ خوایەك نىیە جگـە لـەتۆ پـاك و بێگـەردی بـۆ تـۆ بەڕاستی مـن لەسـتەمکارن بووم ) لەسـکی ئـەو حوتـەدا دەمایـەوە تـا ئـەو ڕۆژەی ئادەمیزاد زیندو دەکرێینەوە لەقیامەتتدا .

ئەوەی یونسی لەم ناڕەحەتیە ڕزگار کرد وە ئـەو ناڕەحەتیـەی لەسـەر لابـرد و لـەتاریکی دەری هێنـا ئـەوەبوو یـونس تەسـبیحاتی خـوای دەکـرد لەهـەموو حاڵێکدا لەخۆشـی و ناخۆشـیدا ، وەهـەرگیز غافـڵ نـابێ لـەزیکری خـوا هـەتا لەناوسکی حوتیشدا کەوتی ( لا الـــه الا انـــت ســـبحانك ) بـیری نەچـوو کـە تەسبیحاتی خوا بکات ! ! .

ئەی برای موسڵمان تەسبیحاتی خـوا بکـە بڵـێ ( سـبحان الله ) لەبـەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە بڵێ ( سبحان الله ) وەکو پاڕانەوەکـەی یـونس ( **لا اله الاانت سبحانك اني كنت من الظالمين** ) توێشوو و هیوای تۆیە لەهـەموو ناڕەحـەتی و

موسیبەتێکدا ئەگەر ئەو پاڕانەوەیە نەبوایە یونس لەسکی حوتەکەدا ئەمایـەوە تا ڕۆژی دوایی .

## پــرسیـار

پ 1/ بۆچی یونس ( سەلامی خوای لێبێت ) لەدێ یەکەی ڕۆیشت ؟

پ 2/ دوای ئـەوەی کـە حوتەکـە یونـسی قوتتـدا یـونس لەسـێ تاریکیـدا بووکامانەبوون ؟

پ 3/ دوعاکەی یونس چیبوو کەلەسکی حوتەکەدا فەرمووی ؟

پ 4/ خوا درەختێکی ڕواند بۆ یونس لەزەویەکی چۆڵدا کـە نـەئاوی لێ بـوو نـە کشتوکاڵ کە یەکێ لەمانە بوو .

مۆز سێو کولەکە

پ5/ لـەم سـێ سـورەتە کـەناویان هـاتووە لەکامیانـدا چـیرۆکی یـونس باس کراوە ؟

**الانبیاء ال عمران صافات**

# ( 6 )

# په پوسليّمانکه

# پەپوسلێمانکە

پەپووسلێمانکەکەی نێرراوی سلێمان ( سلاّوی خوای لیٚبێت ) .

پێغەمبەر سلێمان ( سلاّوی خوای لیٚبێت ) سوپایەکی مەزنی هەبوو کەپێکهاتبوو لەپەری و مرۆڤ و باڵندە ، سولەیمان سەرکردەیەکی کاربەجیٚ و لێزان و دلێربوو ، هەموو تاکە کەسێکی ( سەربازێکی ) لەنێو سوپاکەیدا دەناسی و دەشی زانی ئیشی چیەیە وەئەو شوێنەشی دەزانی کە کاری تیادا دەکات .

سولەیمان ( سلاّوی خوای لیٚبیٚ ) پەپوسلێمانکەیەکی هەبوو لەنێو ئەوسوپایەیدا خوای گەورە زیرەکی و وووریایی و ژیری و هێزی پیٚبەخشیبوو ، ڕۆژێك لەڕۆژان سولەیمان ( سلاّوی خوای لیٚبێت ) ڕۆیشت باڵندەکانی بەسەر دەکردەوە لەسوپاکەیدا تا بزانێت کیٚیان ئامادەیە و کیٚیان ئامادەنیەیە و نادیارە ، هەتاوەکو گەیشتە ئەو جێگایەی کە پەپۆسلیمانکەکە کاری تیادا دەکرد بەلاّم نەی بینی * ! ! پەپوسلێمانکەکە لەکویٚ یە؟ ، تۆ دەبینی من نایبینم یا نادیارە و خۆی شاردۆتەوە . وەهیچ باڵندەیەك لەباڵندەکانی تر شوێنی پەپوسلێمانکەکەی نەدەزانی ( واتە نەی دەزانی بۆ کویٚ چووە ) وەلەو ڕۆژەشدا هیچ کام لەباڵندەکان پەپوسلێمانەکەکەی نەبینی بوو ، سولەیمان

* دیارە سولەیمان پێویستی پەپوسلێمانکەکە هەبووە بۆ هەڵکەندنی بیر چونکە وەکو دەڵێن چاوی ژێر زەوی دەبینیٚ وەکو مەشهورە .

توڕەبوو لەغائب بوونی ئەو سەربازە ( لەوسەربازە غائبە ) چۆن کارەکەی خۆی بەجێهێشتووە ؟ سولەیمان فەرمووی : ﴿ **لاعذبنه عـــذاباً شـــديداً أو لاذبحنه** ﴾ یاسزایەکی توند و سەختی ئەدەم یا سەری دەبڕم .

بەلآم سولەیمان پادشایەکی داد پەروەبوو لای نەدەدا لەحەق و ڕاستی ستەمی لەکەس نەدەکرد لەبەرئەوە فەرمووی : ﴿ **او ليأتيني بسلطان مبين** ﴾ یا ئەبێت بەڵگەیەکی ڕووناکم بۆ بێنێت کە بۆچی دیار نەبووە و لەکوێ بووە ؟ ، واتە : ئەگەر هات بۆلام و عوزرێکی هێنایەوە بۆم بیکاتە هۆکاری نادیار بونەکەی لێی دەبوورم ، باچاوەڕێ بکەین تادەگەڕێتەوە ، پێدەچێت کارێك سەرقاڵی کردبێت ، ئەوەبوو غائب بوونەکەی پەپوسلێمانکەکە زۆر درێژەی نەکێشاو هاتەوە و ئامادەبوو ، ئەوەبو باڵندەکانیتر هەواڵیان پێدا کە سولەیمان تووڕەبووە لێی وەبەڵێنی پێداوە کەسزایەکی سەختی بدات یاخود بیکوژێت ئەگەر بەڵگەیەکی پێنەبێت ڕزگاری بکات !! ، لەوکاتەدا پەپوسلێمانکەکە زەردەخەنەیەك گرتی چونکە دەیزانی کە سولەیمان پادشایەکی داد پەروەررە و ستەم ناکات وەکاتێك گوێی لێدەگرێ لەهۆکاری نادیاربوونەکەی عوزرەکەی لێقبوڵ دەکات ، وە پێدەچێت پاداشتیشی بداتەوە لەسەر ئەو کارەی کە ئەمڕۆ پێی هەڵساوە و ئەنجامی داوە کەنە سولەیمان و نە هیچ کام لەسەربازەکانی سوپاکەی نەیان دەزانی ، ئەوەبوو پەپوسلێمانەکەکە لەبەردەم سولەیماندا وەستا ، سولەیمان لێی پرسی : لەکوێ بوویت ؟ پەپوسلێمانکەکە هاتە پێشەوە و چیرۆکی ئەو شارەی بۆ گێڕایەوە کە چووەتە ناوی و ڕۆشتووە بۆ ئەوێ ، ئەوشارە شاری ( سبا ) ە لەوڵاتی یەمەن کە مەملەکەتێکی گەورەی لێیە ئافرەتێك بەڕێوەی دەبا ناوی

( بەلقیس ) ە وە ئەو ولآتە فراوان و دەوڵەمەندە خوای گەورە نیعمەتێکی زۆری بەسەردا ڕژاندوە ، زەوییەکەی بەپیتە و خاوەنی کشتوکاڵی زۆر و چاوگەی ئاو لەبەر ڕۆیشتوە ، وەقەسری گەورەیان دروست کردوە و چەندەهاشتیتر وەکو قەلآو سەدیان دروست کردوە و دایان مەزراندوە ، جوانترین شتێك کە پەپوسلێمانکەکە بینی لەوولآتەدا کەسەری سوڕما لێی ( تەختی بەلقیس ) بوو کە ئەو شوێنەبوو شاژن لەسەری دادەنیشت تەختێکی گەورە و جوان بوو ڕازاندبویەوە بەزەخرەفە و نەخش و نیگار ! ! بەلآم دوای ئەوە ئالەوێدا ئەوەی زیاتر پەپوسلێمانکەکەی توڕەکرد ئەوەبوو کە ئەوشاژنە و نەتەوەکەشی لەغەیری خودا کڕنووشیان دەبرد بۆ ڕۆژ ، بۆچی ؟ ئایا خوا دروستی نەکردوون ؟ ئایا هەر خواش ڕزقیان نادات ؟ ئایا ئەو خوایە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لەنێوان ئاسمانەکان و زەویدایە نیيە ؟ ئەی بۆچی خوا ناپەرستن ؟ شەیتان ( ابلیس ) پەرستنی ڕۆژی لاجوان و پەسەند کردوون و کڕنووشی بۆ دەبەن و دەیپەرستن ، وەلای داوون لەڕێگای ڕاستی خوا .

سولەیمان نە باوەڕی بەپەپوسلێمانکەکە کرد و نە بەدرۆشی خستەوە بەڵکو نامەیەکی نووسی بۆ ئەو ولآتە وەفەرمانیدا بەسەر پەپوسلێمانکەکەدا کەنامەکە هەڵبگرێت و بگەڕێتەوە بۆ ( سبا ) و بیگەیەنێتە سەرۆکی ئەو ولآتە

ئەوەبوو پەپوسلێمانکەکە نامەکەی هەلگرت و ڕێگای بڕی لەنێوان ولآتی شام کە ولآتی سولەیمانی لێبوو بۆ ولآتی یەمەن لەباشووری نیمچە دوورگەی عەرەب کە ولآتی ( سبا ) ی لێیە ، هەتاوەکو چووە ژووری شاژنەوە و نامەکەی سولەیمانی لەسەر شوێنی دانیشتنەکەی شاژن دانا ، کاتێ شاژن

هاتــە ژوورەوە و نامەکــەی بینــی و هــەڵی گرتــەوە پاشــان خوێندیــەوە کــە سولەیمان تێیدا نووسی بـووی ( **بسم الله الرحمن الرحيم الا تعلوا علي واتوني مسلمين** ) بەناوی خودای بەخـشندە و میهرەبـان ، خـۆ لـەمن بـەرزتر مـەگرن کەوابوو بەموسڵمانی وەرن .

بەلقیس وەزیر و خاوەن ڕاو داناییـەکانی کۆکردەوە لەوڵاتەکەیـدا ، پاشـان نامەکەی سولەیمانی بـۆ خوێندنـەوە و داوای ڕاوێـژی لێکـردن ، چـۆن و بەچـی وەڵامــی ســولەیمان بدەینــەوە ؟ ئایــا شــەڕی لەگــەڵ بکــەین ؟ ئایــا بــچینە دینەکەیەوە ؟ پاشان ووتی : ﴿ **ماكنت قاطعة امراً حتى تـــشهدون** ﴾ بـەبێ حازربوونی ئێوە و یارمەتی ئێوە بڕیاری هیچ کارێك نادەم ، واتە هیچ فەرمانێك دەرناکــەم و هــیچ کارێــك جــەزم نــادەم هــەتا ئێــوە ڕازی نــەبن لەســەری ، وەزیرەکانی وەڵامیان دایەوە ووتیـان : ﴿ **نحن اولوا قوة واولوا باس شـــديد والامر اليك فانظري مـــاذا تـــامرين** ﴾ ئێمـە خـاوەنی هێـز و دەسـەڵاتین و خاوەنی هێزی سـەختی جـەنگین بـەڵام فـەرمان بەدەسـت تۆیـە و بزانـە چـۆن دەسـتوور دەدەیـت ، بـەلقیس ووتـی : نـەخێر جـەنگ ناکـەم لەگەڵیـدا بـەڵکو دیـاری بـۆ دەنێـرم تـا تـاقی بکەمـەوە ئەگـەر وەری گـرت و شـەڕی لەگەڵـدا نــەکردین ئــەوە پادشــایەکە داوای مــاڵ و دەوڵەمەنــدی دەکــات وە ئەگــەر دیاریەکـەی ڕەت کـردەوە و وەری نـەگرت ئـیلا ئەچـین و موسـڵمان دەبـین چـونکە ئەگـەر وابـوو ئـەوە پێغەمبـەری خوایـە و تـەنها بانگـەواز و گەیانـدنی پەیامەکەی لەسەرە ، ئـەوەبوو نێردراوەکـانی شـاژن گەیشتنە لای سـولەیمان کە دیاریان پێبوو بۆ سولەیمانیان هێنابوو ، ئەوەبوو لـەویادا سـولەیمان زانـی

کــە پەپوســلێمانکەکە ڕاســت گۆیــە و قــسەکەی ڕاســت دەرچــوو بۆیــە لێی خۆش بوو .

بەلاَم سولەیمان دیاریەکەی شـاژنی ڕەت کـردەوە و شـاژنی سەرپـشك کـرد کەیان دەبێت بێن موسڵمان بن و تەسلیم بن و خوای تاك و تـەنها ببپەرسـتن و واز لەپەرسـتنی ڕۆژ بهێـنن یـاخود سـوپایەك دەکاتــە ســەریان و لەگــەڵیان دەجەنگێت .

ئــەوەبوو بــەلقیس موســڵمان بــوونی هەڵبــژارد و موســڵمان بــوو وەڵەگــەڵ خۆشـیدا نەتەوەکـەی هــەمووی موسـڵمان بــوون پاشــان بــەرەوپێش ڕۆیـشتن لەمەراسیمێکی گەورەدا بۆ گەیشتن بەسولەیمان لەولاَتەکەی .

## پەندو ئامۆژگاری

( 1 ) سولەیمان پێغەمبەر بـوو وەپادشـایەکی دادپـەروەریش بـوو پەلـەی نەکرد لەتۆڵەسەندنەوە لەپەپوسلێمانکەکە هـەتا گـوێ بیـستی ووتەکـەی بـوو وەهەتا هۆی غائب بوونەکەی زانی .

( 2 ) ســولەیمان ســەرکردەیەکی لێزانبــوو ســوپاکەی بەســەر دەکــردەوە لەگەڵ ئەوەشدا کەسوپاکەی زۆر گـەورەبوو بـەلاَم ئـەو زانـی پەپوسـلێمانکەکە دیار نیە لەنێو باڵندەکاندا لەوکاتەدا کە سوپاکەی بەسەر کردەوە .

( 3 ) پەپوسلێمانکەکە زیرەك بوو ئـەوەبوو کەچـووە شـاری ( سـبا ) ەوە و وەزانی کە خەڵکەکەی ئەوێ شاژنێك بەڕێوەیان ئەبات وەزانی کە ئەو شـاژنە و نەتەوەکەشی کڕنووش بۆ ڕۆژدەبەن ، وەپەپوسلێمانکەکە دەیزانـی کـە خـوا

شایستەی پەرستن و کڕنووش بۆ بردنە بەڵام ڕۆژ دروستکراوێکە لەدروستکراوەکانی خوا و تەسبیحاتی خوا دەکات بەسوپاس کردنی .

( 4 ) بەلقیس پادشایەکی عاقڵ و تێگەیشتوو لێزان بوو ئەو لێزانینەی لەوەدا دەردەکەوێ کە :

( ا ) بەلقیس زانی کە ئەو نامەیەی بۆی هاتووە نامەیەکی پیرۆزە وەپیاوێکی بەڕێز و پیرۆزیش ناردویەتی ﴿ قالت يا ايها الملا اني القي الي كتاب كريم ﴾ ئەی گەورەکان نامەیەکی پڕبایەخم بۆ هاویژراوە .

( ب ) بەلقیس وەزیرەکان و خاوەن رایەکانی لەوڵاتەکەیدا کۆکردەوە و نامەکەی سولەیمانی بۆ خستنە ڕوو وەبۆی خوێندنەوە ، وەداوای ڕاوێژ و ئامۆژگاری لێکردن ، وەئەمەش ئاماژەدەکات بۆ ئەوەی کە بەلقیس لەسنوور دەرنەچوبوو وەخۆی فەرز نەکردبوو بەقسە و ڕای خۆیەوە و قسەی خەڵکیتر پشت گوێ بخات .

( ج ) ئەوەبوو بەلقیس دوای ئەوەی کەزانی دینەکەی سولەیمان ڕاستە شەڕکردنی ڕەفزکرد لەگەڵ سولەیماندا ، وە ئەو کافربووە کاتێ کە کڕنووشی بۆ ڕۆژ بردووە کە ڕۆژ هیچ شتێك بەکەس نابەخشێت نەلەسوود و نەلەزیان .

# پــرسيار

پ 1/ ولأتەكەی سولەیمان لەكوێ بوو

یەمەن　　　　　　میسر　　　　　　ولأتی شام

پ2/ سولەیمان سلأوی خوای لێبێت داد پـەروەربوو ، چۆن دەزانیـت کـە ئەو داد پەروەربووە ؟

پ3/ پەپوسلێمانكەكە لەكوێ بوو ؟

پ4/ وولأتی ( سبا ) لەكوێ بوو ؟

فەلەستین　　　　　　یەمەن　　　　　　مەغریب

پ5/ سولەیمان لەنامەكەیدا چی نووسی ؟

پ6/ ئایا سولەیمان دیاریەكەی بەلقیسی وەرگرت ؟ بۆچی ؟

# ( ٧ ) پەلەوەرەكانى ئیبراهیم

# ( سەلامى خواى لىَبیَت )

# پەلەوەرەکانی ئیبراهیم ( سەلامی خوای لێبێت ) .

ڕۆژێك لـەڕۆژان پێغەمبـەری خـوا ئیـبراهیم لەپـەروەردگاری پرسـی ووتـی :
﴿ رب اريني كيف تحي الموتى ﴾ بقرة : 260

ئـەی پـەروەردگاری مـن نیـشانم بـدە چـۆن مـردوو زینـدوو دەکەیتـەوە ، ئیبراهیم گومانی نەبوو لەدەسەلاَتی خوا لەبەرئەوە لـەخوای گـەورەی نەپرسـی ئایـا مـــردوو زینـــدوو ئەکەیتـــەوە ؟ بـــەڵکو پرســـی لـــەخوای گـــەورە ﴿ كيف تحي المـــوتى ﴾ چـۆن مـردوو زینـدوو دەکەیتـەوە ؟ ، چـونکە ئـەو دەیزانـی کـە خـوا مـردوو زینـدوو دەکاتـەوە بـەلاَم نەیـدەزانی چـۆن زینـدوی دەکاتەوە ؟ چـۆن ئیـبراهیم گومـانی بـۆ دروسـت دەبێـت کـە ئـەو پێغەمبـەری خوایە و خواش لەبارەی ئەوەوە دەفـەرموێت : ﴿ ان ابـــراهيم كـــان امـــة قانتاً لله ﴾ نحل : 120 بەڕاستی ئیبراهیم ئوممەتێك بـوو ملکـەچ و فەرمانبـەر بۆخوا ، وەدیسان لەبارەیـەوە دەفـەرموێت : ﴿ انه من عبادنـــا المـــؤمنين ﴾ صافات : 111 بەڕاستی ئیبراهیم لەبەندە خاوەن باوەڕەکانی ئێمەیە ، خـوای گەورە لەئیبراهیمی پرسـی : ﴿ اولم تـــؤمن ﴾ مەگـەر بـڕوات نـەهێناوە ئـەی ئیبراهیم واتە : ئەی ئیبراهیم تـۆ بـاوەڕت هەیـە بەدەسـەلاَتی مـن وەدەشـزانی کەمن توانام بەسەر هەموو شتێکدا هەیە بەبێ گومان ، بۆچـی ئـەم پرسـیارەم لێدەکەیت ؟ ئیبراهیم فـەرموی : ﴿ بلى ولكن ليطمئن قلـــبي ﴾ بـەڵێ بـڕوام

پیێیەتی ، واتە باوەڕم هەیە بەدەسەڵاتی تۆ بەڵام دەمەوێ ببینم تا دڵنیابم وەهەتاوەکو بەبینینی ئەو نیشانەیە ئیمانم زیاد بێت .

خوای گەورە فەرمانی پێکرد کە چوار پەلەوەر بگرێت و بیهێنێت پاشان سەریان ببڕێت و گۆشت و ئێسك و پەڕەکانیان تێکەڵ بکات پاشان جیایان بکاتەوە لەیەك لەبەینی چەند چیایەکدا لەسەر هەریەکێ لەوچیایانەی چوار دەوری بەشێك لەوتێکەڵەیە دابنێت پاشان بچێتە دۆڵەکەی نێوان چیاکان وە بانگی پەلەوەرە بێگیانەکان بکات کە بەشەکانیانی لێك جیا کردووەتەوە لەنێوان ئەو چیایانەدا هەریەکەیان دێت بۆلای بەپێی خۆی ، ئەوەبوو ئیبراهیم چۆن خوا فەرمانی پێکردبوو بەجێی هێنا و کردی ، چوار پەلەوەری هێنا و سەری بڕین و پاشان بەشەکانی پەلەوەرەکانی جیا کردەوە لەبەینی چیاکاندا پاشان چوو بۆ شیوەکە و بانگی لەپەلەوەرەکان کرد ئەوەبوو لەماوەی ساتێکدا بەئەندازەی چاوتروکاندنێك خوا بەشەکانی هەریەکە لەپەلەوەرەکانی کۆکردەوە بەیەکەوە و روحی گەڕاندەوە بۆ هەریەکەیان ، هەریەکەیان لەچیاکە دەهاتنە خوارەوە بۆلای ئیبراهیم ، ئیبراهیم پەلەوەرەکانی هەڵگرت بەدەستیەوە و لێی ورد دەبویەوە ، ئەم پەلەوەرانە هیچ شتێکی لێنەگۆڕاوە وەکو پێش سەربڕینی لێهاتۆتەوە ، ئەوەبوو دەسەڵاتی خوا دەرکەوت کە ئەو پەلەوەرانەی زیندوو کردەوە وەهەموو ئێسك و بەشێکی گەڕاندەوە بۆ شوێنی خۆی و روحی گەڕاندەوە بۆ لاشەی پەلەوەرە بێگیانەکان ( مردار بوەکان ) .

## پەند و ئامۆژگاری

( 1 ) ئیبراهیم ویستی دەسەلاتی خوا ببینێت لەزیندووکردنەوەی مردواندا ، ئیبراهیم گومانی نەبوو بەڵکو ویستی ئەو موعجیزەیە بەچاوی خۆی ببینێت تا دڵی ئارام بگرێت و ئیمان و دڵنیایی زیاد بێت .

( 2 ) لەم چیرۆکەدا دەسەلاتی خوا دەردەکەوێت وەکار بەجێی و دانایی ئەو دەردەکەوێت لەزیندوو کردنەوەی مردواندا . وە ئەوە خوا بێتوانا ناکات چونکە خوا لەیەکەم جارەوە لەنەبوو دروستی کردووە ، خوای کار بەجێ دەفەرموێ : ﴿ قل يحييها الذي انشأها اول مرة وهو بكل خلق عليم ﴾ يس : 79 . بلێ کەسێك ئەوانە زیندوو دەکاتەوە کەلەسەرەتاوە بەدی هێناوە و ئەو بەهەموو بەدیهاتویەك زانا و ئاگایە .

## پرسیارەکان

( 1 ) بۆچی ئیبراهیم پرسیاری لەپەروەردگاری کردوو داوای لێکرد کەنیشانی بدات چۆن مردوو زیندوو دەکاتەوە ؟

( 2 ) ژمارەی ئەو پەلەوەرانە چەندبوون کە ئیبراهیم سەری بڕین ؟

( 3 ) ئیبراهیم بەشەکانی پەلەوەرەکانی لەکوێدانا دوای ئەوەی کەسەری بڕین و بەشەکانی تێکەڵ بەیەك کرد ؟

( 4 ) کێ روحی گەڕانەوە بۆ پەلەوەرە مردوەکان ؟

( 5 ) لەچی سورەتێکدا لەقورئانی پیرۆزدا ئەم چیرۆکە هاتووە و باس کراوە ؟

# ( ٨ ) گوێدرێژەکەی عوزەیر

# ( سەلامی خوای لێبێت )

# گوێ درێژەکەی ی عوزەیر
# ( سەلامی خوای لێ بێت )

ئەم بەسەرهاتە چیرۆکی پیاوێکە کە خوای گەورە خۆی و گوێ درێژەکەی کەلەگەڵیدابوو هەردووکیانی بۆ ماوەی سەدساڵ مراند پاشان زیندووی کردنەوە ، ئەمە لەکوێ ڕوویداوە ؟ وەکەی ئەمە ڕوویداوە ؟

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بۆمان باس دەکات کە عوزەیر ڕۆژێك لەگوندەکەی خۆی ڕۆیشت سواری گوێ درێژەکەی بوو وەخواردن و خواردنەوەی لەگەڵ خۆیدا برد و هەڵی گرت بەنیاز و مەبەستی گەیشتن و ڕۆیشتن بۆ گوندێکیتر * ئەوەبوو لەڕێگاکەیدا بەلای گوندێکی گەندەڵ و ڕووخاودا تێپەڕی پاشماوەی ژیانی تێدا نەبوو خانوەکانی ڕووخا بوون و درەختەکانی ووشك بوبون و خەڵکی گوندەکە مردبوون ، وە ئاژەڵەکانیشیان مردار بوبونەوە لەگەڵیاندا و هیچیان نەما بوەوە تەنها ئێسکەکانیان نەبێت ، عوزەیر هیچ جوڵە و دەنگێکی نەئەبیست لەو گوندەدا جگە لەدەنگی با ! پاشان عوزەیر دابەزی لەسەر گوێدرێژەکەی و خواردن و خواردنەوەکەی لەبەردەمی خۆیدا دانا پاشان ڕۆشت و دەگەڕا و دەهات لەدیمەن و وێنەی مردن و ڕزین وورد دەبویەوە لەو گوندەدا ئینجا لەخۆی پرسی : خەڵکی ئەم گوندە مردوون وەئاژەڵەکانیشیان مردار بوونەتەوە و بوونە بەئێسکێکی پۆتاو و تێکەڵ بەخۆڵ و ڕزیوو وەخوا لەڕۆژی دواییدا زیندویان ئەکاتەوە بەلاَم چۆن

* عوزەیر پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلیەکان بوو ، بۆ گوندێ دەچوو لەشاری قودس .

زینـدویان دەکاتـەوە وەچـۆن ئـەو ئێـسکانە بەگۆشـت دادەپۆشـێتەوە پاشـان ژیانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە ، هەموو مرۆڤێك و هەموو ئاژەڵێك وەکو پێش مردنی لێدێتەوە ، چۆن ئەمە ڕوو دەدا ؟ خـوا چـۆن ئەمانـە زینـدوو دەکاتـەوە دوای مردنیـان ؟ خـوا ویـستی کەدەسـەڵاتی خـۆی نیـشانی عـوزەیر بـدات لەزینـدوو کردنــەوەی مــردودا ئــەوەبوو لەوگونــدە ڕوخــاوەدا عــوزەیر مــرد وەگــوێ درێژەکەیـشی مـرد ، نادیـار بـوونی عـوزەیر درێـژەی کێـشا لەخێزانەکـەی، خێزانەکــەی دەگــەڕان و دەرۆشــتن و باســیان لێــوە دەکــرد وەپرســیاریان لەگوندەکانی دراوسێیان دەکرد دەربـارەی عـوزەیر وەپرسـیاریان دەکـرد لـەو قافلانەی دەهاتنەوە دەربارەی عوزەیر ، بەڵام کەسیان نەیان دەزانـی عـوزەیر لەکوێیە !

ئەوەبوو عوزەیر شـارایە وە و هـیچ پاشماوەیـەکی لـەدوای خۆیـشی بـەجێ نەهێشت ! !

هــــەتاوەکو خێزانەکــــەی بێئومێــــدبوون لەگەڕانــــەوەی وەهەنــــدێکیان بەهەندێکیتریان دەووت : عـوزەیر مـردووە ! بـەڵێ ، عـوزەیر مـردوە وەگـوێ درێژەکەشی تۆپیوە ، کەس نەی دەزانی عوزەیر و گوێ درێژەکەی لەو گونـدە ڕووخاوەدان ، ئینجا لەدوای سەد ساڵ خـوا ڕۆحـی گەڕانـدەوە بـۆ عـوزەیر وە زیندووی کردەوە لەوشوێنەدا کەلێی کەوتبوو وەلێی پرسی * :﴿ کم لبثت ﴾ چەندت پێچووە ؟ واتە چەند ڕۆژت بەسەردا تێپەڕیوە لەم گونـدەدا ، عـوزەیر وای زانی کەنووستوە بۆیە ووتی : ﴿ لبثت یوماً او بعض یوم ﴾ ڕۆژێك یا برە

---

* هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان دەفەرموون فریشتەیەك ئەو پرسیارانەی لێکرد .

ڕۆژێك ، خوای گەورە فەرمووی : ﴿ بل لبثت مئة عام ﴾ وانىیـە بـەڵكو سـەد ساڵت پێچووە ، چی ؟! سەد سـاڵ وە مـن لـەم گونـدەدابووم ؟! بـەڵێ ئـەی عوزەیر تۆ مردبوویت خوا زیندووی کردیتـەوە بـۆ پرسـیاری ئـەو ڕۆژە لـەخۆت ناکەیت کە دەت ووت : ﴿ انى يحي هذه الله بعـــد موتهـــا ﴾ خـوا چـۆن دوای مـردن ئەمانـە زینـدوو دەکاتـەوە ، وەبـۆ ئـەوەی وەڵامـی پرسـیارەکەی خـۆت بدەیتەوە خوای گەورە سێنیشانەی نیشان داویت :

1- خوا تۆی مراندوە سەدساڵ پاشان زیندوی کردویتەوە .

2- سەیری خواردن و خواردنەوەکەت بکە کەلەگەڵ خۆتتدا هـەڵت گرتبـوو پێش سەد ساڵ ، ئەو خواردنە نە گۆڕاوە و نە کەڕووشی کردووە وەتام و بـۆن و ڕەنگیشی نەگۆڕاوە ، چ دەسەلآتێك ئەم خواردنەی بۆ تۆ پاراستوە ؟ .

3- سەیری گوێ درێژەکەت بکە بوە بەئێسکێکی ڕزیـوو ژیـانی تێـدا نىیـە بەلآم ئێستا دەست دەکات بەجوولە و هەموو ئێسکێکی دەگەڕێتەوە بـۆ جێـی خۆی لەلەشی گوێ درێژەکە ، سەیری بکە بـوە بەپەیکـەرێك لەئێـسك و ئائـەو گۆشتە دای دەپۆشێت تا ببێت بەگوێ درێـژێکی ڕێـك و پێـك و چـاك بێتـەوە ، ئەوەبوو خوا روحی گەڕاندەوە بۆ گوێ درێژەکە . دوای ئەوەی کە عوزەیر ئەم نیشانانەی بینی ووتـی : ﴿ اعلم ان الله على كل شئ قدير ﴾ تێگەیـشتم کـە خوا خاوەن دەسەلآتە بەسەر هەمووشتێکدا ، ئەوەی عـوزەیری مرانـد وەپـاش سەد ساڵ زیندوی کردەوە وەئەوەی ئێسکی گوێدرێژەکەی بەگۆشت داپۆشـی و روحـی گەڕانـدەوە بـۆی وەئـەوەی خـواردن و خواردنەوەکـەی پاراسـت لەهـەموو ئـەو مـاوە زۆرەدا وە ئـەوەی کـە ئـەم هـەموو نیـشانەیەی نیـشاندا دەسەلآتدار و بەتوانایە لەزیندوو کردنـەوەی مردوانـدا لـەڕۆژی دواییـدا ، ئینجـا

عوزەیر سـەرکەوتە سەرپـشتی گـویَ دریَژەکـەی و گەڕایـەوە بـۆ گوندەکـەی ، سـەد سـالّ تێپـەڕیوە هەمووشـتێك گـۆڕاوە لەگوندەکەیـدا ، خەڵکەکـە و خانوەکانی و درەختـەکانی ، هـیچ کەسێك عـوزەیری نەناسـیوە لەگوندەکـەدا تەنها پیرێـژنێك نـەبێت لەخێزانەکـەی خـۆی کەچـاوی کوێربوبـو لەکاتێکـدا کـە عـوزەیر لەدەرگای‌ـدا پیرەژنەکـە پرسـی : تـۆ کێـی ؟ ووتـی : عـوزەیرم . پیرەژنەکـە ووتـی : پـاك و بێگـەردی بـۆ خـوا عـوزەیر سـەد سـالّ لەمـەوپێش ڕۆیشتوە و نەگەڕاوەتەوە ، عوزەیر ووتی : بێگومان بەڕاسـتی مـن عـوزەیرم ، پیرەژنەکـە ووتـی : عـوزەیر پیـاوێکی پارێزکـاری چـاکەکار بـوو وەپاڕانـەوەی گیرادەبوو ئەگەر تۆ ئەویت داوا لەخوا بکە چاوم بۆ بگەڕێنێتەوە کـە چـاوی بـۆ گەڕاندمـــەوە ســـەیرت دەکـــەم و دەتناسمـــەوە ، عـــوزەیر پاڕایـــەوە و داوای لـەخواکرد کەچـاوی بـۆ بگەڕێنێتـەوە ، ئـەوەبوو خـوا چـاوی بـۆ گەڕانـدەوە و کـاتیَ سـەیری عـوزەیری کـرد ووتـی : پـاك و بێگـەردی بـۆ خـوا بەڕاسـتی تـۆ عوزەیریت .

## پەند و ئامۆژگاری

( 1 ) توانا و دەسەلآتی خـوا لەزینـدوو کردنـەوەی مردوانـدا کـە عـوزەیری مراند و گویَ دریَژەکەشی مراند بۆ ماوەی سەد سالّ پاشان زیندوی کردنەوە .

( 2 ) وەکو دەسەلآتی خوا و لێزانی ئەو دەردەکەوێت لەپارسـتنی خـواردن و خواردنەوەکەی عوزەیر لەکەڕوو کردن و گـۆڕان و خـراپ بـوون مـاوەی سـەد سالّی تەواو .

( 3 ) خوای گەورە هـەموو مردویـەك زینـد و دەكاتـەوە لـە ڕۆژی دواییـدا ، وەلێیان دەپرسێتەوە لەسەر كارەكانیان .

# پـرسیار

پ 1/ عوزەیر سواری ....... بوو

ئەسپ وشتر گوێ درێژ

پ 2/ بۆچی خوا عوزەیری مراند بۆ ماوەی سەد ساڵ ؟

پ3/ لەكاتێكدا خوا پرسیاری لەعوزەیر كـرد فـەرمووی : ﴿ كم لبثـــت ﴾ چەندت پێچووە ، عوزەیر ووتی چی ؟

پ4/ لەم چیرۆكەدا سێنیشانە هەیە كامانەن ؟

پ5/ كێ عوزەیری ناسیەوە كاتێ گەڕایەوە بۆ گوندەكەی ؟

پ6/ ئەم چیرۆكە باس كراوە لەسورەتی :

**یوسف بقرة مائدة**

# ( 9 )

# گـورگـەکـە

# گورگەكە لەگەڵ يوسف
# ( سڵاوی خوای لیٚبیٚت)

ئـەم گورگـە تۆمـەتبار كـراوی بیٚتاوانـە !! كوڕەكـانی يـەعقوب ( سـەلامی خوای لیٚبیٚت ) ئەم گورگەيان تاوانبار كرد بەوەی كە يوسفی برايانی خواردوە لەكاتیٚكدا كە ئەوان رۆشتوون ياريان كردوە لەكیٚلگەدا و پیٚشبڕكیٚيان كـردوە ، وەيوسفيان لەلای خواردن و شت و مەكەكانيان بەجیٚ هیٚشتوە گـورگ هـاتووە و خواردويەتی !!

ئابەو شیٚوەيە براكانی يوسف بەباوكيان ووت و كراسەكەی يوسـفيان دابـوو لەخویٚنەوە لەبەردەم باوكيدا دايان ناو نيشانياندا ، بەلاّم ئەو خویٚنە خـویٚنیٚكی درۆينـەبوو ئـەو خویٚنـە خـویٚنی مـەڕیٚك بـوو كـەبراكانی يوسـف سـەريان بـڕی وەيوسف گورگ نەی خواردبوو يـەعقوب ( سـەلامی خـوای لیٚبیٚـت ) سـەيری كراسەكەی كوڕە خۆشەويستەكەی كرد زانـی كـە كوڕەكـانی فیٚلیٚـان لەيوسـفی برايـان كـردووە ، بـەلاّم ئـەی يوسـف لەكویٚيـە ؟ ئیٚـستا ئـەم چـیرۆكەت لەسەرەتاوە بۆ باس دەكەم :

پیٚغەمبەر يەعقوب دوانزدە كوڕی هەبوو دەيانی لەژنیٚكی هـەبوو وە يوسـف و براكـەی لەژنەكـەی تریبـوو ، ئـەوەبوو يوسـف خۆشەويـست تـر بـوو لـەبراكانیتری بـەلای باوكيـەوە ، پاشـان دەبراكـەی يوسـف كۆبونـەوە و پيلانیٚكيـان دانـا و سـووربوون لەسـەر جیٚبـەجیٚكردنی پيلانەكـە شـەيتان

خەیالاّتی بۆ دروست کردن کە یوسـف بکوژن یـا دووری بخەنـەوە بۆزەویـەکی دوور ، زۆر نزیك بوو براکانی یوسف یوسفی برایان بکوژن ئەگەر یەکێکیان بەزەی پێدا نەهاتایەتەوە ، ئـەوەبوو بـە براکـانی ووت : یوسـف مـەکوژن ، ئەوانیش لیٚیان پرسی : ئەی چۆن ڕزگارمان بێت لیٚی و لەناوی بەرین ؟ ووتی : فڕیٚـی بدەنـە بـیرەوە لەسـەر ڕێگـەی قافلّـەکان پیٚدەچـیٚ ئـەوان یوسـف بدۆزنەوە و هەڵی بگرنەوە بۆ خۆیان و بیبەنەوە و شوێنەواری یوسف نـەمێنێت .

پاشان براکانی یوسف چوون بۆلای باوکیان و پیٚیان ووت :

ئەوە بۆچی یوسف لەگەڵماندا نانێریت بۆ دەشت و کێڵگە ؟

باوکیان ووتی :

من دەترسم کەئێوە غافڵی بکـەن و گـورگ هێـرش بکاتـە سـەری و بیخـوات وەئـەویش بـچووکە و ناتوانێـت بـەرگری لـەخۆی بکـات بـەلاّم ئـەوان بەلگـەیان هێنایەوە بۆ باوکیان و ووتیان :

چـۆن گـورگ دەیخـوات کـە ئێمـە لەگەڵیـداین ، ئێمـە دەپیـاوی بـەهێزین و چەکیشمان پیٚیە ، چۆن گورگ دەتوانێت هێرش بەرێتە سەر براکەمان ؟!!

پاشان یەعقوب ڕازی بوو کە یوسف بنێرێت لەگەڵیاندا بۆ کێڵگـە ، ئـەوەبوو کـە ڕۆشـتن بـۆ کێڵگـە و دەشـت لـەو دەشـتەدا براکـانی یوسـف کراسـەکەی یوسفیان لەبەری داکەند و وئینجـا فڕیٚـیان دایـە نـاو بیرێکـەوە وە دوای ئـەوە مـەڕێکیان سـەربڕی و خـوێنی مەڕەکـەیان سـاوی لەکراسـەکەی یوسـف ، لەبیرەکەدا خوای گەورە نیگای نارد بۆ یوسـف ﴿ **لتنبأنهم بامرهم هذا وهـم لایشعرون** ﴾ نیگامان بۆ یوسف کرد کەلەداهاتوودا ئەوان لەم کارەیان ئاگـادار

دەکەی کەچی ئەوان نازانن و شعوریان پێ ناشکێ ، واتە : ئەی یوسف گەورەت دەکەین وەبراکانت دەت بیننەوە بیریان دەخەیتەوە بەوەی بەتۆیان کردوە .

پاشان براکانی یوسف شەو گەڕانەوە بۆلای باوکیان یەعقوب سەیری کوڕەکانی کرد بەلاّم بینی کە یوسفیان لەگەڵدا نیە ! یوسف لەکوێیە ؟ ئایا کوشتوتانە ؟ ئایا گورگ خواردویەتی ؟ کوڕەکانی یەعقوب بەیەعقوبیان ووت : باوکە ئێمە ڕۆشتین پێشبڕکێمان دەکرد لەکێڵگەکەدا وەیوسفمان لەلای شت و مەکەکانمان بەجێهێشت ، گورگ هات و خواردی ئینجا کراسە خوێناویەکەی یوسفیان نیشانی باوکیاندا وەکو شاهیدێك لەسەر ڕاستێتی قسەکەیان ، یەعقوب کراسەکەی یوسفی گرت و لێی ورد بوویەوە زانی کە کوڕەکانی درۆدەکەن ! ئایا دەچێتە عەقڵەوە کەیوسف گورگ خواردبێتی بێئەوەی کراسەکەی دڕابێت ؟ ئەی براکانی یوسف گورك بێتاوانە بەڕاستی ئێوە گورگ تاوانبار دەکەن ! ﴿ قال بل سولت لكم انفسكم امــراً ﴾. ووتی : هەواو هەوەسی ئێوە ئەم کارەی کردوە ، یەعقوب ئەوەندە گریا لەجیابوونەوەی کوڕە خۆشەویستەکەی هەتاوەکو چاوی ئاوی سپی کرد و کوێربوو لەتاو ناڕەحەتی و خەمی یوسفی کوڕی !

بەلاّم یەعقوب پارێزکار و ئارام گر بوو ڕازی بوو بەقەزای خوا ﴿ فــصبر جميل والله المستعان على ما تصفون ﴾ جا ئارامم جوانە و لەبەرامبەری ئەوەی کە ئێوە دەیڵێن داوای یارمەتی لەخوا دەخوازم ، ڕۆژگار تێپەڕی و یوسف لەبیرەکە هاتە دەروە یەکێك لەقافڵەکان دەری هێنا لەڕێگاکەیاندا کەدەچوون بۆ میسر ئەوەبوو لەمیسر فرۆشتیان بەعەزیزی میسر ( وەزیری گەورەی

میسر ) ، یوسف لەماڵی عەزیزی میسردا گەورە بوو هەتاوەکو گەیشتە ئەوەی کەبووبەگەنجێکی بەهێز ، ئەوەبوو خێزانەکەی عەزیزی میسر بانگی کرد و داوای لێکرد بۆئەوەی کاری خراپی لەگەڵدا ئەنجام بدات بەڵام یوسف سەرپێچی ئەو کارەی کرد و خۆی لێ مەنع کردو ووتی: ﴿ قال معاذ الله انه ربي احسن مثواي انه لايفلح الظالمون ﴾ ووتی : پەنا بەخوا بەڕاستی عەزیزی میسر خاوەنی نیعمەتی منە ڕێزی لەمن گرتووە ئایا ئەتوانم خیانەت و ستەمی لێبکەم بەڕاستی ستەمکاران قەت ڕزگار نابن ، ئەوەبوو یوسف بەفێڵی خێزانی عەزیزی میسر چووە بەندیخانەوە وەلەبەندیخانەدا ماوەی حەوت ساڵ مایەوە کەبەند بوو تیایدا پاشان خوا لەبەندیخانە ڕزگاری کردوو پلەیەکی گەورەی پێبەخشی ، یوسف بوو بەگەورەی میسر پاش ماوەیەك بەبراکانی گەیشتەوە لەکاتێکدا کەئەوان هاتن بۆ میسر خواردنیان دەکڕی یوسف بیری خستنەوە بەوەی کەپێیان کردوە ئەوانیش زانیان کە هەڵەن و تاوانبار بوون و هەڵەیان کردووە وەخوا شوێنەواری یوسفی پاراستووە بەپاراستن و یارمەتی خۆی ﴿ قالوا تالله لقد اثرك الله علينا وان كنا لخاطئين ﴾ ووتیان : سوێند بەخوا بەیەقین خوا تۆی بەسەر ئێمەدا پێش خستووە و ئێمە لەتاوانباران بووین ، ئینجا یوسف لەبراکانی خۆش بوو ﴿ قال لاتثريب عليكم اليوم ﴾ ووتی : ئەمڕۆ سەرزەنشت و لۆمەتان لەسەر نییە ، وە یوسف داوای لەخوا کرد کە لێیان خۆش بێ ﴿ يغفر الله لكم وهو ارحم الراحمين ﴾ خوا لێتان خۆش دەبێ و تاوانتان دەبەخشێت وەخوا میهرەبانە و لەهەموو خاوەن بەزەییە بەبەزەیی ترە ، ئەوەبوو گورگەکە بێتاوان بوو لەوەی کە براکانی یوسف تاوانباریان کردبوو .

# پەند و ئامۆژگاری

( 1 ) کوڕەکانی یەعقوب فیڵیان لەیوسفی برایان کرد و فڕێیان دایە ناو بیرەکەوە ئینجا درۆیان کرد لەلای باوکیان ووتیان : یوسف گورگ خواردویەتی بەلاّم خوا ڕەدی فیڵەکەیانی دایەوە و یوسفی پاراست ، وەدرۆو فێلّ هەرگیز بەخێر و چاکە نایەن .

( 2 ) یەعقوب پارێزکار و ئارامگر بوو بێئارام نەبوو لەجیابوونەوەی کوڕەکەی بەلّکو ڕازی بوو بەقەزای خوا و ڕووی کردە خوا و پەنای پێبرد و خەم و خەفەتی خۆی لەلای ئەو هەڵڕشت ﴿ قال انما اشكوا بثي وحزني الى الله ﴾ ووتی : خەم و خەفەتم تەنیا بەخوا دەڵێم و لای ئەو شکایەت دەکەم ، خواش پاداشتی دایەوە لەسەر ئارام گرتنەکەی ئەوەبوو کوڕەکەی بۆ گەڕاندەوە .

( 3 ) یوسف بووبەگەورەی میسر و سەرۆکی بەگوێکراوی میسر وەکاتێك کە براکانیهاتن بۆلای تۆڵەی خۆی لێنەسەندنەوە وەسزای نەدان لەسەر ئەوەی کە پێیان کردبوو ، بەلّکو لێیان خۆش بوو وەزیاد لەمەیش داوای لێخۆش بوونی بۆ کردن وە ئەمەش ئاماژە دەکات بۆ لێبوردەی و ڕەوشت بەرزی یوسف .

( 4 ) هەموو تۆمەتبارکردنێك ستەمە هەر دەبێت پاکێتیەکەی دەربکەوێت ئەگەر دوای ماوەیەکیش بێت ، حەتا گورگەکە کەبراکانی یوسف تۆمەتباریان کردبوو بەوەی کەیوسفی برایانی خواردوە بەلاّم خواپاکێتی دەرخست .

# پرسیار

پ1/ ئایا یوسف گورگ خواردی ؟

پ2/ براکانی یوسف هاتن بۆلای باوکیان وەکراسەکەی یوسفیان پێبوو لەسەر کراسەکەی یوسف چەن پەڵە خوێنێك هەبوو ئەو خوێنە خوێنی .... بوو

گورگ یوسف مەڕ

پ3/ چۆن یەعقوب زانی کە یوسفی کوڕی گورگ نەی خواردوە ؟

پ4/ ئەوەی یوسفی کردە بەندینخانەوە ....... بوو

براکانی خێزانەکەی عەزیزی میسر پیاوەکانی قافڵەکە

# ( ١٠ ) ماسیيەكە لەگەڵ موسا و خدردا

# ماسیەکە لەگـــەڵ موسا و خدردا

ڕۆژێك پێغەمبەر موسا( سەلامی خوای لێبێت ) لەناو بەنی ئیسرائیلیەکاندا وەستابوو ووتاری دەفەرموو ، ئەوەبوو قسەیەکی کرد و خەڵکەکە گریان و دڵیان ترسا ، پاشان کابرایە ڕۆیشت و دوای موسا کەوت و لێی پرسی : ئەی پێغەمبەری خوا زاناترینی خەڵك کێیە ؟ ( کێ لەهەمووکەس زاناترە ؟ ) موسا وەڵامیدایەوە و فەرمووی : من زاناترینی خەڵکم ، ئەوەبوو خوای گەورە لۆمەی کرد لەسەر ئەوەی کەوتبووی ، باشتر و ڕاستر وابوو کەبڵێت : من زاناترین کەسم وەخواش زاناترە ، واتە لەوانەیە لەشوێنێك کەسێك هەبێت زانیاری لەمن زیاتر بێت من نایناسم ، نازانم کێیە ، خوای گەورە نیگای نارد بۆ حەزرەتی موسا ( سەلامی خوای لێبێت ) کەلەشوێنێکدا بەندەیەك هەیە لەبەندەکانم کەلە تۆزاناترە ، مووسا فرەمووی : ( یارب و کیف بـــه ) *.واتە چۆن بگەم بەوکەسە ؟ .

خوای گەورە نیگای نارد بۆ مووسا ﴿ **احمل حوتاً في ملتك فـــاذا فقدتـــه فهـــو ثم** ﴾ واتە : ماسیەیەك بگرە و بیهێنە و هەڵی بگرە لەسەبەتەیەکدا وەکەی ئەو ماسیەت ون کرد و لەکوێ ونت کرد ئەوە ئەو کەسە لەوێیە ، وەئەوە نیشانەیە لەسەر جێگای ئەو پیاوەباشە ، ئەوەبوو موسا ڕۆشت و

---

* ئەوعیبارەتانەی نێوان ئەو کەوانەیە لەو فەرمودەیەیە کە ( امام بخاری ) لە صحیحەکەیدا هێناویەتی لە ( کتاب العلم ) دا .

دەگەڕابـەدوای ئـەوپیاوەدا لەگـەڵ خۆیـدا گـەنجێکی بـرد کـە ئـەو گەنجـە هاوڕێیەتی موسای دەکرد نـاوی ( یوشـع ی کـوڕی نـون ) بـوو وەماسـیەکیان پێبوو هەتاوەکو گەیشتنە زەویەك لەوێدا دوودەریا یەکیان دەگـرت بـۆ پێـك هێنـانی دەریایـەك ئـەوەبوو هـەردوکیان دانیـشتن لـەلای بەردێکـدا تـاوەکو ئیـسراحەت بکـەن لـەهیلاکی گەشـتەکەیان ، ئینجـا موسـا خـەوی لێکـەوت ، ئـەوەبوو خـودا رۆحـی گەڕانـدەوە بۆماسـی یـە مردوەکـە لەسـەبەتەکە کەوتـە خوارەوە و خـۆی هەڵدایـە دەریاکـەوە وەگەنجەکـە ( یوشـع ) سـەیری دەکـرد بـەبێئاگایی و سەرسـوڕمانەوە ، پاشـان ئـاوڕی دایـەوە بـۆلای موسـا و ڕووی تێکـرد بینــی خــەوتووە بــەڵام هــەڵی نەســتاند ، پاشـان موسـا بەئاگاهاتــەوە لەخەوەکەی ، ئەوەبوو ڕۆشتن لەگەڵ گەنجەکەدا هەتا شـەوو ڕۆژێـك تێپـەڕین و ڕۆیــشتن ، موســا هەســتی بــەهیلاکی کــرد ئــەوەبوو بەگەنجەکــەی ووت : خواردنەکەمان بۆ بێنە تاوەکوو لێی بخۆین بەڕاسـتی مـن هەسـت بـەهیلاکی و ماندوویێتی دەکـەم ، گەنجەکـە بـۆ موسـای باسـکرد و بـیری خـستەوە کـەژیان گەڕاوەتــەوە بــۆ ماســیەکە و وەخــۆی هەڵداوەتــەو نــاو دەریاکــە وەبەموســای ووت : بـیرم چـوو کـەپێت ڕابگەیـەنم کەماسـیەکە دەرچـووە لەسـەبەتەکە و چووەتە ناو دەریاکەوە ، موسا لێـی پرسـی : کـەی ؟ یوشـع وەڵامـی دایـەوە ووتی : لەلای بەیەك گەیشتنی دوو دەریاکە ئەو بـەردەت بـیرە کەچوینە لای و لێی حەواینەوە ، موسا وتی : بـەڵێ بیرمـە بـەڵام خـەو زاڵ بوبـو بەسـەرمدا و خــەوم لێکــەوتبوو ، یوشـع ووتــی : لەوکاتــەدا تۆنوسـتبووی مـن ماسـیەکەم بینی خۆی هەڵدایـە دەریاکـەوە ، موسـا ووتــی : ئـەوە شـتێکە کـە ئێمـە بـۆی هاتووین بمان گەڕێنەوە بۆ لای ئەو بەردە ، بەڕاستی ئەو پیاوە چاکە لەوێدایـە

، خوای گەورە نیگای بۆ کردووم کەلەکوێدا ئەو ماسی‌یەت وون کرد ئەو پیاوە چاکە لەوێدا دەبینیت کەلە تۆ زاناترە ، ئەوەبوو موسا و گەنجەکە گەڕانەوە بۆلای بەردەکەلەلای بەیەك گەیشتنی دوودەریاکە بەیەکتر ، ئەوەبوو لەلای بەردەکە موسا گەیشت بەپیاوچاکەکە کەناوی ( خدر ) بوو وەداوای لێکرد کەدوای بکەوێت تاوەکو شتی لێوە فێرببێت ، خدر بەموسای ووت : ﴿ انك لن تسطيع معي صبراً ﴾ ( بەڕاستی تۆ هەرگیز ناتوانیت لەگەڵ مندا خۆت بگریت و بەئارام بیت ) .

واتە : بەڕاستی تۆ ناتوانیت ئارام بگریت لەوشتانەی لەمنی دەبینیت کە تۆزانیاریت نی‌یە دەربارەی ، موسا ووتی : ﴿ ستجدني ان شاء الله صابراً ولا اعصي لك امراً ﴾ .

( ئەگەر خوا بیەوێ و مەیلی ببێ منت دەست دەکەوێ و دەم بینی بەکەسێکی بەئارام و خۆگر سەرپێچیت لێناکەم لەهیچ فرمانێکتدا ) .

ئەوەبوو خدر مەرجێکی لەسەر موسا بەمەرج گرت تاکو هاوڕێیەتی بکات ﴿ قال فان اتبعتني فلا تسألني عن شئ حتى احدث لك منه ذكراً ﴾ .

ووتی : کەواتە ئەگەر تۆ هاوڕێیەتی من دەکەیت و شوێنم دەکەوی پرسیاری هیچ شتێکم لێنەکەیت هەتا من خۆم لەلایەن خۆمەوە بۆت باس دەکەم و ڕوونی دەکەمەوە .

واتە : ئەوشتەی کە تۆ دەیبینی لەکارەکانی مندا لێم مەپرسە بۆچی وادەکەیت ؟ هەتاوەکو بۆت باس دەکەم دەربارەی هۆکارەکەی ، وە بەمەرجی دەگرم لەسەرت کە ئارام بگریت و پەلەنەکەیت لەپرسیار کردنت لێ.

ئەوەبوو موسا ڕازی بوو لەسەر ئەو مەرجە ، پێکەوە ڕۆیشتن موسا و خدر سواری کەشتیەك بوون ، ڕۆیشتن هەتاوەکو گەیشتنە ناوەڕاستی دەریاکە ، لەناوەڕاستی دەریاکەدا خدر تەختەیەك لەتەختەکانی کەشتیەکەی گرت و شکاندنی و ئاو هاتەسەرێ بۆسەر کەشتیەکە ، موسا سەری سوڕما !!! بۆچی خدر کەشتیەکەی کون کرد ؟ ئەیەوێت نوقمی بکات ؟ موسا لەخدری پرسی : ﴿ اخرقتها لتغرق اهلها ﴾ ئایا کەشتیەکەت کون تێکرد بۆ ئەوەی ئەوانەی وان لەناویدا نقوم بکەیت ؟ پاشان موسا بەبەڵگەوە ووتی : ﴿ لقد جئت شيئاً امراً ﴾ بەڕاستی کارێکی زۆر گەورت کرد و تاوانێکی زۆر زل بوو ) .

واتە : شتێکی ناپەسەندە ، ئەوەبوو خدر ئەو مەرجەی کەلەسەر موسای بەمەرج گرتبوو بیری خستەوە و ووتی : مەگەر پێم نەووتیت کەتۆ ناتوانیت ئارام بگریت ؟ پێم نەوتیت کە پرسیارم لێنەکەیت ؟ پاشان موسا عوزری هێنایەوە ووتی : ﴿ لا تؤاخذني بما نسيت ﴾ لێم مەگرە بەهۆی لەبیر چوونمەوە ، خدر عوزرەکەی موسای قبوڵکرد، ئەوەبوو پێکەوە ڕۆیشتن هەتاوەکو دابەزین لەکەشتیەکە و بەلای کۆمەڵێ منداڵدا تێپەڕین کەیاریان دەکرد ، خدر یەکێ لەومنداڵانەی گرت و کوشتی ، موسا سەری سوڕما و ئینکاری کرد لەو تاوانەی کە خدر پێی هەستا ووتی : ﴿ اقتلت نفساً زكية ﴾ ئایا نەفسێکی پاکی بێگوناهت کوشت ؟ ، ئەو منداڵە منداڵێکی بێتاوان بوو هیچ تاوانێکی نەکردوە کەشایستەی کوشتن بێت ، دەی کەوابوو بۆچی کوشتت ؟! خدر وەڵامی دایەوە ووتی : پێم نەوتیت ئارام بگرە و لێم مەپرسە ؟ ، موسا بینی کە ئەو پەیمانەی داویەتی بەخدر پێوەی پابەند نەبووە دووجار ، جارێکیان کە خدر کەشتیەکەی کونکرد جارەکەی تریشیان کەمنداڵەکەی

کوشت ، لەبەرئەوە بەخدری ووت : ﴿ ان سالتك عـــن شـــئ بعـــدها فـــلا تـــصاحبني ﴾ ئەگـەر لـەپاش ئـەمجارە پرسـیارم لێكـردی لەهـەر شـتێك ئـیتر هاوڕێیەتیم مەكە ، واتە : ئەگەر ئارامم نەگرت لەو كارانەی لەتۆی دەبینم ئەوا لێم جیاببەرەوە و سەرزەنشتت ناكەم .

ئینجا موسا و خدر دیسان پێكەوە ڕۆیشتن هەتاوەكو چوونە گوندێكـەوە و گەیشتن پێی كە خەڵكی ئەو گوندە* بەخیل و ڕژد بوون و وەموسـا و خـدریش برسیان بوو داوای خواردنیان لەخەڵكی گوندەكـە كـرد بـەڵام ئـەوان میوانـداری موسا و خدریان نەكرد ، خدر بینی كەلـەو گونـدەدا دیوارێـك نزیكـە دەڕوخێـت بۆیە داوای لەموسا كرد كە یارمـەتی بـدات تـاوەكو دیوارەكـە چـاك بكەنـەوە ، دەسـتیان كـرد بـەئیش و چـاكردنەوەی هـەتا تـەواویان كـرد ، موسـا ووتـی : ﴿ لوشئت لاتخذت علیه اجراً ﴾ ئەگەر مەیلت بوایە كـریێ یـەكت وەردەگـرت لەسەرچـاكردنەوەی ئـەو دیـوارە ، ئێمـە داوای خواردنمـان لەخـەڵكی ئـەو گوندەكرد بەڵام ئـەوان خواردنیـان پێنـەداین بـۆ داوای پاداشـتیان لێناكـەیت لەسەر ئەو كارەی كـە بـۆت كـردوون ، ئێمـە خواردنمـان دەوێـت ! خـدر ڕووی كـردە موسـا ووتـی : ﴿ هـــذا فـــراق بـــیني وبینـــك ﴾ ئـەم كاتـە كـاتی جیا بوونەوەی نێوانی من و تۆیە ، تۆ ئارامت نەگرت ئەی موسا من پـێم وتیـت كە پرسیارم لێمەكە هەتا خۆم لەبارەیـەوە بـۆت بـاس دەكـەم بـەڵام تـۆ نـەت تـوانی كەپرسـیارم لێنەكـەیت كـە كەشـتیەكەم كـون كـرد لێـت پرسـیم وەكـە منداڵەكەم كوشت لێت پرسیم ، وە كـە دیوارەكـەم چـاكردەوە لێـت پرسـیم ،

* ئەو گوندە لەشاری ( **انطاكیة** ) بوو .

بەلأم پێش ئەوەی کە لێم جیاببیتەوە ( تاویل ) ی ئەو شتانەی کەبینیت لەمن بۆت باس دەکەم :

کەشتیەکە کەکونم تێکرد هی چەند هەژارێك بوو کەکاریان پێدەکرد لەو دەریایەدا وەلەو شارەشدا پادشایەکی ستەمکار هەبوو سەربازەکانی لەسەر کەناری دەریاکە دەوەستاند سەیری کەشتیەکانیان دەکرد ئەگەر کەشتیەکی چاکیان بەلایا تێپەڕیایە کە نوقسانی تێدا نەبوایە دەیان برد وەپادشا ستەمکارەکە فەرمانی پێکردبوون بەو کارە ، وەخەڵکی ئەو شارەش نەیان دەتوانی بەرگری بکەن لەستەم و توندو تیژیەکەی پادشا ، بۆیە کەشتیەکەم کون تێکرد تاعەیبداری بکەم ، کاتێ کە سەربازەکانی پادشا سەیری دەکەن کە پڕ دەبێت لە ئاو نایبەن بۆخۆیان ، تۆ ئەوە نازانی ئەی موسا بەلأم خوای گەورە منی فێرکرد و فەرمانیشی پێدام کە کەشتیەکە کونبکەم .

وەمنداڵەکەش کە کوشتم کافر بوو ناڕەحەت بوو بۆدایك و باوکی کە باوك و دایکی باوەڕداری چاك بوون ، خوا فەرمانی پێدام کە بیکوژم تاوەکو دایك و باوکی بەکوفر دانەپۆشێ و کافریان نەکات ، وەخوا بۆیان دەگۆڕێت بەمنداڵێکی باشتر لەو ، چاکەکار ، .وە ئەو دیوارەش کە چاکم کردەوە هی دوو کوڕی هەتیوو بوو لەوشارەدا باوکیان گەنجینەیەکی بۆ شاردبوونەوە لەژێر ئەو دیوارەدا ئەگەر دیوارەکە بڕوخایە و خەڵکی ئەو شارە گەنجینەکەیان ببینیایە دەیانبرد بۆ خۆیان ، وەتۆش خەڵکی ئەو گوندەت بینی کە چەندە ڕژد بوون خواردنیان پێنەداین ، وە ئەو دوو کوڕەش هێشتا منداڵبوون نەیان دەتوانی کە گەنجینەکەیان بپارێزن لەخەڵکی شارەکە خوا فەرمانی پێدام کە دیوارەکە چاك بکەمەوە تاوەکو نەڕوخێ بۆئەوەی ئەو گەنجینەیە بپارێزێت

هەتا دوو کوڕە بێبابەکان گەورە دەبن و دەری دێنن . وە هەموو ئەوانەی کە ئەنجامیدا فرمان و کاری خۆم نەبوو بەڵکو فرمانی خوای پەروەردگار بوو .

# پەند و ئامۆژگاری

( 1 ) کە پرسیار کرا لەموسا کێ زاناترینی خەڵکە ووتی من ، خواش لۆمەی کرد لەسەر ئەوەی کە ووتی ، نابێ موسڵمان بڵێت من زاناترینی خەڵکم چونکە زانستی ئەوە لای خوایە کە کێ زاناترە .

( 2 ) خوای گەورە روحی گەڕاندەوە بۆ ماسیەکە و لەسەبەتەکە کەوتە خوارەوە و خۆی فڕێدایە دەریاکەوە ، ئەوە ئاماژە دەکات بۆ دەسەڵاتی خوا لەزیندوو کردنەوەی مردواندا .

( 3 ) خوای گەورە فەرمانی کرد بەخدر بەکوشتنی منداڵەکە و چاککردنەوەی دیوارەکە وە لەهەریەك لەو دوو دیمەنەدا ڕۆڵی باوکایەتی چاك دەردەکەوێت ، لەدیمەنی یەکەمدا ﴿ وكان ابواه مؤمنين ﴾ باوك و دایکی باوەڕداربوون ، لەبەرئەوەی باوك و دایکی ئەو منداڵە باوەڕداربوون خوا ڕزگاری کردن لەئەزیەتی کوڕە ئازار دەرەکەیان کەمایەی ناڕەحەتی بوو بۆیان ، وە خوا بۆیان دەگۆڕێت بەمنداڵێکی چاك . لەدیمەنی دووەمدا ﴿ وكان ابوهما صالحاً ﴾ باوکیان پیاو چاك بوو ، لەبەرچاکی باوکیان کەمردبوو خوا دوو کوڕەکەی پاراست کە فەرمانیدا بەخدر دیوارەکە چاك بکاتەوە تا نەڕوخێت .

( 4 ) ئەگەر موسا ئارامی بگرتایە و خۆی بگرتایە لەسەر ئەو مەرجەی کە خدر لەسەری بەمەرج گرت زیاتر هاوڕێیەتی خدری دەکرد و شتی زیاتری لێوە فێر ئەبوو بەڵام موسا بیری چوو ئەو مەرجەی لەسەری ڕێکەوتبوو لەگەڵ خدردا وەپەلەی کرد لەپرسیار کردندا ، ئەگەر ئارامی بگرتایە باشتر بوو بۆی .

( 5 ) لەکۆتایی چیرۆکەکەدا موسا زانی کە خدر ئەوکەسەیە کە لەو زیرەك ترە لەگەڵ ئەوەشدا کە موسا پێغەمبەری خوا بوو وەوتە بێژی خوابوو ( واتە قسەی لەگەڵ خوادا دەکرد ) ، چونکە هەریەکە لەموسا و خدر ( سەلامی خوایان لێبێ ) گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە کە خوا فەرمانی پێکردوون جێبەجێی بکەن ، موسا پێغەمبەری خوابوو وەنێراوی خوا بوو بۆ بەنی ئیسرائیلیەکان خوا زانستێکی بەموسا بەخشی بوو ئەوەندەی کەپێویستیەتی بۆ بلاوکردنەوەی بانگەوازەکەی ، بەڵام خدر دەورێکی-تری هەیە لەم ژیانەدا خوا زانستێکی فراوانی پێ بەخشیبوو کە لەگەڵ ئەو دەورەدا دەگونجا .

# پـــرسيار

پ1/ ئەونیـشانەیە چـی بـوو کـە موسـا کـردی بەبەڵکـە بـۆ دۆزینــەوەی شوێنی خدر ؟

پ2/ لەکاتێکدا خوا روحی گەڕاندەوە بـۆ ماسـیەکە و خـۆی فـڕێ دایـە نـاو دەریاکەوە بۆچی موسا نەی بینی ؟

پ3/ بۆچی خدر کەشتیەکەی کون کرد ؟ وە بۆ منداڵەکەی کوشت ؟ وە بۆ دیوارەکەی چا کردەوە ؟

پ4/ لەچیرۆکەکەدا هاتووە کە موسا ( رسول الله ) ، و ( کلیمە ) ە ، واتای ئەوانە چیە ؟

پ5/ ئەو گەنجە ناوی چیبوو کەلەگەڵ موسادا ڕۆیـشت بـۆ شـوێنی بەیـەك گەیشتنی دوو دەریاکە ؟

پ6/ پێش ئەوەی کە موسا و خدر لەیەك جودا ببنەوە خدر بەموسـای ووت : ﴿ ومـــا فعلتـــه عـــن امـــري ﴾ مـن لەخۆمـەوە ئـەو کـارەم نـەکرد ، واتای ئەمە چیە ؟ .

# ( ١١ ) نەوەد و نۆ مەڕەکە

# مەڕی هۆزەکە

# مۆرانەکە

# نەوەد و نۆ مەڕەکە

داود ( سەلامی خوای لێ بێت ) پێغەمبەر بوو وەلەهەمان کاتیشدا پادشاش بوو وەزۆربەی کاتەکانی لەجێ بەجێ کردن و ڕێکخستنی کار و باری ولاّتەکەیدا وەلەجێ بەجێ کردن و دادگایی کردنی ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان خەڵکیدا بەسەر دەبرد ، وەچەند ساتێکی تایبەتی هەبوو کە زۆر خۆشەویست بوو بەلای دڵیەوە لەوکاتانەدا دەڕۆیشت بۆ میحرابەکەی خودای دەپەرست و یادی دەکرد و گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد ، وەسوپاسی خوای دەکرد لەوپلەی پێغەمبەرایەتی و پادشایەتیەی پێی بەخشیوە .

ڕۆژێك کە داود بەتەنها لەمیحرابەکەیدا بوو یادی خوای دەکرد لەوکاتەدا دووپیاو هاتنە لای و لەبەردەمیدا وەستان ، داود سەیری کردن ئینجا ترسا و ترس گرتی چۆن ئەمانە هاتوونەتە میحرابەکەیەوە کەدەرگای میحرابەکە بەبەردەوامی داخراوە ؟! هەردەبێت لەدیوارەکەوە هاتبنە میحرابەکەوە ، دووپیاوەکە هاتنە پێشەوە و دڵنیایان کردەوە ﴿ 0 قالوا لا تخف ﴾ ووتیان : مەترسە ، داود لێی پرسین بۆچی هاتوون ؟ یەکێکیان ووتی : ئێمە دوو دوژمنی یەکین ﴿ دوو شەکوا کارین ﴾ یەکێکمان ستەم و دەستدرێژی لەوی ترمان کردوە ، داود ووتی : باسەکەتان چیە و چۆنە ؟ یەکێکیان ئیشارەتی بۆلای هاوڕێکەی کرد و ووتی : ئەمە برامە و خاوەنی نەوەد و نۆمەڕە وەمنیش خاوەنی یەك مەڕم ، ئەو پێم دەڵێ مەڕەکەی خۆشتم بدەرێ وەزۆری لێکردوم لەقسەکەیدا و زۆر سوور و پێداگرە لەداواکردنی ئەو مەڕەی من ، داود ووتی :

بەڕاستی براکەت ستەمی لێکردویت بەداواکردنی مەڕەکەی تۆ و تەماعی کردوە لەمەڕەکەت کە تۆ جگە لەو مەڕە هیچی ترت نیە ، ئەوەبوو داود حوکمی دا بەسەریاندا ، پاشان سەیری دەوروبەری خۆی کرد بەڵام دوو پیاوەکەی نەدی ! ! ئایا بۆکوێ چوون ؟ ئالەوێدا داود زانی کە ئەو دوو دوژمنە فریشتە بوون خوا ناردبوونی تا داودی پێتاقی بکاتەوە ، ئەوەبوو داود پەلەی کرد لەحوکم دانەکەدا گوێی لەقسەی یەکێکیان گرت بەڵام گوێی لەویتریان نەگرت بزانێت ئەویش چی دەڵێ پێوویست بوو لەسەر داود کە ماوە و فرسەت ببەخشێ بەهەر دوو دوژمنەکە تاوەکو هەریەکەیان قسە و بەڵگەی خۆی بڵێ وەئەمە دادگای کردنی داد پەروەرانەیە ، ئەگەر داود گوێی لەوی تریان بگرتایە پێدەچوو ڕوو روخساری ڕووداوەکە بگۆڕایە هەمووی یان بەشێکی ، وە داود زانی کە ئەوە تاقی کردنەوەیەکە لەلایەن پەروەردگارەوە ﴿ **فظن داود انما فتناه** ﴾ داود وای زانی کەتەنها تاقیمان کردۆتەوە ، بۆچی ئاوای کرد ؟ ئەوەبوو لەمیحرابەکەیدا چەمیەوە و ڕکوعی برد بۆ خوا و داوای لێخۆش بوونی کرد لەو تاوانەی کە کردی ﴿ **فاستغفر ربه وخر راكعاً واناب** ﴾ جا لەپەروەردگاری خۆی داوای لێبووردنی کرد ، رکوع و سوجدەی برد و تەوبەی کرد ، خواش لەو پەلەکردنەی لەکاتی دەرکردنی حوکمەکەدا کردی لێی خۆش بوو لەکاروباری ئەو دووپیاوە ﴿ **فغفرنا له ذلك** ﴾ جا لەو هەڵەی ئەو خۆش بووین ، وە داود شوێنێکی پیرۆز و بەڕێزی هەیە لەبەهەشتدا لەڕۆژی دواییدا ﴿ **وان له عندنا لزلفى وحسن ماب** ﴾ وەبەڕاستی لای ئێمە پلەی بەرزە وەدوا ڕۆژی چاکی بۆ هەیە ، ئینجا خوا بیری داودی خستەوە بەوەی کە حوکم لەنێوان خەڵکدا بەداد پەورەرانە بکات وە ڕووداوەکە سابت و ڕوون

بکاتەوە پێش ئەوەی حوکم دەر بکات بۆی وەپەلەنەکات چونکە پەلەکردن شوێنکەوتەی ئارەزووە لەوانەیە مافی خەڵکی بخورێت و بفەوتێت لەکاتێکدا کە حاکم پەلەدەکات لەدەرکردنی حوکمەکەیدا ﴿ **يا داود انا جعلناك خليفة في الارض فاحكم بين الناس بالحق ولا تتبع الهوى فيضلك عن سبيل الله** ﴾ ئەی داود بەحەقیقەت ئێمە تۆمان کردە خەلیفە و نوێنەری خۆمان لەزەویدا جا لەنێوان خەڵکدا بەحەق داد وەری بکە مە چۆ بەدوای هەوای نەفسدا کە تۆ لەڕێگەی خوا لابدات .

## مەڕی هۆزەکە لەگەڵ داود و سولەیماندا ( سەلامی خوایان لێبێت )

لەولاتەکەی داودا دووپیاو هەبوون یەکێکیان جووتیاربوو وەئەوەی تریان خاوەنی کۆمەڵێ مەڕبوو ، شەوێك لەشەوان مەڕەکانی کابرای خاوەن مەڕ چوبوونە کێڵگەی کابرای جووتیارەوە ، کشتوکاڵەکەی جووتیارەکەیان خواردبوو وەتێکیان شکاندبوو و شێلابویان ! ! کاتێ بەیانی جووتیارەکە چوو بۆ کیلگەکەی بینی کە کشتوکاڵەکەی مەڕەکان خواردویانە و خراپیان کردووە . ئەوەبوو ئەم دووپیاوە بۆ حوکم کردن چوون بۆلای پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لێبێت ) ، داودیش دادگایی کرد لەنێوانیاندا ، کەمەڕەکانی دا بەخاوەن کێڵگەکە لەبری ئەو زیانەی کە بەکشتوکاڵەکەی گەیەنراوە لەلایەن مەڕەکانەوە . پاشان دووپیاوەکە لای داود ڕۆیشتن ، خاوەنی مەڕەکان بەلای سولەیماندا تێپەڕی سولەیمان لێی پرسی : باوکم چۆن دادگایی کرد لەنێوانتاندا ؟

خاوەنی مەڕەکان ووتی : من مەڕەکانم داوە بەهاوڕێکەم کە مەڕەکانم چووبوە کێڵگەکە ی ئەوەوە . سولەیمان ووتی :

چاوەڕێ بکە تا دەچم بۆلای باوکم ، ئەوەبوو سولەیمان چوو بۆلای باوکی و پێی ووت : ئەی پێغەمبەری خودا ئەوە دادگای کردن نیە کە تۆ دادگایت کردوە . داود پرسیاری لەکوڕەکەی کرد و ووتی :

ئەی دادگای کردن چۆنە ؟ سولەیمان ووتی : مەڕەکان بدە بەخاوەن کشتوکاڵەکە با سوود لەماست و خوریەکەی وەربگرێت هەتا خاوەنی مەڕومالآتەکە کێلگەکە دەچێنێت و ئاوی دەدات هەتا کشتوکاڵەکە گەشەدەکات و گەورە دەبێت وەکو جاری پێشووی خۆی ، کە وەکو جاری پێشووی لێهاتەوە ( ئەو کاتەی کە مەڕەکان لێیان نەخواردبوو ) ئەوا جووتیارەکە مەڕەکان بداتەوە بەخاوەنەکەی وە ئەویش کێڵگەکەی بداتەوە .

داود سەری سوڕما لەزیرەکی و کار بەجێی و لێزانی کوڕەکەی وە پێی ووت : بەڕاستی دادگایی کردن ئەمەیە ، ئینجا داود دووپیاوەکەی بانگ کردەوە و دادگایی کرد لەنێوانیاندا بە حوکمەکەی سولەیمانی کوڕی ، داود وویستی بەو دادگایی کردنە ئەو زیانەی کە بەخاوەنی کیڵگەکە گەیشتبوو بۆی بگەڕێنێتەوە ئەوەبوو مەڕەکانی پێدا ، ئەمە دادگایی کردنێکی ڕاست و داد پەروەرە ، بەڵام داد گایی کردنەکەی سولەیمان باشتر و داد پەروەرتر و موافق تر بوو لەگەڵ حەقدا چونکە کێڵگەکە خراپ بوبو چاکی کردەوە وگێڕایەوە بۆ خاوەنەکەی ، خوای گەورە دەفەرموێت دەربارەی داود و سولەیمان ﴿ **وكلاً اتيناه حكماً وعلماً** ﴾ وەبەهەریەك لەو دوانە دادوەری و زانستمان پێدان ، هەردوکیان حوکمیان کرد و داد پەروەربوون ، بەڵام خوا دەبیستێ و دەبینێ ، وە دادگایی ڕاستر و دانایی خستە دڵی سولەیمانەوە ﴿ **ففهمناها سليمان** ﴾

وە ئێمە ئەوە ( داد وەری باشتر ) مان بەسولەیمان فێرکرد ، واتە : دادگایی ڕاستر و دروسترمان خستە دڵی سولەیمانەوە لەکاری ئەو دووپیاوەدا .

## پرسیار

پ1/ چۆن داود دادگایی کرد لەنێوان دووپیاوەکەدا ؟

پ2/ واتەی ئەم ووتەیەی خوای گەورە چیە ﴿ ففهمناها سليمان ﴾ ؟

پ3/ ئەم چیرۆکە هاتووە لەسوورەتی :اسراء نمل الانبياء

## مۆرانە
## لەگەڵ پێغەمبەر سولەیماندا

جنۆکە( پەری ) : چەند لاشەیەکن کە خوای گەورە لەئاگر دروستی کردوون ، ئەوانیش وەك ئێمە ئوممەتێکن موسڵمانی چاکیان تێدایە هەورەها گومڕای خراپەکاریشیان تێدایە ! خوای گەورە چەند پەریەکی بۆ پێغەمبەرەکەی ( سلیمان ) ڕام کردبوو کە لەبەر دەستیدا کاریان دەکرد وە ئەوە یەکێك بوو لەو بەخشەگەورانەی کە خوای گەورە بەسولەیمانی بەخشیبوو .

بەڵام هەندێك پەری گومانیان وابوو ( وایان دەزانی ) کەشتی نادیار و غەیب دەزانن وە ئاگادارن لەوەی کەبەیانی ڕوودەدات خوای گەورەش فەرموویەتی

﴿ قل لايعلم من في السموات و الارض الغيــب الا الله ﴾ نمـل : 65 بلـىّ كەسـانىّ كەلەئاسمانـەكان و زەويـدان بێجگـە لـەخوا ئاگايـان لەغـەيب نىيـە ، خواى گەورەش وويستى كە ئەوە پيشانى پەرى بدات كە ئەوان غـەيب و شـتى ناديار نازانن ، ئەوەبوو خوا پێغەمبەرەكەى ( سليمان ) ى مراند وەوەسـتابوو كـەوتبوو بەسـەر دار دەسـتەكەيدا وەخـۆى دابـوو بەسـەريدا وە پەريـەكانيش هەموو ڕۆژێك دەڕۆشـتن بەبەردەميـدا وەهـەموويان ئيشى خۆيـان جـىّ بـەجىّ دەكـرد وە ئـەوەى كـە فـەرمانيان پێكرابـوو پىّـى ، سـولەيمان مـرد بـەلاّم بەبەردەوامى خۆى دابوو بەسەر داردەستەكەيدا و وەستابوو وە ئەو پەريانەش كـە وايـان دەزانـى غـەيب دەزانـن بىّئاگـابوون لـەمردنى گەورەكـەيان و نـەيان دەزانى كە مردوە ! !

پاشان خواى گەورە جا نەوەرێكى زەوى بـۆ نـارد كـە كرمـى مۆرانـە بـوو ، ئـەو مۆرانەيـە دار و گـەلاّ و تەختـە و كاغـەز دەخـوات و زۆر بـەخێرايى دەى قۆزێتەوە و بەدڕندەيى خۆى سەقف و بنميچى خانوەكان و دەرگاى خانوەكان كـــە لـــەدار و تەختـــە دروســـت كـــراوە دەيخـــوات و لـــەناوى دەبـــات و وێرانى دەكات ! !

خـواى گـەورە ئـەم كرمـەى نـارد كـە داردەسـتەكەى سـولەيمانى خـوارد و لەناوى برد و بەدڕندەيى خۆى بەردەوام لەداردەستەكەى سولەيمانى دەخـوارد هەتاوەكو ئەوەندەى لێخوارد داردەستەكە ئەمەندەى پێوە نەمابوو كـە بتـوانىّ سـولەيمان هـەڵبگرێت بۆيـە سـولەيمان كەوتـە سـەرزەوى ! وە ئالەوێـدا بـۆ پەريەكان ڕوون بوەوە كە كـەس غـەيب و شـتى نادیـار نازانێـت جگـە لـەخواى گەورە نـەبێت ئەگـەر ئـەوان غـەيبيان بزانيايـە بـەمردنى سـولەيمانيان دەزانـى

لەوساتەدا کە گیانی دەرچوو مرد ، وەلەسەر ئەو کارە قورس و ناڕەحەتانەیان کەلەبەردەستیاندا بوو نەدەمانەوە کە سولەیمان مردبوو وەئەوان پێیان نەدەزانی کە مردووە !!

# پرسیار

پ1/ خوا مرۆڤی لەچی دروست کردوە ؟ وەپەری لەچی دروست کردوە ؟

پ2/ چۆن ڕوون بویەوە بۆ پەری کە ئەوان غەیب نازانن ؟

پ3/ ئەو کرمەی کە داردەستەکەی سولەیمانی خوارد ....... بوو

مێشوولە مۆرانە مێش

# ( 12 )

# مێرووله‌كه‌

## مێرووله‌كه‌له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ری خوا سوله‌یماندا ( سه‌لامی خوای لێبێت )

ئه‌مه مێرووله‌یه‌كه كه پێغه‌مبه‌ر سوله‌یمان گوێی له‌وته‌كه‌ی بوو وتێی گه‌یشت وه زه‌رده‌خه‌نه‌یه‌ك گرتی و پێكه‌نی و سوپاسی خوای كرد له‌سه‌ر ئه‌و به‌خششه گه‌وره‌یه‌ی كه پێی به‌خشیوه چونكه سوله‌یمان رۆژێك داوای ئه‌و به‌خششه‌ی كردبوو له‌خوای گه‌وره ﴿ قال رب اغفر لي وهب لي ملكاً لا ينبغي لاحد من بعدي انك انت الوهاب ﴾ ص : 35 ووتی : ئه‌ی په‌روه‌ردگارم بم به‌خشه و موڵك و حكومه‌تێكم پێبده كه دوای من بۆكه‌س شیاو نه‌بێت به‌راستی تۆ زۆر به‌خشه‌ری ، خوای گه‌وره‌ش پاڕانه‌وه‌كه‌ی سوله‌یمانی وه‌رگرت و بای بۆ ڕام كرد كه به‌ویست و فرمانی ئه‌و ده‌ڕۆی به‌سه‌ر زه‌ویدا كه ئه‌و ئاره‌زووی لێده‌بوو وه‌بایه‌كه له‌گه‌ڵ خۆیدا باران و خۆشی هه‌ڵده‌گرت ! وه خوای گه‌وره په‌ری بۆ ڕام كردبوو كه‌له‌به‌رده‌ستیدا كاریان ده‌كرد بۆی ، له‌هیچ كارێكیدا سه‌رپێچیان نه‌ده‌كرد ، له‌ناو ئه‌و په‌ریانه‌دا هه‌یان بوو سه‌رباز بوو له‌سوپاكه‌ی سوله‌یماندا وه‌هه‌یان بوو وه‌ستابوو قه‌ڵاو قه‌سر و دیواریان دروست ده‌كرد و بنیاتیان ده‌نا وه‌هه‌یان بوو ده‌ریاوان بوو له‌ده‌ریادا ئیشی ده‌كرد ، هه‌روه‌كو خوای كاربه‌جێ له‌زه‌ویدا سه‌رچاوه‌ی پێبه‌خشیبوو كه مسی تواوه‌ی لێده‌رده‌هێنا له‌ومسه زرێ و قاپ و قاچاخی دروست ده‌كرد ، خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێ : ﴿ ولسليمان الريح غدوها شهر و رواحها شهر وأسلنا له عين القطر ومن الجن من يعمل بين

يديه بأذن ربه ﴾ سبا : 12 وه بۆ سولەيمان بامان ڕام كرد بەيانيان ڕێگای مانگێكی دەبڕی و ئێوارانیش مانگە ڕێ يەك دەڕۆی وەكانێكی مسی تواوەمان بۆ جاری كرد ( بۆمان ڕام كرد و پێمان بەخشی ) و دەستەيەك لەجنۆكە بەفەرمانی پەروەردگاری كاريان بۆ دەكرد . وەلەو بەخششە زۆرانەی كە خوا بەسولەيمانی بەخشی بوو ئەوەبوو كەسولەيمان زمانی باڵندەی دەزانی وەدەی زانی باسی چی دەكەن ( بەچی قسە دەكەن ) ودەنگيانی دەبيست ، هەريەك لەباڵندە و سەرجەم ئاژەڵانیتر و گيانلەبەرانیتر زمانی خۆيان هەيە كە بەو زمانە لەيەكتر دەگەن وەهەريەك لەوانە ئوممەتێكن كەياسا و پەيوەندی و ڕێگای و ژيانی خۆيان هەيە ، خوای گەورە فەرموويەتی : ﴿ وما من دابة في الارض ولا طائر يطير بجناحيه الا امم امثالكم ﴾ انعام : 3 وەهيچ جولندە و جفكۆكێك لەزەويدا نیيە و هيچ باڵندەيەك نیيە كە بەدوو باڵ بفڕێ مەگەر جگە لەوە كە ئەوانيش ئوممەت گەلێكن وەك ئێوە .

ڕۆژێك پێغەمبەری خوا ( سولەيمان ) لەپێش سوپاكەيەوە كەلەپەری و باڵندە و مرۆڤ پێكهاتبوو دەڕۆيشت ، نزيك بوونەوە لەدۆڵێك كە شوێنی حەوانەی مێروولەی لێبوو ( مێروولەی تێدا نيشتە جێبوو ) وەلەوێدا كونی بچووك بچووك بڵاو بوبووەوە كە مێرولەكردبووی بەشوێنی نيشتەجێبوون و حەوانەی خۆی ، ئەوەبوو مێروولەيەكی بچووك سوپا مەزنەكەی سولەيمانی بينی كە بەرو پێش دێ بۆ دۆڵەكە لەترسا هاواری كرد ( ئاگاداری كردنەوە بەترسەوە ) ﴿ يا ايها النمل ادخلوا مساكنكم ﴾ ئەی مێرووولەكان بڕۆنە ناو هێلانەكانی خۆتان ، مەملەكەت و كۆمەڵگای مێروولە وەك و مەملەكەتی هەنگ وەهايە ياسا و نيزامی ڕێك و پێك و ڕێكخستنی ووردی تێدايە

کاروبارەکـان تێیـدا جـۆر بـەجۆرە ، هـەموو مێروولەیـەك ئیشی خـۆی دەکـات بەگوێ ڕایەڵی و نیزامێکی سەر سوڕهێنەر ! !

ئەوەبوو مێروولەکە مێروولەکانی چوار دەوری خـۆی کـۆکردەوە ، ئـەوانیش لێیان پرسی : چیتە ؟ ووتـی : ئایـا ئـەو ئەسـپ و پیـاو وسـوار و عەرەبانانـە نابینن ! ئـەوە سـولەیمان و سـوپاکەیەتی بڕۆنـە کونـەکانتان بـا نـەتان شـێلن بەپێیان و نەتان کوژن چونکە پێتـان نـازانن ! ! ئـەوەبوو مێروولـەکان بەپەلـە چـوونە نـاو هێلانەکانیانـەوە ، سـولەیمان گـوێی لەقـسەی مێروولەکـە بـوو سەری سوڕما و دڵی بۆ کردەوە یەکێك لەشتە سەر سـوڕهێنەرەکانی بینـی ... مێروولەیەك ئەو زیرەکیەی هەیە ، ئەو دەرك پێکردنـە کـە مەترسـی سـوپاکەی سولەیمانی بینی هاتۆتە پێشەوە قەومەکەی ئاگادار کـرد . سـولەیمان هەسـتی کرد بەگـەورەیی ئـەو بەخشـشەی کـە خـوای مـەزن پـێی بەخـشیبوو کـە ئـەو بەتەنهایـە توانیویـەتی قـسەکەی مێروولەکـە و ئاگادارکردنـەوەی مێرولەکـە بـۆ شیوەکە ( شیوی مێروولەکان ) ببیستێ ! خـوا سـولەیمانی هەڵبـژاردوە وەکـو چۆن باوکی ( داود ) لەپێش خۆیدا هەڵبـژارد ، وە فـەزڵی ئـەوانی داوە بەسـەر زۆر لەبڕوادارانـدا ، خـوای کـار بـەجێ فەرموویـەتی : ﴿ **ولقــد اتينــا داود وسليمان علمــاً وقــالا الحمــد لله الــذي فــضلنا علــى كــثير مــن عباده المؤمنين** ﴾ النمل : 15.

وەبەحەقیقەت زانستمان بەسولەیمان و داود دا ووتیـان : هەرچـی سـوپاس و ستایشە بۆ ئەو خوایەی کە بەئیحسانی خۆی فەزیڵـەتی ئێمـەی داوە بەسـەر گەلێك لەبەندە خاوەن ئیمانەکانیدا ، خـوای گـەورە چیاکان و باڵنـدەکانی ڕام

کرد تەسبیحاتی خوایان دەکرد لەگەڵ داود دا کە ئەو ( زبور ) * ی دەخوێند بەرێك و پێکی گەردوون لەدەوروبەری وەلامی دەدایەوە لەبەرجوانی و خۆشی دەنگی و ترسانی لەگفتوگۆ و ستایشی لەگەڵ پەروەردگاریدا ، خوای گەورە با و پەری ڕام کردبو بۆ سولەیمان و زمانی باڵندەی فێرکردبوو وەخوا داوای هیچیان لێناکات لەپاداشتی ئەو بەخششە گەورەیەدا تەنها سوپاس کردنی خوا نەبێت کە ئەم نیعمەتانەی بەسولەیمان بەخشیوە ﴿ اعملوا ال داود شکراً وقلیل من عبادي الشکور ﴾ سبا : 13

ئەی خانەدانی داود شوکرانە بکەن وەکەمێ لەبەندەکانم شوکرانە بژێرن ، دوای ئەوەی کە سولەیمان گوێی لەقسەی مێروولەکە بوو زەردەخەنەیەکی گرت ، وەلەو ڕووداوە دڵی ڕاچڵەکی وەدڵی ترسا لەخوا کە ئەو نیعمەتەی پێ بەخشیوە :

نیعمەتی ناسینی شتی لە عادە بەدەر کە ئەو دەبینێ و دەبیستێ لەوەی کە لەجیهانی شاراوەدا لەدروستکراوەکانی خوای مەزندا ڕوو دەدات ، سولەیمان هەستی بەو فەزڵە گەورەیە کرد کە خوا پێی دابوو ( پێی بەخشی بوو ) وە دەپاڕایەوە و داوای لەخوا دەکرد کە ڕێنمایی بکات تا سوپاسی ئەو بەخششانە بکات وەکردەوەی باش و چاك بکات .

---

* زەبور ئەو کتێبە ئاسمانیەیە کە خوای کار بەجێ دای بەزاندوە بۆ پێغەمبەرەکەی ( داود ) ، وەیەکێکە لەو چوار کتێبە ئاسمانیەی کە دابەزیون بۆ سەر زەوی ، لەدوای تەورات دابەزیوە کە تەورات بۆ موسا دابەزیوە و ئینجیل بۆ عیسا و قورئان بۆ محمد ( سەلامی خوایان لێبێت ) .

## پەند و ئامۆژگاری

( 1 ) لەم چیرۆکەدا دوونیشانە ( معجزە ) هەیە :

ا – سولەیمان گوێی لەقسەی مێروولەکە بوو کە ئاگاداری گەلەکەی دەکردەوە ، وە سولەیمان لەقسەکەی تێگەیشت !.

ب– ئەو مێروولەیە زانی ئەو سوپایەی کەنزیك بوەتەوە لەشێوەکە سوپاکەی سولەیمانە ! .

( 2 ) هەموو ئاژەڵان بەگشتی ، ئەوی بەسەر زەویدا دەڕوات و ئەوی بەئاسماندا دەفڕێت هەموویان ئوممەتن و زمانی خۆیان هەیە کە قسەی پێدەکەن وە ژیانیان هەیە و پەیوەندیشیان هەیە ئەمەش ئاماژە دەکات ( بەڵگەیە )بۆ دەسەڵاتی خوا ی بێهاوتا و کار بەجێی ئەو لەیاسا دانان و ڕێك و پێککردنی ئەم بوونەوەرە فراوانە گەورەیەدا ، خوای گەورە ڕزق دەدات بەهەموو دروستکراوەکانی ، کەسی بیر ناچێت لێیان هەتا ماسی لەدەریاشدا یان جانەوەرێك لەژێر بەردێکا !! .

( 3 ) مێروولەکە ووتی : ﴿ یا ایها النمل ادخلوا مساكنكم ﴾ ئەی مێروولەکان بڕۆنە ناو هێلانەکانتان ، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگای مێروولە بەیاسا و گوێ ڕایەڵی کار و باریان بەڕێوە دەبەن ، وە ئەو مێروولەیە باشترین نموونەیە لەسەر ئەوە ، ئەو مێروولەیە هەڵدەستا بەچاودێری کردن لەکاتێکدا کە سولەیمان و سوپاکەی بینی .

( 4 ) پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە خوا نیعمەتی پێ بەخشیوە سوپاسی خوا بکات چونکە سوپاس و ستایش کردنی خوای گەورە نیعمەت

زیاد دەکات و بەرەکەتی تێدەخات خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ واذ تـــاذن ربكم لان شكرتم لازيدنم ﴾ ابراهيم : 7 کاتێ کە پـەروەردگارتان ڕای گەیانـد کە ئەگەر ئێوە شوکرانە بژێرین نیعمەتی خۆی بۆ ئێوە زیاد دەکات .

## پرسیار

پ 1/ گرنگترین ئەو بەخششانە بڵێ کە خوا بەسولەیمانی بەخشیبوو ؟ .

پ2/ لـە نێـوان ئـەم دروسـتکراوانەی خـوای گـەورەدا کـەناویان هـاتووە کامانەیان سوپای سولەیمانی لێ پێك دەهات ؟

هەنگ　　　　　پەری　　　　　باڵندە

مێرووله　　　　　مرۆڤ

پ3/ ئایا مێروولەکە زیرەك بوو ؟ چۆن دەزانی کە زیرەك بوو ؟

پ4/ بە هێڵێك نێوانی هەموو پێغەمبەرێك و ئـەو کتێبـەی کـە بـۆی هـاتووە بگەیەنە بەیەك

عیسا　　　　　زەبور

نوح　　　　　قورئان

داود　　　　　ئینجیل

موسا　　　　　تەورات

محمد

ئیبراهیم

پ6/ ئایا لەقورئاندا سورەتێ هەیە ناوی سورەتی ( النمل ) بێت ؟

# ( 13 )

# بــەرانــەکە

# بەرانەکە
# لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسماعیل دا
# ( سەلامی خوایان لێبێت )

خوای گەورە پاڕانەوەکەی پێغەمبەرەکەی ( ابراهیم ) ی وەرگرت لەکاتێکدا کە ﴿ رب هب لي من الصالحين ﴾ ئیبراهیم پاڕایەوە و وتی :

ئەی پەروەردگارم منداڵێکم لەچاکان پێبدە ، ئەوەبوو خوای کار بەجێ اسماعیل ی پێ بەخشی لەخێزانەکەی ( هاجر ) کە اسماعیل یەکەم منداڵ بو مژدەی پێدرا لەلایەن پەروەردگاروە ، پاشان خوای مەزن ئیسحاق ی پێ بەخشی لەدوای ئیسماعیل لەخێزانەکەی تری ( سارة ) ، ئیسماعیل گەورەبوو باسکی بەهێزبوو کاری دەکرد لەگەڵ باوکیدا و لەگەشتیشدا هاوڕێیەتی دەکرد و لەگەڵی دەڕۆیشت بۆ گەشت و سەفەر ، ڕۆژێك ئیبراهیم لەخەویدا* بینی کە خوای گەورە فەرمانی پێدەکات کە کوڕەکەی سەر ببڕێت ، ئیبراهیم لەخەوەکەی بەخەبەر هاتەوە و هەستا هیچ پەشیمان و عاجز نەبوو لەو خەوەی کەفەرمانی پێکرابوو بەسەر بڕینی ئیسماعیلی کوڕی تەنها هەست کردن نەبێت بەڕازی بوون بەقەزای خوای مەزن و جێ بەجێکردنی فەرمانی خوا .

---

* خەوی پێغەمبەران وەحیە ، وە لەلایەنی خواوە فەرمانیان پێدەکرێ ..

چونکە ئیبراهیم دەیزانی کە ئەمە بەلاو تاقی کردنەوەیەکە و خوا ئەمی پێتاقی دەکاتەوە ، وەپێویستە لەسەری کە گوێ ڕایەڵی پەورەردگاری بێت و فەرمانەکەی جێبەجێبکات ، ئیبراهیم داوای لەپەروەردگاری نەکرد و لێی نەپرسی : ئەی خوایە بۆچی کوڕەکەم سەربڕم ؟ وەداواشی لەپەروەردگاری نەکرد کە مۆڵەتی بدات و فرسەتی بدات تاوەکو بیری لێبکاتەوە ؟ وە کە تەسلیمی فەرمانەکە و گوێ ڕاپەڵی فەرمانەکە بوو ناڕەحەت نەبوو پێی و وەبەناڕەحەتیەوە فەرمانەکەی وەرنەگرت و بەناڕەحەتیەوە گوێ ڕایەڵی نەکرد هەرچەندە و لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو فەرمانە ناڕەحەتە و قورسە لەسەر دڵی باوك کە کوڕی خۆی سەر ببڕێت بەلام ئیبراهیم ڕازی بوو بەقەزا و فەرمانی خوا بەو پەڕی دڵنیایی و ملکەچیەوە بۆ خوای پەورەدگار . ئیبراهیم بەنهێنی ئەو ڕوودا و دەنگ و باسە گەورەیەی بە کوڕەکەی ڕاگەیاند لەمتمانەی باوەڕداردا ﴿ **قال یا بني اني ارى في المنام اني اذبحك فانظر ماذ ترى** ﴾ ئیبراهیم ووتی : کوڕم بەڕاستی لەخەودا دیتم کە سەرت دەبڕم ، جا بڕوانە بزانم بیر و ڕات لەم بابەتەوە چیە ؟ ، ئیبراهیم دەیویست کە ئیسماعیلی کوڕی فرمانی خوای گەورە بەگوێ ڕایەڵیەوە وەربگرێ و قبوڵی بکات وە دەیویست کە کوڕەکەی توڕە نەبێت و ڕانەکات و خۆی لێ گێل نەکات تاوەکو بگات بەپاداشتی گوێ ڕاپەڵی و ترس و ملکەچ بوون بۆ خوا وەتاوەکو شیرینی و تام و چێژی تەسلیم بوون و گوێ ڕایەڵی بۆ فەرمانی پەورەردگار بچێژێت ! ! ئەی ئایا وەلامی کوڕە لەسەر خۆکەی چی بوو ؟ ﴿ **قال یا ابت افعل ما تؤمر** ﴾ ئیسماعیل ووتی : بابە هەرچیت پێ سپێراوە بیکە ، وە لەوەشەوە لەهیوا و ئومێدی باوەڕدار بەپەروەردگاری زیاددەکات ﴿ **ستجدني ان شاء الله من الـــصابرین** ﴾ ئەگەر

خوا بیەویٚ ئەم بینی بە خۆگری و لەخۆگران ئەبم بەرانبەر بەم فەرمانی خودا ، ئینجا ئیبراهیم بەنهێنی ڕوودا وو بەسەرهاتەکەی بۆ هاجر باسکرد : ئەوە فەرمانی پەرورەدگارە ئەی دایکی ئیسماعیل پێویستە لەسەرمان کە سەر پێچی فەرمانی پەروەردگار نەکەین ئینجا ( هاجر ) ڕازی بوو بەفەرمانی خوا وەبە گویٚ ڕایەڵی و ڕازی بوون و دڵنیاییەوە ڕازی بوو وەتەسلیم بوو بۆ فەرمانەکە ، ئەوەبوو ئیبراهیم چەقۆکەی تیژ کردوو کوڕەکەی ( اسماعیل ) پێش خۆیدا بۆ جێگایەکی دوور تا سەری ببڕێت ! ئیسماعیل خۆی تەخت خست لەسەر زەوی ، ئیبراهیم بەدەستێکیەوە چەقۆکەی گرت و بەدەستەکەیتری سەری ئیسماعیلی گرت ! ! ئەوەبوو لەوساتەدا نیگای خوایی هات بۆ ئیبراهیم ﴿ **وناديناه ان يا ابراهيم قد صدقت الرؤيا انا كذلك نجزي المحسنين** ﴾ بانگمان کرد ووتمان : ئەی ئیبراهیم بەڕاستی خەوەکەی خۆت بەڕاست گێڕا وەبەو شێوە پاداشتی چاکە کاران و پیاوچاکان دەدەینەوە ، بەڕاستی ئەی ئیبراهیم گویٚ ڕایەڵ بوویت بۆ فەرمانی پەروەردگار وە کوڕەکەشت لەدوای خۆت بەو شێوەیەی خۆت گویٚ ڕایەڵ بوو بۆ فەرمانی خوای مەزن وە دایکە ئارام گرەکەشی بەهەمان شێوە گویٚ ڕایەڵی فەرمانی پەروەردگار بوو بەگویٚ ڕایەڵی و ڕازی بوون و ئارامی و لەسەر خۆیی و دڵنیاییەوە ﴿ **ان هذا لهو البلاء المبين** ﴾ بەڕاستی ئەمە ئەزمونێکی دیاربوو ، ئەوە ناڕەحەتی و تاقی کردنەوە و ئەزمونێکی ڕاست بوو وەدیاربوو ﴿ **وفديناه بذبح عظيم** ﴾ ئەومان بە پەزێکی ( بەرانێك ) ی گەورە کڕیەوە ، ئەوەبوو خوای پەوەردگار بەرانێکی گەورەی نارد تاوەکو ئیبراهیم سەری ببڕێت لەبری ئیسماعیلی کوڕی ! ئابەو شێوەیە باوکێکی تەوبەکار

وەخێزانێکی ئارامگر وە کوڕێکی لەسەر خۆ بەدەستی هێنا ( واتە باوك گەیشتەوە بەئامانجی خۆی وە خێزانە ئارام گرەکەی و کورە لەسەر خۆکەشی ) لەپاداشتی ئەو ڕازی بوونەیان بەفەرمانی خوا .

## پرسیار

پ1/ ئیبراهیم دوو خێزانی هەبوو کێ بوون ؟

پ2/ ئیبراهیم بەکوڕەکەی ووت : ﴿ یابني اني ارى في المنام اني اذبحك فانظر ماذا ترى ﴾ ئایا وەڵامی ئیسماعیلی کوڕی چی بوو ؟

پ3/ خوای گەورە چی خستە بری ئیسماعیل تاوەکو ئیبراهیم سەری ببڕێت و ئیسماعیل سەر نەبڕێت ؟

پ4/ ئەم چیرۆکە هاتووە لەسوورەتی :

الانعام الانفال الصافات فاطر

# ( 14 )

# ووشترەكە

## وشترەکە ی خوا
## لەگەڵ پێغەمبەری خوا صالح دا
## ( سەلامی خوای لێبێ )

خوای گەورە ئەم ووشترەی نارد وەکو نیشانەیەك بۆ گەلی سەمود* کە گەلی پێغەمبەر صالح بوون ، ئەم گەلە لە شوێنێکدا دەژیان و نیشتەجێ بوبون ناوی ( حجر ) بوو لەنێوان حیجاز و وڵاتی شام دا ، خوای گەورە بەخششی زۆری بەسەردا ڕژاندبوون و پڕی بەخشی بوون ، زەویەکەیان بەپیت بوو خاوەنی چاوگی ئاوو کشتوکاڵ و دارخورمابوو ، وەلەدەشتی ( حجر ) یشدا کۆشکیان دروست دەکرد وەلەچیاکانیشیدا خانوویان دەتاشی و دروستیان دەکرد وەبەخۆش گوزەرانی و دڵخۆشی دەژیان .

بەڵام گەلی سەمود بێباوەڕبوون وەخودای تریان دەپەرست جگە لەخوای گەورە ، خوای گەورەش پیاوێکی بۆناردن لەخۆیان کە ناوی ( صالح ) بوو ، بانگی دەکردن بۆ پەرستنی خوای گەورە و وازهێنان لەو بێباوەڕی و گومڕاییە دوور لەڕێنماییەی باو باپیرانیان لەسەری بوون بەڵام ئەوان صالح یان بەدرۆ دەخستەوە و ئەزیەتیان دەدا ، وەبەسەر سوڕمانەوە لێیان دەپرسی : ﴿ اتنهانا ان نعبد مايعبد اباؤنا ﴾ هود : 62 ، ئایا ئێمە لەپەرستنی ئەوەی کە باوباپیرانمان دەیان پەرست نەهی دەکەی و دەمان گێڕیتەوە ، ئینجا داوای نیشانەیەکیان لە صالح کرد لەسەر ڕاستێتی قسەکانی کە ئەو پێغەمبەرە

---

* بەناوی باپیرە گەورەیانەوە وا ناو نراون کە ناوی ( سەمود ) بووە .

لەلایەنی خواوە نێرراوە خوای گەورەش ئەم ووشترەی بۆ ناردن ( جندع کابرایەك بوو داوای لە صالح کرد لەبەردێکەوە وشترێك بێتە دەرێ ) ،نیشانەیەکی ڕوون کە بەڵگەیە لەسەر دەسەڵاتی خوا ، خوای گەورەش لەوەسفی ئەو وشترەدا دەفەرموێت ﴿ واتينا ثمود الناقة مبصرة ﴾**اسراء :** 59

ئێمە بەخێڵی سەمود وشتر ( معجزه ) یەك مان پێدان کە ڕوون کەرەوەبوو ، واتە ئەو وشترە دەلالەت دەکات لەگەورەی خوا و لەسەر ڕاستێتی پێغەمبەرایەتی صالح ، وە ئەو ووشترە لەوشتری تر نەدەچوو لەشێوە و ڕووخسار و خواردن و خواردنەوەیدا وەلەهەموو کارو بارێکیدا وەخوای گەورە نیگای نارد بۆ پێغەمبەرەکەی ( صالح ) کەبەگەلەکەی ڕابگەیەنێت ئەم ووشترە سێ مافی هەیە بەسەریانەوە :

( 1) نابێ ئازاری بدەن و لێی بدەن ﴿ **ولا تمسوها بسوء فيأخذكم عذاب اليم** ﴾ اعراف : 73 . وە ئازاری پێمەگەیەنن ئەگینا تووشی عەزابێکی دەرد ناك دەبن .

( 2 ) وازی لێ بهێنن با بەئارەزووی خۆی چی ئارەزوو دەکات بیخوات وەلە ڕێگاکەیدا ڕوو بەڕووی مەبنەوە کە چوو بۆ کێڵگە یان کە لە کشتوکاڵی خوارد ﴿ **فذروها تأكل في ارض الله** ﴾ اعراف : 73 . جا لێی بگەڕێن تا لەزەوی خوادا بلەوەڕێ .

( 3 ) ئاوی گوندەکە بەش کراوە لەنێوان ئەوان و وشترەکەدا ، ڕۆژێك ووشترەکە ئاو دەخواتەوە لێی وەڕۆژێکیش ئەوان ئاوی لێ دەخۆنەوە وەکشتوکاڵ و ئاژەڵەکانیشیان ئاو دەدەن : ﴿ **ونبئهم ان الماء قسمة بينهم**

**كل شرب محتضر** ﴾ قمر : 28 وه بەوان بلێ كە ئـاوى دێ لەنێوانیانـدا بـەش كراوه ڕۆژێك ئاو بۆ وشترەكە و ڕۆژێكیش بۆ ئەوان ، وەهەریەك لەنۆبەى خۆیدا ئامادەبێـت ، ئـەوەبوو ڕۆژگـار تێپـەڕى كـرد وەوشـترەكەى خـوا لەڕۆژێكـدا دەچووە سەر ئاوەكـە كـەس ئـازارى نـەدەدا وەكـە ڕۆژى دووەم دەهـات گـەلى سەمود مەبەستى خۆیان لەئاوەكـە جـێ بـەجێ دەكـرد لێـیـان دەخـواردەوە و كشتوكاڵ و ئاژەڵەكانیشیان لێئاو دەدا و ئاویشیان لەگەڵ خۆیانـدا دەبـردەوە بۆ ماڵەكانیان .

ڕۆژێك لەنادیەكەیان ( كە شـوێنى كۆبوونـەوەى ئـەوان بـوو ) كۆبوونـەوە و باسـى وشـترەكەیان دەكـرد ، یـەكێكیان ووتـى : ئـەم ووشـترە ئێمـە ئەزیـەت دەدات و بێزارمان دەكات پێویستە خۆمان ڕزگـار بكـەین لێـى ، یـەكێكىتریان ووتـى : ئـەى باشـە چـۆن ڕزگارمـان بێـت لێـى ؟ یـەكێكیان كـە خراپترینـى گەلەكـەیان بـوو ڕاسـت بـوەوە و ووتـى : وازى لێ بێـنن خـۆم دەیكـوژم ! ، ئەوەبوو ئەو گەلە ڕێكەوتن لەسـەر كوشـتنى ووشـترەكە ، پیاوێكیـان دانیـشت لەسەر ڕێگەى ووشـترەكە هـەتا ووشـترەكە لەوكاتـەدا بەڕێگاكـەدا تێپـەڕى بـۆ ڕۆیشتن بۆ بیرەكە ، شمشێرەكەى هەڵگرت و چوراپێیەكانى ووشترەكەى بـڕى پاشان كوشتى ! !

خـوا نیگـاى نـارد بـۆ صـالح كـە سـزاى خوایـان پێـدەگات پـاش سـێ ڕۆژ ﴿ **فعقروها فقال تمتعـوا في داركـم ثلاثـة ايـام ذلـك وعـد غـير مكذوب** ﴾ هود : 65 جا ئەوان چوارپەلى وشترەكەیان بڕیوە پاشان سـەریان بـڕى و كوشـتیان جـا صـالحیش بـەوانى ووت : مۆڵـەتتان تـەواو بـوو سـێ ڕۆژ لـەماڵى خۆتانـدا بمێننـەوە و سـوود ببـەن دواى ئـەوەى سـزاى خـوا دێ ئەمـە

بەڵێنی خوایە و درۆ نیيە ، ئەوەبوو سێڕۆژ تێپەڕی فەرمانی خوا هات خوا بومە لەرزەی بەهێزی نارد بۆ سەر گەلی سەمود کە دەنگێکی ئەمەندە بەهێزی هەبوو گوێیەکانی کەڕدەکرد زەوی دەلەراندەوە خوای مەزن ئەم سزایەی ناون ( الطاغية ) ( لەسنوور دەرچوو ) واتە دەنگەکەی ئەوەندە بەهێزبوو لەسنوور دەرچوو بو ﴿ **فاما ثمود فاهلكوا بالطاغية** ﴾ حاقه : 5

ئینجا گەلی سەمود بەبەلایەکی گەورە لەناو بران ، صالح و ئەوانەی لەگەڵیدا باوەڕیان هێنا بوو ڕۆژێك ڕۆشتن بینیان لەوکاتەدا کە گەلی سەمود کەوتوون لەماڵەکانیاندا و بێئاگابوون و خوا لەناوی بردوون بەو کفرەی کە کردیان کە ئەوان صالح یان بەدرۆ دەخستەوە و ئازاریان دەدا و سووکایەتیان پێدەکرد و گاڵتەیان پێدەکرد وەوشترەکەیان سەر بڕی وە بەصالح یان دەووت : ﴿ **ائتنا بعذاب الله ان كنت من الصادقين** ﴾ عنكبوت : 29 ئەگەر ڕاست بێژی ئازار و عەزابی خوامان بۆ بێنە . گوێیان لەئامۆژگاری و ئاگادار کردنەوەکانی صالح نەدەگرت هەتاوەکو سزای خوا هات بەسەریاندا و ئەو دەنگ و بومەلەرزە گەورەیە گرتنیەوە لەماڵەکانیاندا کەوتن و مردن ! ! صالح سەیری گەلەکەی دەکرد کە لەناو چوون فەرمووی : ﴿ **ياقوم لقد ابلغتكم رسالة ربي ونصحت لكم ولكن لا تحبون الناصحين** ﴾ ئەی گەلی من بەڕاستی من پەیامی پەروەردگارم بەئێوە ڕاگەیاند و بەخێر خوازی ئامۆژگاریم کردن بەلام چ بکەم ئێوە خێر خوازتان خۆش ناوێ .

# پـــرســـيـــار

پ 1/ گەلی سەمود لەکوێ نیشتەجێ بوبون ؟

پ2/ ووشترەکە سێمافی هەبوو ، ئەو مافانە چی بوون ؟

پ3/ دوای ئـــەوەی کـــە گـــەلی ســـەمود ووشـــترەکەیان ســـەر بـــڕی چەند ڕۆژ ژیان ؟

پ4/ دوو نـــاوی ئـــەو دەنـــگ و هـــاوارە گەورەیـــە بڵـــێ کـــە گەلی سەمودی لەناوبرد ؟

# ( 15 )

# فيـــل

# فیل لەگەڵ سوپای ئەبرەهەدا

حەبەشیەکان یەمەنیان داگیر کرد پێش ئیسلام ، وە پاشای حەبەشە یەکێك لەسەر کردەکانی بەناوی ( اریــاط ) کرد بەپاشا لەوێ ، پاشان سەرکردەیەکی حەبەشی تر کە ناوی ئەبرەهە بوو بوو بەناکۆکی لەگەڵ اریاط لەسەر دەسەلاَت وە ئەم ناکۆکیە لەنێوانیاندا سەری کێشا بۆ شەڕ ! وەکاتێك کە سوپای هەردوکیان بەیەك گەیشتن ئەبرهە ناردی بۆلای اریاط پێی ووت : وەرە با من و تۆ خۆمان شەڕ بکەین ( تۆ دەربکەوە بۆ من و منیش دەردەکەوم بۆ تۆ ) هەرکامێکمان ئەوی تری کوشت ئەوە دەبێت بەپاشا و یەمەن دەکەوێتە ژێر دەسەلاَتی ، اریاط وەلاَمی دایەوە و ووتی : ڕاستت ووت : قسەکەت حەقە ، وە ڕازی بوو پێی ، ئەوە بوو اریاط لەنێو سوپاکەیدا هاتە دەرێ و بەرەو ڕووی ئەبرەهە چوو زرگێکی بەدەستەوەبوو وە ئەبرەهەش هاتە دەرەوە و گەنجێك لەپشتیەوە هەبوو ، ئەبرەهەی دەپاراست و بەرگری لێدەکرد ، ئینجا هەردوکیان دەستیان کرد بەشەڕ اریاط هێرشی بردە سەر ئەبرەهە و حەربەیەکی دا لەدەم و چاوی وە برۆی و لووتی و لێوی کرد بە دوو بەشەوە بۆیە پاش ئەوە ناوبرا بە ( ئەبرەهەی شەڕاوی و دەموچاو لەت کراو) ! پاشان گەنجەکەی کەلەگەڵ ئەبرەهەدا بوو هەڵی کوتایە سەر اریــاط و کوشتی ، ئەوەبوو ئەبرەهە بوو بەپادشای یەمەن ، پادشای حەبەشە کەناوی

نەجاشی بوو * کاتێك بیستی سەرکردەکەی ( ارياط ) کوژراوە سوێندی خوارد کە بچێتە خاکی یەمەن و ناوچاوی ئەبرهە لەت بکات ! وەکاتێك ئەبرهە ئەم هەواڵەی بیست کە نەجاشی بڕیاری لەسەرداوە ، ئەبرەهە سەری تاشی وەتورەکەیەکی پێستی هێنا و پڕی کرد لەگڵی یەمەن پاشان لەگەڵ قژیدا ناردی بۆ نەجاشی و ئەم نامەیەی بۆ نووسی : ( ئەی پادشا ارياط یەکێك بوو لەبەندەکانت وە منیش بەندەی تۆم ناکۆکی کەوتە نێوانمان لەفەرمانێکی تۆدا وە هەموو گوێ ڕایەڵیەك بۆ تۆیە بەڵام من لەو ئازاتر و زیرەك تر بووم وەشارەزایی زیاتر و باشترم هەیە لەبەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتتدا وە ئێستا سەرم تاشیوە کاتێك سوێندەکەی تۆم بیستووە و وەتورەکەیەك لەخۆڵی یەمەنم بۆ ناردویت بۆ ئەوەی بیخەیتە ژێر قاچتەوە هەتا سوێندەکەت جێبەجێ بکەیت دەربارەی من )

ئەوەبوو نەجاشی سەری سوڕما لەزیرەکی ئەبرەهە و لێی خۆش بوو ، ئینجا ئەبرەهە لەشاری ( **صنعاء** ) کەنیسەیەکی دروست کرد ناوی نا ( قلیس ) وە عەرەبی یەمەنی ناچار کرد بەوەی کە بەردی بۆ بکێشن و بۆی بهێنن وە زیرەکترین وەستای بیناسازی بۆ هێنا هەموو سەقفەکانی ( بنمیچەکانی ) بەزەخرەفەی ( نەخش و نیگاری ) جوان و دیوارەکانی بەبەردی مەڕمەڕ وەپایەکانی بەئاڵتون داپۆشرابوون ، وە بینای کەنیسەکە زۆر بەرز و قەشەنگ بوو کەلەو ڕۆژەدا خەڵکی لەوێنەی ئەو بینای لەو بەرزتر و جوانتریان نەبینی بوو ! ! ئەبرەهە مەبەستی لەم کارەدا ئەوەبوو کە حەجی عەرەب لەمەککەوە

---

* نەجاشی ناز ناوی پادشای حەبەشە بوو وەك چۆن پادشای ڕۆم ناز ناوی قەیسەر بوو وە پادشای فارس نازناوی کیسرا بوو .

بگوێزێتەوە بۆ ئەو کەنیسەیە چونکە هۆزە عەرەبەکان حەجیان لە مەککە دەکرد لەماڵی ئیبراهیم پێغەمبەردا ( سلاوی خوای لێ بێت ) کە خوا فەرمانی پێکردبوو بەدروست کردنی بۆ ئەوەی ببێت بەشوێنێکی هێمن و ئارام بۆ خەڵکی * ، ئیبراهیم و ئیسماعیل دەستیان کرد بە دروست کردن و بنیاد نان و بەرزکردنەوەی بنچینە و دیوارەکانی هەتا تەواو بوو ، خوای گەورە فەرمانی بە ئیبراهیم کرد کە بانگەواز بکات بەناو خەڵکیدا بەحەج بۆ ئەو ماڵە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ واذن في الناس بالحج ياتوك رجالاً وعلى كل ضامر ياتين من كل فج عميق ﴾ حج : 27 بانگ بدە بەناو خەڵکیدا بۆ حەج دێن بۆ ئەوێ بەپێ و بەسواری هەموو وشترێکی لاواز ، دێن لەهەموو ڕێیەکی دوورەوە ، عەرەب کاتێک ئەم دەنگ و باسەی ئەبرەهەیان بیست زۆر تووڕەبوون چونکە ئەوان لەدڵیاندا مەککە شوێنێکی تایبەتی و گرنگی هەبوو ، هەموو ساڵێك دەچوون بۆ حەج بۆ مەککە وەقوربانیان بۆ دەکرد وە بازاڕیان تیادا دادەمەزراند وە شاعیرە عەرەبەکان هۆنراوەکانیان تێدا دەوت ، ئەوەبوو عەرەبیەکی دەشتەکی چوو بۆ قلیس و پیسایی تێداکرد کە ئەبرەهە بەم هەواڵەی زانی بەتوڕەییەوە ووتی : کێ ئەم کارەی کردووە ؟ ووتیان پیاوێکی عەرەب ، ئەبرەهە ووتی : بۆچی ئەمەی کردووە ؟ ووتیان عەرەبەکان توڕەبوون کاتێ کە زانیویانە تۆ حەجیان لە کەعبەوە دەگۆڕیت بۆ قولەیس ، ئەبرەهە زۆر توڕەبوو لەوەی کە تووشی کەنیسەکەی بووە ، سوپایەکی

---

* واتە : ئاسایش و پارێزراوبوو لەستەم و ترس و هێمن بوو هەتا ئەگەر پیاوێك لەمەککە بگەیشتایە بە بکوژی باوکی بەخراپی دەستی بۆ نەدەبرد .

گەورەی ئامادە کرد* ، بەهاوەڵی کۆمەڵێ فیلی زۆر کەلەپێشیانەوە فیلێکی گەورەی بەناوبانگ دەڕۆشت لەبەر ئەم هۆیە سوپاکەی ئەبرەهە ناوبرا بە ( اصحاب الفیل ) خاوەن فیلەکان ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ **الم تر کیف فعل ربك باصحاب الفیل** ﴾ فیل : 1 ئایا نەت دی کە پەروەردگاری تۆ چی کرد بەخاوەن فیلەکان ، عەرەب کاتێ بیستیان بەوەی کە ئەبرەهە سوپایەکی زۆری هێناوە بۆ ڕووخاندنی کەعبە پیاوێك لەخەڵکی یەمەن هات کەناوی ( ذو نفر ) بوو بەسوپایەکی بچووکەوە بەلاّم ئەبرەهە سوپاکەی شکاند و ( ذونفر ) ی دەست بەسەر کرد و وویستی بیکوژێت بەلاّم ( ذونفر ) بەئەبرەهەی ووت : ئەی پادشا مەم کوژە بەڵکو مانەوەی من لەگەڵ تۆدا بەسوود تر بێت لەکوشتنم ، ئەوەبوو ئەبرەهە نەی کوشت و بەندی کرد ، پاشان ( نفیل ی کوڕی حەبیب ) لەگەڵ هەندێ لەهۆزەکانی عەرەب بەرەنگاری ئەبرەهە بوونەوە بەلاّم ئەبرەهە سەرکەوت بەسەریاندا و ( نەفیلی ) دیل کرد ، ئینجا ئەبرەهە بەخۆی و سوپاکەیەوە بەرەو مەککە بەڕێکەوتن هەتا تێپەڕی بە طائف دا لەوێ سەرکردەکانی طائف هاتن و پێیان ووت : ئەی پادشا تۆ مەکەت دەوێت ( واتە دەتەوێ بچیت بۆ مەککە بۆ ڕووخاندنی ) ئێمە یەکێکت لەگەڵدا دەنێرین کە ڕێگەت نیشان بدات ، ئەوەبوو ( اباروغال ) یان لەگەڵدا نارد تا ڕێگەی نیشان بدات بەلاّم پێش ئەوەی بگەنە مەککە ( ابا روغال ) مرد ، عەرەبەکان گۆڕەکەیان ڕەجم دەکرد ، پاشان ئەبرەهە و سوپاکەی دابەزین و لەنزیك مەککەدا لایاندا وە ئەبرەهە یەکێك لەسەرکردەکانی نارد بۆ مەککە هەتا

---

* ژمارەی سەربازەکانی ئەو سوپایە هەندێ لەزانایان دەفەرموون 600 هەزار سەرباز بوون .

گەیشتە مەککە ئینجا ڕانە وشترێکی قورەیشی هێنا کە دووسەد ووشتری ( عەبدول موتەڵیبی )باپیری پێغەمبەری ρ تێدابوو ، کە ئەو لەو ڕۆژەدا سەردار و گەورەی قورەیش بوو ، پاشان ئەبرەهە نێراوێکی ( کەسێکی ) نارد بۆ مەککە و پێی ووت : پرسیار بکە کە کێ گەورەی ئەم شارەیە و سەرداریەتی پاشان بەو سەردارەی ئەم شارە بڵێ پاشا پێت دەڵێ من نەهاتووم بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئێوە بەڵکو تەنها بۆ ڕووخاندنی کەعبە هاتووم ئەگەر جەنگمان لەگەڵدا نەکەن هیچ پێویستم بە خوێنی ئێوە نیە ( واتە ئێوە ناکوژم ) ، ئەوەبوو نێراوەکەی ئەبرەهە چووە مەککەوە ئینجا پرسیاری کرد دەربارەی گەورەی قورەیش پێی وترا ( عبدالمطلب ی کوڕی هاشم ) گەورەی قورەیشە ، پاشان نێراوەکەی ئەبرەهە چوو بۆلای و گەیشت بەعەبدول موتەڵیب وەقسەکانی ئەبرەهەی پێ ڕاگەیاند ، عەبدول موتەڵیب ووتی : بەخوا ئێمە نامانەوێ شەڕی لەگەڵدا بکەین و ئەو هێزەمان نیە کە بەرانبەری ئەو بوەستین و جەنگی لەگەڵ بکەین وە کەعبە ماڵی خوایە و ماڵی خۆشەویستەکەیەتی ( ابراهیم )* ، ئەگەر بەرگری لێبکات ئەوە ماڵی خۆیەتی وە ئەگەر ماڵەکەیشی چۆڵ بکات بۆ ئەبرەهە بەخوا من دەستەڵاتی پاراستنی کەعبەم نیە ، پاشان نێراوەکەی ئەبرەهە ووتی : وەرە لەگەڵمدا پادشا دەیەوێت کە تۆ ببینێت ، ئەوەبوو عەبدول موتەڵیب چوو بۆلای پادشا و کاتێ ئەبرەهە عەبدول مەتەڵیبی بینی بەگەورەی زانی و ڕێزی لێگرت وەلە شوێنی دانیشتنەکەی دابەزی و لەگەڵ عەبدول موتەڵیبدا لەسەر یەك بەڕەدانیشتن ! !

* خوای کاربەجێ فەرموویەتی : ﴿ واتخذ الله ابراهيم خليلاً ﴾ نساء : 125 . وە خوا ئیبراهیمی بەدۆستی خۆی وەرگرتووە .

ئەبرەهە لە عەبدول موتەڵیبی پرسی : چیت ئەوێت ( پێویستیت چیە ) ؟ عەبدول موتەڵیب ووتی :پێویستیم ئەوەیە کە وشترەکانم بدەیتەوە ، ئەبرەهە سەری سوڕما چۆن داوای ئەوەی لێدەکات کە ووشترەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە وە قسەی لەگەڵدا ناکات دەربارەی کەعبە کە ئەو بۆ ڕووخاندنی هاتووە ! ئەبرەهە ووتی : دەربارەی دووسەد ووشتر قسەم لەگەڵ دەکەیت کە لێت براوە وە باسی کەعبە ناکەیت و وازی لێ دێنیت کە ئاینی خۆت و باوباپیرانتە ؟ عەبدول موتەڵیب ووتی : من تەنها خاوەنی ووشترەکانم وە بەڕاستیش کەعبە خاوەنی خۆی هەیە کە دەیپارێزێت ( دیارە مەبەستی خوایە ) ، ئەبرەهە ووتی : ئەوخوایە ناتوانێت ڕێ لەمن بگرێت وەمن بەتوانام لەسەر ڕووخاندنی کەعبە وەلەم ڕۆش بەدواوە عەرەب بۆ هیچ شوێنێك حەج ناکات تەنها بۆ کەنیسەکەی من نەبێت ، عەبدول موتەڵیب ووتی : ئەوە تۆ و ئەو کارە

ئەبرەهە ووشترەکانی گەڕاندەوە بۆ عەبدول موتەڵیب ئینجا عەبدول موتەڵیب گەڕایەوە بۆ مەککە و بەخەڵکی مەککەی ووت : بڕۆن بۆ چیاکانی دەوروبەری مەککە هەتاوەکو خوای گەورە حوکم دەکات لەکاری ئەبرەهە و سوپاکەی ، پاشان عەبدول موتەڵیب دەستی گرت بەدەرگای کەعبەدا و داوای لەخوا کرد کە سوپای ئەبرەهە تێك بشکێنێت و ماڵە دێرینەکەی خۆی بپارێزێ ، وە ئەم پارچەیەی خوارەوەی داڕشت و ووتی :

( ئەی خوایە خەڵك ماڵی خۆی دەپارێزێت * دەتۆش ماڵی خۆت بپارێزە ، سەلیبی * ئەوان سەرناکەوێت وەئەستەمە هێزی ئەوان جێی هێزی تۆ

* دیارە عەبدول موتەڵیب مەبەستی لەخەڵك خۆیەتی کە خۆی ووشترەکانی خۆی پاراست .

* سەلیب حەبەشیە گاورەکان بوون کەلە ئەهلی کتاب بوون .

بگرێتەوە* وە ئەگەر تـۆش وازیـان لێبهێنیـت و کەعبـە بـڕوخێنن کـە قیبلـەی ئێمەیە ئەوە کارێکە و پێدەچێت کە داناییەکی تێدابێت ئێمە نای زانین ) .

ئـەوەبوو ئەبرەهــە فـەرمانی کـرد بـە سـوپاکەی کـە بـچنە مەککـەوە وە کەعبەکەی بڕوخێنن فیلیان هێنـا بـۆ ئـەوەی لـەپێش سـوپاکەوە بـڕوات بـەڵام کەبـەرەو ڕووی مەککـەیان دەکـردەوە دادەنیـشت و چۆکی دادەدا و دەکـەوت لەسـەر زەوی وە سەرپێـچی دەکـرد کەبـەرەو پـێش بـڕوات و پـێش بکـەوێت هەرچەندە لێیان دەدا بەڵام هەڵ نەدەستایەوە وە ئاسنیان دەکرد بەسەریدا و داردەستیان دەکرد بەسکیدا بەڵام هەر هەڵنەدەستایەوە !

بەڵام کە ڕووی فیلەکانیان دەکردە لای وڵاتی شـام هەڵدەسـتا و بـەڕاکردن دەڕۆیشت وە کەڕوویان دەکردە ڕۆژ هەڵات بەهەمان شێوە بەڕاکردن دەڕۆیشت وە کە ڕوویان دەکردە یەمـەن بـە ڕاکـردن دەڕۆیـشت بـەڵام کـاتێ کـە ڕوویـان دەکردەوە بۆ مەککە دادەنیشتەوە و چۆکی دادەدا و دەکەوتەوە سـەر زەوی . ئالەوکاتەدا کە ئەوان سەرقاڵی بەرەوپێش بردنی فیلەکان بـوون خـوای گـەورە چـەند پۆلێـك باڵنـدەی بـۆ نـاردن کەلەپێیـەکانیان و دەنووکیانـدا بـەردیان هەڵدەگرت دەیان هاویـشت بـۆ سـوپاکەی ئەبرەهـە وە ئـەو بەردانـە بـەر هـیچ کەسێك نەدەکـەوت مەگـەر لـەناوی دەبـرد ، واتـە ( بـەر هەرکەسـێك بکەوتایـە لـەناوی دەبـرد ) پـاش ئـەوەی کـە گۆشـتەکەی لەئێـسکەکانی دەبوویـەوە ، ئـەوەبوو سـوپاکەی ئەبرەهــە لـەبیابانی مەککـەدا کـەوتن کـەوەکو درەختــی ووشکی ڕزیوی تێکـەڵ بـەخۆڵیان لێهات وە ئـەوەی کـە مـابووە لەسـوپاکەی ئەبرەهە ڕایکرد وەلەسەر ڕێگاکەدا یەك لەدوای یەك دەکەوتن ، وە بەردێك لـەو

---

* واتە ناتوانن لەبەرەبەیانێکدا دەست بگرن بەسەر هێزی تۆدا و سەربکەون بەسەر هێزی تۆدا .

بەردانە بەر ئەبرەهە کەووت ، سواری ووشترەکەیان کردوو گەڕاندیانەوەو گەڕانەوە بۆ یەمەن ئەوەبوو گۆشتەکەی ئەبرەهە پارچە پارچە هەڵدەوەری هەتا گەیشتە **صنعاء** لەوێ ئەبرەهە مرد ، وەلەو ساڵەدا ـ ساڵی فیل ــ ساڵی لەدایك بوونی پێغەمبەری بەڕێزمانە محمد ρ .

## پرسیار

پ1/ بۆچی ئەبرەهە کەنیسەی قلیس ی دروست کرد ؟

پ2/ لەچی شارێکدا ئەبرەهە قلیسی دروست کرد ؟

پ3/ ئەو پیاوەی کە هاوڕێ یەتی ئەبرەهەی کرد لە طائف دا تا ڕێگەی نیشان بدات ناوی ........... بوو

ذو نفر    ارياط    ابو رغال

پ4/ بۆچی سوپای ئەبرەهە ناونرا بە ( اصحاب الفيل ) خاوەن فیلەکان ؟

پ6/ گرنگترین ڕووداو چیە لەساڵی فیلدا ؟

# ( 16 )

# مەیمونەکە

# مەیمون
# لەگەڵ هاوەڵانی ڕۆژی شەممەدا

ئایا ڕۆژێك بووە كە مرۆڤ گۆڕابێت و بووبێت بەمەیمون ؟ ئەمە لەكوێ ڕوویداوە ؟

لەقورئانی پیرۆزدا چیرۆك و ڕووداوی گوندێك لەگوندەكانی بەنی ئیسرائیل دەخوێنینەوە كە سنوورەكانی خوایان شكاند و پێشێلیان كرد خواش زەبری سزای دابەسەریاندا !

ئەم گوندە لەسەر دەریابوو واتە درێژ دەبووەوە بۆ قەراغ دەریاكە وە زۆربەی خەڵكی ئەو گوندە ڕاوی ماسیان دەكرد لەدەریاكەدا و ئیشیان ئەوەبوو وە خوای كار بەجێش ڕۆژی شەممەی لەسەریان دانابوو بەڕۆژی پەرستن و عیبادەت كردن وە قەدەغە و حەرامی كردبوو لەسەریان كەلە ڕۆژی شەممەدا ڕاوی ماسی بكەن ، وە خوای گەورە بۆ ئەوەی تاقی یان بكاتەوە ماسیەكان لەڕۆژی شەممەدا زۆربەیان دەهاتنە سەرئاوەكە و دەگەڕان و دەسوڕانەوە بەسەر ئاوەكەوە ، ڕاوكردنیان ئاسان بوو كەس نەی دەتوانی تۆڕەكەی هەڵداتە ناو دەریاكە تاماسی ڕاوبكات ، ماسیەكان لەدەریاكەدا بەهێمنی و ئاسایش دەگەڕان و دەڕۆیشتن بەسەر ئاوەكەوە وە ئەوانیش سەیری ماسیەكانیان دەكرد بەداخ و پەژارەوە ! بەڵام كاتێك ڕۆژی شەممە تێدەپەڕی و دەڕۆیشت دەریاكە هێمن دەبووەوە و وەكو جارانی لێدەهاتەوە وە ئەگەر

ڕاوچیەکان تۆڕەکانیان هەڵبدایە بۆ ناو دەریاکە بەبەتاڵی دەگەڕایەوە کە دەریان دەهێنایەوە ماسی تێدا نەبوو !

ڕۆژگار تێپەڕی هەموو ڕۆژێك گوندەکە* چاودێری دەریاکەیان دەکرد بەڵام ماسیەکان دەرنەدەکەوتن تەنها ڕۆژی شەممە نەبێت وەلەهەموو ڕۆژەکانی تری هەفتەدا ڕاوچیەکان بێماسی و خواردن دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە ، وەلەو گوندەشدا دوو کۆمەڵ هەبوون :

کۆمەڵێکیان باوەڕداربوون وا پەییان برد کە ئەمە بەڵاو تاقی کردنەوەیەکە لەلایەن خواوە وەلەسەر باوەڕدار پێویستە کە قبوڵی بکات و ڕازی بێت پێی و ئارام بگرێت هەتاوەکو خوای گەورە فەرمانێك دێنێتە پێش بۆ ئەوەی لای با و هەڵی بگرێ لەسەر ئەو گوندە لەو گرانیەی کە تووشیان بووە وەلەوەی کە دابەزیوە بەسەریاندا و تووشیان بووە لەپێویستیان بەخواردن !

وە کۆمەڵێکی تریان کە خاوەنی دڵی نەخۆش و باوەڕی لاواز بوون شەیتان ڕۆشتبووە بن کلێشەیان و خەیاڵاتی بۆ دروست دەکردن : لەکوێوە دەخۆن ؟ چۆن خواردن دەدەن بەخاوو خێزان و منداڵەکانتان ؟ هەر دەبێ ڕێگە چارەیەك بدۆزنەوە ! پیاوێك لەو کۆمەڵەیە ووتی : من ڕێگە چارەیەك دەزانم لێیان پرسی چیە ؟ ووتی : خوا ڕاوکردنی ماسی قەدەغە کردووە لێمان لەڕۆژی شەممەدا ووتیان : وایە ! ، ووتی : ڕۆژی یەك شەممە ڕاوی دەکەین ، ئەوەبوو بەسەر سوڕمانەوە سەیریان کرد و پێیان ووت بەڵام ماسیەکان تەنها ڕۆژی شەممە دێنە سەرئاوەکە ، ووتی : شوێنێکی دیاری کراو ( جۆگەلەیەك لێ بدەن ) کە ئاوی دەریاکە و ئەو ماسیانەی کە هەڵی گرتووە لەگەڵ خۆیدا

---

* ئەو گوندە شاری ئەیلە بووە لەبەینی مەدیەن و کێوی طور .

بڕواتە ناوی لەڕۆژی شەممەدا ئەوسا ماسیەکان بەبەند کراوی دەمێننەوە لەو جۆگانەدا کە کاتێك ڕۆژی یەك شەممە هات تۆڕەکانمان هەڵدەدەین بۆ ئەو جۆگانە و ماسی ڕاو دەکەین ! وە ئالەوێدا خەڵکی گوندەکە دابەش بوون بۆ سێتاقمەوە یەکەم : تاقمێکی گومڕاوستەمکار کەدەستیان کرد بەهەڵکەندنی ئەو جۆگانە تا ئاوەکە بچێتە ناوی لەڕۆژی شەممە لەگەڵ ئەو ماسیانەی کەلەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە ، پاشان لەمپەریشیان بۆ دروست کرد بۆ ئەوەی کە ئاوەکە چووە جۆگەکانەوە نەگەڕێتەوە بۆ دەریاکە ، دووەم : وەتاقمێکی تریان بینیان و واپەییان برد کە ئەوە فێڵ و تەڵەکەیە کە ئەوان دەیکەن ، بۆیە لەو تاقمە ستەمکار و لەسنوور دەرچووە جیا بوونەوە بەبێ ئەوەی ڕێگەیان لێبگرن لەوکارە ناپەسەندەی کەدەیکەن ﴿ واذ قالت امة منهم لم تعظون قوماً الله مهلکهم او معذبهم عذاباً شدیداً ﴾ وەکاتێك تاقمێك لەوان بەتاقمێکی تریانی ووت : بۆچی هۆزی تاوانباران پەند ئەدەن کەسەرەنجام خوا لەناو بەریانە یان سزا دەریانە بەسزایەکی سەخت ) .

سێهەم : وەتاقمێکی تریان ڕۆیشتن بانگی تاقمە لەسنوور دەرچووە ستەمکارە کەیان کرد بۆ گوێڕایەڵی و تاعەتی خوای گەورە و ئارام گرتن لەسەر ئەو بەڵاو تاقیکردنەوەیەی کە خوابەسەریدا هێناونی ، وە ئەو کارەی کە پێی هەستاون لەهەڵکەندی ئەو جۆگانەدا و دانانی لەمپەڕو بەند کردنی ماسیەکان ، ئەوە لەکاری شەیتانە کە ئەوان ئەو ماسیانەیان ڕاوو دەکرد کە لەڕۆژی شەممەدا دەچوونە ئەو جۆگانەوە وەڕێگەی گەڕانەوەیان لێدەگرتن بۆ دەریاکە .

بەیانییەکیان خەڵکی گوندەکە ڕۆیشتن ( ڕۆشتن بۆسەر ئیش و کاری خۆیان ) لەوکاتەدا کۆمەڵە لەسنوور دەرچووەکە کە ماسیان ڕاو دەکرد ( ڕاوکردبوو ) خوای کار بەجێ کردبوونی بەمەیمون لەشەقامەکاندا بەڕیسوایی و زەلیلی دەگەڕان ﴿ ولقد علمتم الذين اعتدوا منكم في السبت فقلنا لهم كونوا قردة خاسئين ﴾ البقرة : 65.

( ئەی نەتەوەی ئیسرائیل قەسەم بەزاتی خۆم ئێوە دەزانن بەوکەسانە کەلایان دا لەفەرمانی من لەڕۆژی شەممەدا منیش قارم لێگرتن و پێم ووتن : ببن بەمەیمونی سووکی بێ نرخ ) .

خوای گەورە بەندە باوەڕدارەکانی خۆی ڕزگار کرد کە ئارامیان گرت و سنوورەکانی خوایان پێشێل نە کردوو لەوتاقی کردنەوەیەدا دەرچوون .

# پەند و ئامۆژگاری

( 1 ) موسڵمانی بەهێز لاواز نابێت لەبەردەم شتەگومڕا کەرەکاندا ، بەڵکو ئارام دەگرێ و خۆی بەبەرزدەگرێت لەسەر داواکاری نەفسیدا کە فەرمانی بەخراپە پێدەکات تاوەکو بگات بە جوانترین و باشترین پاداشت لەدنیادا وە چاکترین شوێنی حەوانەوە لەدوا ڕۆژدا .

( 2 ) لەچیرۆکەکەدا ئاگادارکردنەوەیەکی تێدایە لەخەیاڵاتی شەیتان چونکە شەیتان کاری پووچ و بەتاڵ لەلای شوێنکەوتەکانی جوان و پەسەند دەکات و وادەزانن کەڕاستە ، وەکو ئەوەی کە کردی لەگەڵ ئەو تاقمەلە

سنوور دەرچوەدا لەکاتێکدا کە هەڵکەندنی جۆگەکانی لەلا پەسەند کردن وە بەند کردنی ماسی یەکانیشی لەلا پەسەند کردن .

## پرسیار

پ1/ خەڵکی ئەم گوندە ئیشیان چی بوو ؟

پ2/ واتای ئەم ووتەیەی خوا چیە ﴿ كانت حاضرة البحر ﴾ ؟

پ4/ چۆن شەیتان خەیاڵاتی بۆ خەڵکی گوندەکە دروست کرد و ماسی یان ڕاوکرد ؟

پ5/ کێ ڕزگار بوو لە خەڵکی گوندەکە ؟

# ( ١٧ ) خوا نموونە بۆ مرۆڤ دەهێنێتەوە

## مێش

## جاڵجاڵۆکە

## مێشوولە

## سەگ

## کەر

# خوا نموونە بۆ مرۆڤ دەهێنێتەوە

## (1) مێشوولە :

خوای مەزن فەرموویەتی ﴿ ان الله لا يستحي ان يضرب مثلاً مابعوضة فما فوقها فاما الذين امنوا فيعلمون انه الحق من ربهم وأما الذين كفروا فيقولون ماذا أراد الله بهذا مثلا يضل به كثيراً ويهدي به كثيراً وما يضل به الا الفاسقين ﴾ ( بقرة : 26 ) هاوەڵ پەیدا کەرەکان و دوو ڕووەکان ( دەغەڵەکان ) و جوولەکەکان لەسەر دەمی پێغەمبەری خوادا ρ گومانیان هەبوو وە کەوتنە گومانەوە لەڕاستێتی پەیامەکەی پێغەمبەری خوا و لەوەی کە قورئان نیگا بێت لەلای خواوە هاتبێت ، وە ووتیان : چۆن دەبێ قورئان نموونەی وەکو ئەو نموونانەی تێدابێت کە قورئان قسەی خوایە ؟ چۆن خوا نموونەی مێشوولە و مێش دەهێنێتەوە بۆ مرۆڤ ؟ وە چۆن خوای گەورە باسی ئەو دروستکراوە لاوازە بچوکانە دەکات لەقسەکانیدا ؟ ئەوەبوو ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە ڕوونی دەکاتەوە کە خوای کار بەجێ لێزانی و دانایی هەیە لەهێنانەوەی ئەو نموونانەدا ، خوای گەورە ئەو خوایەیە کە ئەو زیندەوەرە بچووکانەی دروست کردوە ، لەبەر ئەوە خوای گەورە شەرم ناکات و وازناهێنێتو ناترسێت لەڕوون کردنەوە و دەربڕیندا ، کە بەنموونە بی هێنێتەوە ، وەخوای مەزن ئەو زیندەوەرانەی بێ هودە و بێ سوود دروست نەکردەوە بەڵکو بۆ دانایی یەك دروستی کردووە کەلەلای زۆربەی خەڵکی شاراوەیە !

هەموو دەزانین کە مێشوولە ، ئەو دروستکراوە بچووکەی کە بێباوەڕەکان و دووڕەکان و جولەکەکان گاڵتەی پێدەکەن ، ئەو دروستکراوە قورسترین و توندوتیژترین و خراپترین نەخۆشی ترسناك دەگوێزێتەوە بۆ مرۆڤ ، مێشوولە خوێنی مرۆڤی پیسبوو بە ڤایرۆسی ئەو نەخۆشیانە دەمژێت و لەکاتێکدا کە ئەدا ( دەرزیەکەی دەچەقێنێت ، پێوەی دەدات ) لەمرۆڤێکی ساغ خوێنە پیسەکە دەگوازێتەوە بۆ لەشی مرۆڤە ساغەکە و تووشی نەخۆشیەکە دەبێت ( مێشوولەکە تووشی دەکات ) !! .

بەڕاستی مێشوولە هێزێکی هەیە کە هەڕەشە لەژیان و تەندروستی مرۆڤ دەکات !

ئایا ئەمە ( مێشوولە ) دروستکراوێکی بچووکە ؟ یان یەکێکە لەموعجیزەکانی دروستکردن ؟ بەڕاستی ئەم مێشوولەیە نهێنی دروستکردنی تێدایە کە رۆحە ، کە نادیارە و کەس نایزانێ تەنها خوا نەبێت ، خوای کار بەجێ فەرموویەتی :

﴿ ويسألونك عن الروح قل الروح من امر ربي وما اتيتم من العلم الا قليلا ﴾ اسراء : 85 .

( وە لەبابەت رۆحەوە لەتۆ دەپرسن : بڵێ رۆح شتێکە پەروەردگارم لێی بەئاگایە ، وە لەزانست مەگەر کەمێك نەبێت بەئێوە نەدراوە ) .

## 2- جاڵجاڵۆکە :

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿ مثل الذين اتخذوامن دون الله أولياء كمثل العنكبوت اتخذت بيتاً وان أوهن البيوت لبيت العنكبوت لوكانوا يعلمون ... ﴾ العنكبوت : 41

واتـای ئـەم ئایەتـە : یـەك هێـز لـەم بوونـەوەرەدا هەیـە کـە ئـەویش هێـزی پـەروەردگارە هەرچـی هێـزی ترهەیـە هـەمووی بێنرخـە و لاوازە وەکـو پـەتی جالْجالۆکە وایە ، هەرکەس پەنا بەرێت بۆ غەیری هێـزی خـودا لەوهێزانـەی تـر نمونـەی وەکـو نموونـەی جالْجالۆکـە وایـە ، خـانووە لاوازەکـەی نـا ییارێزێـت لەدوژمنەکانی ، ئەو پەتە لاواز و بێهێز و تەنکانە بەرگری لیّ ناکەن لەمەترسـی ! ئەو هێزە دەسەلأتدارەی کە دووڕوەکان پێوەی دەنازن و دەچنە ژێر ڕکێفـی و لەژێریدا خۆیان دەژێنن ، ئەو هێزە هیچ سوود و زیانێکیان پێناگەیەنێت .

وە هێزی سەروەت و سامان کە فێڵی لەدەوڵەمەندەکان کردوە کە وا دەزانن هەر سەروەت و سامان کاروبـاری ژیـان هەڵـدە سـوڕێنێت ، هێـزی سـەروەت و سامان هیچ سوودێك بەخاوەنەکەی ناگەیەنێت .

خـوای گـەورە لەسـەر زوبـانی بـێ بـاوەڕان لـەڕۆژی دواییـدا دەفـەرموێت : ﴿ ما اغني عني ماليه هلك عــني ســلطانية ﴾ ( ماڵەکـەم هـیچ قـازانجێکی پێنەدام ، لەدەستم چوو دەست ڕۆیینەکەم ) .

وە ئـەو خەڵکـەی کـە هێـزی زانـست و داهێنـراوە درەوشـاوەکان وەکـو ( فرۆکەکان و کەشتی و فضاء و قومبەلەی ڕوخێنـەر ) هـەڵی خەڵەتانـدوون وە وا دەزانن کە ئەو هێزە سەرچاوەی هەموو هێزێکـە و بیریـان چـووە کەتاکـە هێـز لەم بونەوەرەدا هێزی خوایە کەبەهەر شتێك بڵێ ببە یەکسەر دەبێت !

خوای مـەزن فەرموویـەتی : ﴿ وما امرنا الا واحدة كلمــح بالبــصر ﴾ ( قمر : 50 ) وە فەرمانی ئێمە هەریەك جارە وەك چاوتروکاندنێك .

خوای گەورە ئەم نموونەیەی هێنایـەوە بـۆ مـرۆڤ تـاوەکو بـۆ خـەڵکی ڕوون بکاتەوە کە ئەوکەسانەی لەکاتێکدا کەپەنا دەبەن بۆلای ئەوهێزانە ( ئەو هێـزە

دنیایی یانه ) وە خوایان بیردەچیّ ، نمونەیان وەکو نمونەی جاڵجاڵۆکە وایـە ، جانەوەریّکی لاواز لەخانوویەکی لاوازدا ! !

## ( 3 ) مێش :

خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿ یا ایها الناس ضرب مثل فاستمعوا له ان الذین تدعون من دون الله لن یخلقوا ذباباً ولو اجتمعــوا لــه وان یــسلبهم الذباب شیئاً لایستنقذوه ضعف الطالب والمطلوب ...﴾ حج : 73 .

واتای ئەم ئایەتە : هەموو ئەو خوایانـەی کـە خـەڵکی دەیانپەرستن وەکـو یـەك وایـە و جیـاوازی نیـیە چ بتێـك بێـت لەبـەرد یـان ئەسـتێرەیەك بێـت لەئەستێرەکان یان مرۆڤێك بێت خۆی کردبێت بـەخوا ، هـەموو ئەوانـە نـاتوانن کەمێشێك دروست بکەن ، ئەو دروست کراوە لاوازە بچووکە ! !

ئەو خوایانە کە خەڵکی دەیان پەرستن ناتوانن مێشێك دروست بکەن ئەگـەر کۆببنــەوە و هاوکـاری یـەکتریش بکـەن ، بۆچـی ؟ چـونکە نهێنـی ژیـان کـەس نایزانێت جگە لەخوای کـار بـەجێ ، نهێنـی ژیـان رۆحـە ، کەلـەکار و فـەرمانی خوایە و کەس نهێنی و راستێتی رۆح نازانێت تـەنها خـوا نـەبێت ، وەهەرکـەس بانگەوازی ئەوە دەکات کە ئەو خوایە با بتوانێت کە مێشێك دروست بکات ! !

﴿ وان یسلبهم الذباب شیئاً لا یستنقذوه منه ﴾ ئەگـەر مێـشێك شـتێکیان لیّ بفرێنێـت و لـەوانی جیـا بکاتـەوە نـاتوانن ئەوشـتە لـەو مێـشە بـسێننەوە وەناگەنەوە بەوشتە .

ئایا مێش دەتوانێت شتێکت لیّزەوت بکات ؟

بەڵێ مێش دەتوانێت تەندروستیت و لەش ساغیت لێ زەوت بکات بەڵکو ژیانت لێ زەوت بکات ! چونکە مێش هەڵگری میکرۆبی کۆمەڵێکی زۆر نەخۆشیە کوشندەکانە وەك سیل و گرانەتا ، شێر خۆی ( بەدرندەیی خۆی ) ناتوانێت ئەوانەت ( ئەو شتانەت ) لێ زەوت بکات کە مێش لێت زەوت دەکات !! ﴿ ضعف الطالب والمطلوب ﴾ ( پەرستە و پەرستراو هەردوکیان لاواز و زەبوونن )

کەوابوو هەموو بێدەستەلاتن و بێتوانان لەبەردەم هێزی خوای پەروەردگار دا ، کە هیچ شتێك نیە بێهێزی بکات لەئاسمان و زەویدا .

مرۆڤ لاوازە ، مێشیش لاوازە ، وەهەموو دروستکراوێك لاوازە و بێدەسەلاتە ، وەهیچ هێزێك نیە تەنها بەپشتیوانی خوای گەورە نەبێت !!

## ( 4 ) سەگ :

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ واتل عليهم نبأ الذي اتيناه اياتنا فانسلخ منها فأتبعه الشيطان فكان من الغاوين ولو شئنا لرفعناه بها ولكنه أخلد الى الارض واتبع هواه فمثله كمثل الكلب ان تحمل عليه يلهث أو تتركه يلهث ذلك مثل القوم الذين كذبوا باياتنا فاقصص القصص لعلهم يتفكرون ...﴾ اعراف : 175- 176

ئەمە چیرۆك و باسی پیاوێکە کە خوای گەورە ناوەکەی باس نەکردووە ، خوا زانستێکی فراوانی پێبەخشیوە و لە نیعمەت ( بەخشش ) و رەحمەتەکانی خۆی ڕژاندوە بەسەریدا ، بەڵام ئەو دەرچووە لەئایەتەکانی خودا و خۆی بێبەش کرد لەهەموو ئەو بەخششە ( نیعمەتە ) زۆرانە وە شوێن

ئارەزووی خۆی کەوت و دنیاپەرستی و ڕازاوەیی دونیا هەڵی خەڵەتاند ، بەلاَم پێویست بوو لەسەری کەبەهۆی ئەو زانیاری یەوە پلەو پایەی بەرز بێتەوە لەدنیا و پاشە ڕۆژدا ، بەلاَم شەیتان زاڵبوو بەسەریدا و بوو بەیەکێك لەسەربازەکانی شەیتان و دواکەوتەی شەیتان بوو ( دوای شەیتان دەکەوت) لەهەموو شتێکدا گوێڕایەڵی دەکرد ، نمونەی ئەو وەکو نمونەی ( سەگ ) لەهەموو حاڵێکیدا هەناسە بڕکێ دەکات و زمانی دەردێنێ ، ئەگەر ڕابکات بەشوێن نێچیرەکەیدا زمان دەردەکێشێ ، وە ئەگەر بچێت بۆ شوێنی سێبەر کە شوێنی حەوانەوەیەتی هەر زمان دەردێنێ ! !

وە ئەوە نمونەی بێباوەڕانە کە باوەڕ بەئایەتی خوای گەورە ناکەن و بەدرۆی دەزانن و بەدرۆی دادەنێن و بەدرۆی دەخەنەوە ، تامی خۆش گوزەرانی ناچێژن لەدنیا و پاشە ڕۆژدا .

ئەم پیاوە خۆی داماڵی و خۆی بێبەری کرد لەوزانستەی کە خوا پێی دابوو وە شوێن شەیتان کەوت و شوێنکەوتەی هەواو ئارەزووی خۆی بوو ، لەپلەی مرۆڤایەتیەوە دابەزی بۆ پلەی ژیانی ئاژەڵی و بووبەیەکێك لەوانەی کەسەر لێشێواو هەموو کاتێك ماندوو نارەحەتن وەك سەگ زمانیان دەردەهێنن لەماندوییدا وەلەهەموو کات و حاڵەکانیاندا[**] .

---

[**] ئەم ئایەتە دەربارەی ئومەییە هاتە خوارەوە .

## ( 5 ) گوێ درێژ :

خوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿ مثل الذي حملوا التـــوراة ثم لم يحملوهـــا كمثل الحمار يحمل اسفاراً بئس مثل القوم الذين كذبوا بايـــات الله والله لا يهدي القوم الظالمين ﴾ جمعة : 5

لـــەم ئایەتـــەدا خـــوای گـــەورە جوولەکـــە کـــانی لێـــك چـــواندوە ( تەشبیهی کردووە ) بەگوێ درێژ ، کە خوای گەورە پێغەمبەرەکەی ( موسا ) نارد بۆیان ، فەرمانی پێدان کە ئیمانی پێ بهێنن و کرداربکـەن بـەو شـێوەیەی کـەهاتووە لەتەوراتـدا ( کـە تـەوراتیش ئـەو کتێبـە ئاسمانیەیـە کـە خـوا بـۆ موسای نارد ) بەڵام ئەوان هەڵیان نەگرت وە ئەو فەرمانەی کە پێیان سپێرا وە کو خۆی جێبەجێیان نەکرد ، نمونەی ئەوان وەکو نمونەی گوێ درێژ وایە کە بارێك کتێب لەسەر پـشتی هەڵـدەگرێ بـەبێ ئـەوەی کـەلای تێبگـات لـەوەی کەتێیدایـە و یـان لێیـەوە هـیچ شـتێك فێـر ببێـت ، ئـەوە نمونـەی هـەموو ئـەو کەسانەیە کە خوا زانـستی پێـداون و کـاری پێناکـەن وەبەخـەڵکی ڕاناگەیـەنن ئـەوەی وەهایـە وەکـو گـوێ درێـژ وایـە زانـستەکە هەڵـدەگرێت بـەڵام سـوودی پێناگەیەنێت .

# پرسیار

پ1/ كاميان كوشندەتر و مەترسيدار ترە شێر يـان جانـەوەرە بـچووكەكان كە هەڵگری ميكرۆبن ؟ وە بۆچی ؟

پ2/ گویٚ درێژ و سەگ دوو نمونەن خوا لەقورئانی پیرۆزدا هێناویەتیەوە ، کیٚی لیٚك چواندوە بەسەگ ، وە کیٚی لیٚك چواندوە بە گویٚ درێژ ؟

پ3/ وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :

( 1 ) لەبونــەوەردا تاكــە يــەك هێــز هەيــە كــە هێــزی خوايــە و هــەموو هێزەكانیٚتر جگە لە هێزی خوا لاواز و بیٚدەستەڵاتن وەكو : ... وان :

(ا ) لانەی شێر                    ( ب ) خانووی جاڵجاڵۆكە

( ج ) هێلانەی باڵندەيە

( 2 ) خوا تەحەدای هەموو ئەو خوايانە دەكات كە خەڵك كردويەتی بە خـوا كەدروستی بكەن :

( ا ) هەنگێك                    ( ب ) مێشوولەيەك

( ج ) مێشێك

( 3 ) ئەوانەی كە داوايان لێكرا كە باوەڕ بهێنن بەتەورات و كـاری پیٚبكـەن ، ئينجا ئـەوانيش كردەوەيـان پـیٚ نـەكرد و داواكـەيان ( فرمانەكـەيان ) وەكـو خۆی جیٚبەجیٚ نەكرد :

(ا ) جوولەكەكان بوون                    ( ب ) گاورەكان بوون ( مەسيحی )

( ج ) بیٚباوەڕەكان بوون .

# پێڕستی ئایەتەکان


| | |
|---|---|
| **مانگاکەی بەنی ئیسرائیل** | **بقرة** ( 67 ـ 73 ) |
| **قەلەڕەشەکە لەگەڵ قابیل و هابیلدا** | **مائدة** ( 26ـ 31 ) |
| **سەگەکەی ( اصحاب الکهف )** | **کهف** ( 9 ـ 36 ) |
| **نەهەنگەکەی یونسی قوتتدا** | **صافات** ( 138 ـ 148 ) |
| **مارەکەی حەزرەتی موسا** | **طه** ( 9ـ 24 ، 57 ـ 70 ) |
| **پە پوسلێمانکەی سەربازی سولە یمان** | **النمل** ( 20 ـ 31 ) |
| **پەلەوەرەکانی ئیبراهیم** | **البقرة** ( 260 ) |
| **گوێدرێژەکەی عوزەیر** | **البقرة** ( 259 ) |
| **گورگە بێتاوانەکە لەگەڵ یوسف دا** | **یوسف** ( 11ـ 18 ) |
| **ماسیەکە لەگەڵ موسا و خدردا** | **کهف** ( 60ـ 82 ) |
| **نەوەد و نۆ مەڕەکە** | **ص** ( 21ـ 26 ) |
| **مەڕی هۆزەکە** | **انبیاء** ( 78 ـ 79 ) |
| **مۆرانەکە** | **سبأ** ( 14 ) |
| **مێروولەکەی سولە یمان گوێی لەقسەی بوو** | **النمل** ( 17 ـ 19 ) |
| **بەرانەکە** | **صافات** ( 100 ـ 107 ) |
| **ووشترەکە** | **أعراف** ( 73 ـ 79 ) |
| **فیل لەگەڵ خاوەن فیلەکاندا** | **فیل** ( 1 ـ 5 ) |
| **ئەو کۆمەڵەی خوا کردنی بەمە یمون** | **أعراف** ( 163 ـ 166 ) |


**خوا نموونە بۆ مرۆڤ دەهێنێتەوە* مێشوولە**

*** جاڵجاڵۆکە * سەگ * گوێ درێژ**